سەبارەت بەئەنفال ، توێژینەوە و چاوپێکەوتن

نوسینی: فاتیح سەنگاوی

دیزاین: محەمەد شۆڕشی

چاپی یەکەم: 2019

نرخ:

تیراژ:

مۆڵەتی سپاردن:

چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی

# سەبارەت بەئەنفال

## توێژینەوە و چاوپێکەوتن

فاتیح سەنگاوی



لەبری پێشەکی

ئەم بەرهەمەی بەردەستتان بریتیە لە سێ توێژینەوە و دوو چاوپێکەوتن کە لە کات و بۆنەی جیاوازدا پێشکەش کراون، پێم باش بوو لەکتێبێکی قەبارە بچوکدا کۆی کەمەوە و بیخەمە بەردەستی ئەوانەی گرنگی بە باس

و خواس و نوسین و توێژینەوە دەدەن سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال...

کورتە بابەت و چاوپێکەوتنی تر زۆربوون سەبارەت بە هەمان بابەت، بەڵام لەلایەکەوە قەبارەی کتێبەکەی دوو هێندە لێ دەکرد، لەلایەکیترەوە (سەرەڕای ئەوەی بابەتەکان سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال بوون) بەڵام زۆر هەمەڕەنگ و جۆراوجۆربوون، لەچیرۆك و بەسەرهاتەوە تێیدابوو تا تێڕامان و هەست و سۆز، هەر بۆیە پێم باش نەبوو لێرەدا دایان بنێم، لێگەڕام وەك ئەو دەیان بابەتەیتری بواری ئەنفال هەر لەو شوێنەدا ببێت کە یەکەمجار بڵاوبووەتەوە.

هیوادارم ئەو چەند لاپەڕەیە خزمەتێکی شیاو خوێنەران و کەسانی تایبەتمەند بەم بوارە بکات و هاندەرێك بێت بۆ کار و خزمەتی زیاتر بەم کەیسە و هاندەرێك بێت بۆ توێژینەوە و بەدواداچونی جدی بوارە فرە رەهەندەکانی ئەم کەیسە نەتەوەییە هەستیارە کە خزمەتی زیاتر و کاری زۆر تری دەوێت.

بواری خزمەت بەم کەیسە یەکجار زۆرە، دەکرێت لە گێڕانەوەی دیمەنی چیرۆك و بەسەرهاتێکەوە دەست پێ بکات تا دەگاتە گەیاندنی ئەم کەیسە بەدانپێدانانی نێودەوڵەتی، پاراستنی وێنەیەکی بەجێماوی ئەنفالکراوێك خزمەتە، تا دەگاتە دروستکردنی ئەرشیفێکی گەورەی نیشتیمانی و مۆنۆمێنتێکی

نەتەوەیی دەوڵەمەند و فیلمێکی هونەری ئاستی هۆلیۆد کە هەست و ویژدانی مرۆڤایەتی بوروژێنێت!

بەڵام ئێمە چەندە لە خەمی ئەم دۆزە نەتەوەییە و پرسە نیشتمانییەداین و چیمان بۆ ئەوە کردووە؟ ئەوە باسێکی ترەوە و دەیان پرسیار و سەرسامی و شۆك بوون لەخۆ دەگرێت!!

# نوسین و توێژینەوە زانستییەکان

# سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال

(ماستەر و دکتۆرا وەك نمونە)

- پێشەکی
- باسی یەکەم: بوارەکانی نوسین و توێژینەوەی بواری جینۆسایدی ئەنفال
- باسی دووەم: توێژینەوە ئەکادیمییەکان(ماستەر و دکتۆرا)
- ئەنجام

## پێشەکی

پرۆسەکانی ئەنفال بریتین لە هەشت قۆناغی یەك لەدوای یەکی هەڵمەتی سەربازی رژێمی بەعس بۆ سەر کوردستانی باشوور(کوردستانی عێراق) بە مەبەستی وێرانکردنی ناحیە و گوند و دێیەکانی ، گرتن و کوشتنی هاوڵاتیانی، دەرەنجامیش هەموو ئەوانە بەدی هات و تەواوی گوندەکانی کوردستان وێران و خاپوور کران، دانیشتوانی ئەو ناوچانە یان کوژران یاخود گیران و دواتر بە شێوازێکی دڕندانە کوژران بە رێگەی

جۆراو جۆر  بە بێ جیاكاری لە نێوان مناڵ و ژن و پیر و گەنج و ئافرەت و پیاو، ئەوانەشی دەرفەتیان بۆ رەخسا پێش گرتنیان دەربازیان بوو، كەمێكیش لەوانەی بەرشاڵاوەكە كەوتبون (بە تایبەت هەندێ پیر و پەككە وتە و ئافرەت و منال) بۆ شێواندنی رای گشتی بەردران...

ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەكی نەخشە بۆكێشراوی پێش وەخت بوو، هەر بۆیە رژێم پێش وەختە ناحیەكانی روخاند و سنوری لادێیەكانیشی كردە زەوی قەدەغەكراو، ناوبەناویش لە رێگەی هێزە سەربازییە ئاسمانی و زەمینییەكانیەوە هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەی دەكوشت و شەهید دەكرد.

نوسین و توێژینەوەش لەبارەی ئەم پرۆسانەوە  زۆر بە كەمی و كزی و لەسەرخۆیی ئەنجام درا، بەراورد بە قەبارەو ئاستی ئەو تاوانەك زۆر كەمە، كارە گەورەكانی ئەم بوارە بە ئێستەشەوە لە ئاستی پێویستدا نین بەڵام  هێشتا دەرفەت لە پێشە بۆ كاری گرنگ و گەورەتر بەتایبەت پێش ئەوەی  گیراوەكانی ئەم هەڵمەتە سەربازییانە كۆچی دوایی بكەن و بێبەش بین لە هەست و سۆزە راستەقینەكانیان و چیرۆك و بەسەرهاتە ناخ هەژێن و جەرگبڕەكانیان...

لەم توێژینەوە کورتەدا توێژەر هەوڵی داوە بوارەکانی نوسین و توێژینەوەی ئەم جینۆسایدە[1] بخاتە روو، پۆلێنیان بکات بە پێی بوارەکانی و دواتریش تیشکی تایبەتی بخاتە سەر کارە ئەکادیمییەکان و لە نێو کارە ئەکادیمییەکانیشدا زۆرترین نامەی ماستەر وتێزی دکتۆراکان دەخاتە روو بە کورت و پوختی.

توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە پێشەکییەك و دووباس[2] و ئەنجام، بەم شێوەی خوارەوە:

پێشەکی

باسی یەکەم: بوارەکانی نوسین و توێژینەوە سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال

---

[1] جگە لە توێژینەوە زانستییەکانیش کە دەیسەلمێنن ئەنفال جینۆساید چەندین لایەنی تریش ئەنفالیان وەك جینۆساید ناساندووە لەوانە: دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە 24-6-2007، پەرلەمانی عێراقیش لەساڵی 14ی نیسانی 2008 و جگە لە سەرۆکایەتی کۆمار 10-9-2008.

[2] لەبری (باس) وشەی (پار)یش بەکاردەهێنرێت.

باسی دووەم: توێژینەوە ئەکادیمییەکان(ماستەر و دکتۆرا)

کۆتایی و ئەنجام

توێژەر بانگەشەی ئەوە ناکات تەواوی ئەو کارە ئەکادیمیانەی خستووەتە روو، چونکە هەموو ئەو نوسینانە بەردەست نەبوون، یان دەکرێت توێژەر ئاگای لێیان نەبێت، یاخود بەشێکیان چاپ نەکراون بەڵام تەواوی هەوڵی خۆی خستە روو بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەکرێت زانیارییان لە بارەوە پەیدا بکات و پشتگوێیان نەخات...

ماوەتەوە بڵێین مەبەست لەو نامە و تێزانە تەنها پرۆسەو هەڵمەتەکانی ئەنفالە کە لە شوباتی 1988دەستی پێکردووە و لە ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتایی پێ هاتووە، هەروەك چۆن رژێم ناوی ناوە نەك تەواوی ئەوەی ئێمە ناوی ئەنفالی لێ دەنێین و چەندین پرۆسەی جیاوازیتر لە خۆ دەگرێت کە تەواوترە هەر یەکەیان بەناوی خۆیەوە بناسێنین و هەموشیان لەژێر زاراوەی جینۆسایددا جێگەیان دەبێتەوە.

هیوادارین بەم کورتە توێژینەوەیە خزمەتێکمان ئەنجام دابێت و مەڵۆیەکمان خستبێتە سەر خەرمانی نوسینی ئەو بوارە . د. فاتیح سەنگاوی[3].

[3] ئەم توێژینەوەیە سەرەتا وەك باسێکی زانستی پێشکەش بە دیدارێکی تایبەت بە ئەنفال کراوە کە لەلایەن سەنتەری جینۆسایدو ئەنفالی گەلی کوردی پەیمانگای تەکتیکی تایبەت لە کەلار، کەلار، 14-4-2019.

# باسی یەکەم: بوارەکانی نوسین و توێژینەوە سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال

بێگومان کتێب و توێژینەوەی زۆر لە ئارادان سەبارەت بە جینۆساید وئەنفال چ نوسین بن بە زمانی دایك یان وەرگێڕان بن لە زمانەکانی ترەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەشەوە، سەبارەت بە جینۆسادی ئەنفالیش

زۆرترینی ئەو نوسین و توێژینەوانە بە کوردی نوسراون[4] و بەپلەی دووەمیش زمانی عەرەبی[5] و ئینگلیزی[6] ودواجار زمانەکانی تر[7].

گەرچی ئەو نوسین و توێژینەوانە لە ئاستی خواستراوو پێویستدا نین، بەڵام هەوڵی جوان و جیدیش لەخۆ دەگرن. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی بەرچاوی گۆڤار هەن کە رێکاری مزوری تا ساڵی 2013 ئاماژەی داوە بە (29) گۆڤاری کوردی و (1) دانە بە عەرەبی[8] جگە لە رۆژنامە کە تا ئەو بەروارە (48) رۆژنامە هەبووە[9]، بێگومان بڵاوکراوەی تایبەت و ساڵانەش زۆرن.

---

[4] بۆ زۆرینەی کتێبە کوردییەکان بڕوانە: بیبیلۆگرافیای ئەنفال و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی گەلی کور، ریکارێ مزوری، هەولێر، 2013، ل16-124، وبیبیلۆگرافیای جینۆسایدی کورد، مۆفەق میراودەلی، ب1، چ1، سلێمانی 2013، ل12-248 .

[5] بۆ کتێبە عەرەبیەکان، بڕوانە ریکارێ مزوری،هەمان سەرچاوە، ل125-162. و مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل453-551.

[6] بۆ کنێبە ئینگلیزییەکان بڕوانە رێکارێ مزوری، هەمان سەرچاوە، ل163-198، و مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل561-678.

[7] سەبارەت بەو کتێبانەی نوسراون یان وەرگێڕراون بۆ زمانەکانی فارسی، ئەڵمانی، فەڕەنسی. هۆڵەندی، روسی ، تورکی، بڕوانە: رێکاری مزوری، هەمان سەرچاوە، ل297-302. و مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل553-559.

[8] رێکارێ مزوری، هەمان سەرچاوە، ل205-210.

[9] رێکارێ مزوری، هەمان سەرچاوە، ل211-218.

بێگومان لە نوسین و توێژینەوە و بڵاوکراوەکاندا تێکەڵییەك هەیە لە نێوان ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان و هەمویان وەك ئەنفال ناوزەد کراون بەڵام بەرای نوسەر ئەوانە هەمویان جینۆسایدن بەڵام پرۆسەی ئەنفال نین، چونکە پرۆسەکانی ئەنفال ناوو چەمکێکی تایبەتن کە رژێم لە بەروارێکی تایبەتدا ئەنجامی داون، وەك لە پێشەکییەکەشدا ئاماژەمان پێی کرد.

بەسەرنج دانێکی خێرای ئەو نوسین و توێژینەوانەی سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال نوسراون دەبینین لە چەندین بواری جۆراوجۆردان و پۆلێن دەکرێن بۆ چەند ئاستی جیاواز، هەندێ لەو نوسین و توێژینەوانە خستنەڕووی چۆنێتی رودانی و کات و بەرواری رووداوەکان وهەڵمەتەکان دەخاتەڕوو، هاوکات خستنەڕووی زیانەکانە بەگشتی ئەوەندەی زانیارییان بەردەست کەوتبێت، هەندێك لەو نوسینانە زیاتر جەخت کردنەوەیە لە کاریگەری و زیان و جێکەوتەکانی ئەو هەڵمەتانە جا ئیتر ئابوری بن یان کۆمەڵایەتی یان دەرونی یان سیاسی. هەندێ لەو نوسین و توێژینەوانە سەبارەت بە بواری ئەدەبی و چیرۆك و رۆمان و هونەرە. هەندێکیشی زیاتر چاوپێکەوتن و دیمانەیە لەگەڵ رزگاربووان و کەس وکاری قوربانیانی جینۆسایدەکە و یاخود کاری ئەرشیفی و دیکۆمێنتارییە یان روانگەی جیاوازی ئاینی و فیکرییە، جگە لەرووە یاسایی و نێودەوڵەتییەکەی ... وەکو ئاستی

نوسینەکانیش بەشێکی نوسینی ئاسایی و هەندێکیشی رووپەکی زانستی و ئەکادیمی هەیە و ئەمانەش چەند ئاستێکیان هەیە، کە دەکرێت ئەوەی رابردوو بەم شێوەیە پۆلێن بکەین و بیانخەینەڕوو[10]:

## یەکەم: خستنەڕووی هەڵمەتەکان و چۆنێتی رودانی پرۆسەکانی جینۆسایدی ئەنفال

زۆرینەی ئەو باس و توێژینەوانەی تاوەکو ئێستا ئەنجام دراون بەشێوەیەکی کورت یان درێژ سەبارەت بە ئامادەسازی بۆ پرۆسەکە و هەر هەشت هەڵمەتەکەی ئەنفال و کاریگەری و زیان و جێکەوتەکانی دوواون بەڵام هەندێ لەو نوسینانە زیاتر تایبەتن بەم لایەنەوە، لەوانەیە باشترین کارێك لەم بارەیەوە ئەنجام درابێت و کارێکی زانستی بێت سەرەڕای لەخۆگرتنی چەندین بابەت و لایەنی تریش، کار و بەرهەمەکەی رێکخراوی میدڵ ئێست ووۆچ بێت بەناونیشانی : جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد  کە ساڵی 1993 بڵاویکردووەتەوە و دوای ئەوەی پێشتر ئامادەیان کردووە، جگە  باسکردنی بەعس و کورد و ئامادەسازی بۆ جینۆسایدی ئەنفال  و باسکردنی قۆناغەکانی تا تیمەکانی گولەباران کردن و چەندین بەسەرهاتی

---

[10] بەشێکیان بۆ باسی یەکەم و ئەویتریان بۆ باسی دووەم.

جەرگبڕ، لە پێشەکییەکی گرنگدا باس لە بەڵگە و شایەت و بەڵگەو دیکۆمێنتەکان و بەڵگەی پزیشکی داوەری دەکات و لە کۆتاییشدا دێتە سەر باسی پاش کارەسات و بە کۆمەڵێك پاشکۆی گرنگ کۆتایی بە توێژینەوەکەیان دێنن، ئەم بەرهەمە لەماوەی 18مانگدا وەك راپۆرت کۆکراوەتە و سەرەتا و بناغەی کارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ راپۆرتێکی شوباتی 1990ی میدڵ ئێست ووٚچ کە لە سەرچاوەکانی تاراوگەوە کۆکرابونەوە.

دیارە لەم رووەوە کاری تریش زۆرن لەوانە : نوسینێکی شۆرش حاجی، بەناوی (ئەنفال، کوردو دەوڵەتی عێراق)[11]، هەروەها (پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا)ی عومەر محەمەد[12] و (ئەنفال لە گەرمیانەوە تا بادینان)ی محمد دەشتی[13] نوسینەکانیتر زۆرتر هەمان شت دووبارە دەکەنەوە و زۆرترینیشیان لە دوو سەرچاوەی یەکەمەوە وەرگیراون، توێژەریش لە توێژینەوە و نوسینەکانیدا بۆ لایەنی بەروار و پلانی پرۆسەکان سوودی لەو دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە[14]. سەبارەت بە ئاگاداری ئەمریکا سەبارەت رووداني ئەم

[11] الأنفال الكورد ودولة العراق، شۆرش حاجی رەسول، سليمانية، ط2، 2005.

[12] پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، عومەر محەمەد، سلێمانی، 2013.

[13] ئەنفال لە گەرمیانەوە تا بادینان، محمد دەشتی، منارە، هەولێر، چ2، 2013.

[14] لەوانە: عمليات الآنفال وآثارها على الشباب، عمليات الآنفال في كوردستان العراق في ضوء مقاصد الشريعة والإتفاقيات والمواثيق الدولية.... الخ

پرۆسانە کتێبەکەی (ئەمریکاو ئەنفال)ی سامەنسا پاوەر زانیاری گرنگی تێدایە[15]، بێگومان سەرچاوەی تریش زۆرن[16]...

## دووەم: چاوپێکەوتن و دیدار و گفتوگۆ[17]:

بەرای توێژەر ئەم بوارە بایەخێکی یەکجار گەورەیان هەیە لە ئێستادا و لە داهاتووشدا سودی زۆری لێ دەبینرێت بۆ زۆر بواری ئەم کەیسە، چونکە هیچ کەس وەکو ئەوان ناتوانێت دەربڕی خەم و ئازارەکانیان بێت بە تایبەت کاتێك بە زمان و شێوەزاری خۆیان دەری دەبڕن و لە ناخیانەوە تەعبیری لێ دەکەن و تێکەڵ بە هەست و نەست و یادەورییان دەبێت، لە داهاتووشدا ئەم چاوپێکەوتنانە دەبنە کەرەستەی گرنگی دیکۆمێنت و فیلم و ئەرشیف ، لە پاڵ ئەمەشدا ئەو هەوڵە شەخسیانەش جێی نرخاندنن کە هەستاون بە تۆمارکردنی ناو و شوێنی ئەنفالکرانی ئەنفالکراوان

---

[15] ئەمریکاو ئەنفال، سامەنسا پاوەر، و: بەختیار کەریم، سلێمانی، 2008.

[16] بۆ هەر بوارێك لەم بوارانە کتێبگەلی زۆر هەن و لێرەدا ناتوانین ناویان ببەین، لەم رووەوە دەکرێت پەنا ببرێتە بەر ئەو بیبیلۆگرافیایەی کاك رێکانی مزوری و مۆفەق میراودەلی، هەر بۆیە داوای لێبوردن دەکەین لەو نوسەر و توێژەرانەی کە ناتوانین و دەرفەتمان نییە ئاماژە بدەین بە ناوی بەرهەمەکانیان.

[17] نابێت رۆڵی گرنگی ئەو دیدارە رادیۆی و تەلەفزیۆنیانە نادیدە بگیرێت کە ئەرشیفێکی باشی ئەو بوارەیان پاراستووە، بەڵام لە چوارچێوەی کارەکەی ئێمەدا نییە بۆیە باسیان ناکەین.

گەرچی ئەوە کاری دام و دەزگا حکومییەکانە و درەنگ وەخت پێی هەستان...

لەو بەرهەمە گرنگانەی لەم بارەوە هەن (جگە لە تۆماری ڤیدیۆی تیڤیی و دەنگی ئێزگە و رادیۆکان)، چواربەرگەکەی (شایەتحاڵەکانی ئەنفال)ی کاك عارف قوربانی18 بە پلەی یەکەم و دواتریش چەندین بەرهەمی تر لەم بارەیەوە بە چاپ گەیەنراون، لەوانە: بەشێك لە (حیکایەتەکانی ئەنفالی سێ)ی هاوار مەلا عەباس[19] و (مەرگەساتی ئەنفال)ی زەمان عەبدە[20] و (ئەوانەی بیابان دڵی لە لێدان خستن)ی لەتیف فاتیح[21]، و (ئەنفالی خاڵخاڵان)ی مەلاشاخی[22] و چەندەها بەرهەمی تر...

هەندێ پۆلێن بەندیتر هەیە لەم بارەیەوە گرنگی خۆی هەیە بۆ نمونە کتێبی (تاقانەکانی جینۆساید لە کوردستاندا)ی ئیسماعیل هەنارەیی[23] کە تایبەتە بە تاقانەکانی ئەنفال، (ئەو نامانەی بە فرمێسك

---

[18] شایەتحاڵەکانی ئەنفال، عارف قوربانیة، سلێمانی، چ2، 2014.

[19] بەشێك لە حیکایەتەکانی ئەنفالی سێ، هاوار مەلاعەباس، سلێمانی، 2007.

[20] مەرگەساتی ئەنفال، زەمان عەبدە، هەولێر، 2010.

[21] ئەوانەی بیابان دڵی لە لێدان خستن، لەتیف فاتیح فەرەج، 2012.

[22] ئەنفالی خاڵخاڵان، مەلاشاخی، سلێمانی"، چ2، 2007.

[23] تاقانەکانی جینۆساید لە کوردستان، ئیسماعیل هەنارەیی، هەولێر، 2016.

نوسراون)، لە ئامادەکردنی لەتیف فاتیح فەرەج و ئاکۆ محەمەد شوانی[24] کە کورتە دەرپڕینی مناڵانی دواى ئەنفالە.

# سێیەم: کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەرونیی و ئابورییەکان:

لەم رووەوە کتێب و توێژینەوەی زۆر هەن چ پێکەوە یاخود بە جیا، ئەوەندە هەیە لێرەدا ئەو توێژینەوانەی تێزی دکتۆرا یان نامەی ماستەرن باس ناکەین، چونکە جارێکیتر دێینەوە سەری.

لەو بارەیەوە چەندین توێژینەوە و بەرهەمی چاپکراو دەبینین، لەوانە: (کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان)ی

[24] ئەو نامانەی بە فرمێسك نوسراون، لەتیف فاتیح فەرەج و ئاکۆ محەمەد شوانی.کەرکوك، چ2، 2013.

شێخ سدیق[25]، (ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆژییەکان)ی محەمەد رەئوف[26]، و (کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال)ی بەرهەم عومەر و هێمن باقر[27]، (کارەساتی ئەنفال و کاریگەرییە دەروونییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی)ی مەهاباد قەرەداغی[28]، (قەیران و شوناسی خێزان لە پەراوێزی ئەنفالدا)ی پشتیوان رەحیم[29]، و (شاڵاوی ئەنفال کاریگەرییەکانی لەسەر باری ئابوری و دەرونی و کۆمەڵایەتی)ی عەدالەت عەبدوڵا[30]، کارێکی تاڕادەیەك زانستی و گشتگیریتر بریتی بوو لەو کارەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێی

---

[25] کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان، شێخ سدیق، سەنتەری برایەتی، ژ:24، هەولێر، 2002.

[26] ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆژییەکان، محەمەد رەئوف عەزیز، سلێمانی، 2005.

[27] کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، بەرهەم عمر، هێمن باقر، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد،هەولێر، 2008.

[28]کارەساتی ئەنفال و کاریگەرییە دەرونییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، مەهاباد قەرەداغی، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد،هەولێر، 2008.

[29] قەیران و شوناسی خێزان لە پەراوێزی ئەنفالدای پشتیوان رەحیم، سلێمانی، 2011.

[30]شاڵاوی ئەنفال کاریگەرییەکانی لەسەر باری ئابوری و دەرونی و کۆمەڵایەتی، عەدالەت عەبدوڵا، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد،هەولێر، 2008.

هەستا لە 2007 واتە پاش19ساڵ لەو جینۆسایدە!! بەناوی (تاوانەکانی کۆمەڵکوژی دژ بە خەڵکی کوردستان و ئاکامەکانی) [31]، (ئەنفال و کۆمکوژی و کاریگەرییێن دەروونی)ی رێکاری مزویری[32]، و (پێوانی هەستی خۆ بەکەمزانی لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال)، مەریوان عەبدولمەجید[33] و چەندین کاری جۆراوجۆریتر.

## چوارەم: رەهەندی سیاسی و یاسایی

لەم روانگەیەوە توێژینەوەی زۆر ئەنجام دراوە بەتایبەت لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا، لەوانە: (رەگەزپەرستی

---

[31] تاوانەکانی کۆمەڵکوژی دژ بە خەڵکی کوردستان و ئاکامەکانی، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد،هەولێر، 2008.

[32] ئەنفال و کۆمکوژی و کاریگەرییێن دەروونیی، رێکاری مزویری، هەولێر، 2011.

[33] پێوانی هەستی خۆ بەکەمزانی لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال، مەریوان عەبدولمەجید، کەرکوك، 2011.

لە پیادەکردندا یان شاڵاوەکانی کوشتاری ئەنفال لە کوردستانی عێراق)ی کازم حەبیب[34]، (پۆلێنکردنی تاوانەکانی بەگوێرەی جۆرەکانی جینۆساید)ی مارف عومەر گوڵ جگە لە ماستەرەکەی کە دواتر باسی دەکەین[35]، و ( بۆ بەنێونەتەوەیی کردنی کارەساتی ئەنفال)ی نوری تاڵەبانی[36]، (عمليات الآنفال في كوردستان العراق في ضوء مقاصد الشريعة والإتفاقيات والمواثيق الدولية)ی توێژەر[37]، (دادگایی ئەنفال)ی زوهێر کازم عەبود[38]، (ئەنفال و دادگا)ی سالار مەحمود[39] و (جینۆسایدی کورد لەڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە)ی ئاوارە حوسێن[40]، لەگەڵ چەندین توێژینەوە و کتێب و بڵاوکراوەی سەربەخۆی تر بەتایبەت لە کۆنفرانسی

---

[34] رەگەزپەرستی لە پیادەکردندا یان شاڵاوەکانی کوشتاری ئەنفال لە کوردستانی عێراق. کازم حبیب، سەنتەری برایەتی، ژ:24، هەولێر، 2002.

[35] پۆلێنکردنی تاوانەکانی بەگوێرەی جۆرەکانی جینۆساید، مارف عومەر گوڵ، سەنتەری برایەتی، ژ:24، هەولێر، 2002.

[36] بۆ بەنێونەتەوەیی کردنی کارەساتی ئەنفال، نوری تاڵەبانی، سەنتەری برایەتی، ژ:24، هەولێر، 2002.

[37] عمليات الآنفال في كوردستان العراق في ضوء مقاصد الشريعة والإتفاقيات والمواثيق الدولية، فاتح سەنكاوى، كركوك، 2010.

[38] دادگایی ئەنفال، زوهێر کازم عەبود، و. محمەد گۆمەیی، سلێمانی. 2010.

[39] ئەنفال و دادگا. سالار مەحمودسلێمانی، 2007.

[40] جینۆسایدی کورد لەڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، ئاوارە حوسێن، سلێمانی، 2017.

زانستی- ئەکادیمی ئەنفالی سەنتەری برایەتی و کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد و هتد.

## پێنجەم: لایەنی جوگرافی

ئەم لایەنەی توێژینەوە و نوسین زیاتر لەنێو باسەکانیتری ئەنفالدا ئاماژەی پێکراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەی سەربەخۆیشی لەسەرە، جگە لە توێژینەوەکەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، چەندین توێژینەوەی تریش هەیە کە باس لە جوگرافیای شاڵاوەکان یان ناوچەیەکی دیاریکراو دەکات و بایەخی تایبەتیان هەیە و هەندێ جار وردکراوەتەوە بۆ گوندێکی دیاریکراو کە بەلای توێژەرەوە ئەم جۆرەیان بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە گەر ئەمە بگشتێنرێت... لەو توێژینەوانە:

(خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد)ی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان[41]، (لێجیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستان)دا، خەلیل ئیسماعیل

[41] خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد، پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد(4)، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، نادر رۆستی و هاوکارانی، هەولێر، 2008.

محەمەد[42]، (ئەنفالی بادینان)ی عەلی بەندی[43]، (قۆناغی سێی ئەنفال)ی محەمەد رەشید[44]، (ئەنفالی چوار و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال)ی هێمن کامیل[45]، (ئەنفالی بناری گل)ی بەختیار محەمەد ئەمین و موزەفەر صالح قادر[46]، (ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا)ی سەعید ئیسماعیل[47]، چەندین کاری هاوشێوە.

## شەشەم: ئەرشیف و دیکۆمێنتاری

بەشێك لەو نوسراوانە لەپاڵ باسکردنی ئەنفالدا جەختیان لەسەر خستنەڕووی دیکۆمێنتەکان کردووەتەوە، یان کاریان کردووە بۆ ئەرشیفکردنی بابەتە پەیوەندی دارەکانی ئەو پرۆسەیە و دەرەنجامەکانی، زۆرێك لەو کتێبانە بەشێکی ئەم بابەتەیان

[42] لێجیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستاندا، خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەنتەری برایەتی، ژ:24، هەولێر، 2002.

[43] ئەنفالا بادینانێ، عەلی بەندی، دهۆك.

[44] قۆناغی سێی ئەنفال، محەمەد رەشید، کەرکوك، 2013.

[45] ئەنفالی چوار و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال، کەرکوك، 2011.

[46] ئەنفالی بناری گل، بەختیار محەمەد ئەمین و موزەفەر صالح قادر، کەرکوك، 2011.

[47] ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا، سەعید ئیسماعیل، سلیمانی. 2018.

خستووەتەڕوو، بەڵام هەندێکیان زیاتر لەوانیتر بایەخیان بە بەڵگەنامەکان داوە لەو کتێبانە: (لە زمانی بەڵگەنامەکان)ی عەدالەت عومەر[48]، (ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال)ی عەبدوڵا کەریم مەحمود[49]، (جینۆسایدی گەلی کورد)ی تەها سلێمان[50]، و (قرار محكمة الأنفال)، بهزاد علي آدم[51]، وهەروەها کارێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەناوی: (خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد)[52] وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا و چەندین کتێبی تر کە لەو بارەیەوە هەیە...

## حەوتەم: ئەنفال و ئیسلام

بەو پێیەی ناوی ئەنفال لە سورەتێکی قورئانییەوە وەرگیراوە و رژێم ئەو ناوەی تەوزیف کرد بۆ مەرام و پلانەکانی خۆی و لە هەمان کاتدا پیرۆزی دانێك بە

---

[48] لە زمانی بەڵگەکانەمەوە، عەدالەت عومەر،دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، 2015

[49] ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، عەبدوڵا کەریم مەحمود، سلێمانی، 2009.

[50] جینۆسایدی گەلی کورد، تەها سلێمان، وەزارەتی رۆشنبیری، 2014.

[51] قرار محكمة الأنفال، بهزاد علي آدم، دهوك، 2014.

[52]خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد، پرۆژەی ئەرشیفکردنیجینۆسایدی گەلی کورد(4)، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، نادر رۆستی و هاوکارانی، هەولێر، 2008.

جەنگەکەی بەپێی هەندێ لە خوێندنەوەکان، لەولاشەوە وێناکردنی گەلێکی مسوڵمانی وەکو کورد وەك کافرێك کە دەستکەوتەکانی جەنگ لەگەڵ کردنی بەحەڵاڵ وەسف بکرێت بەو پێیەی لە دین دەرچوون، ئەگەر ئەمەشی راستەوخۆ نەوتبێت بەڵام ئەو خوێندنەوەیەی بۆ دەکرێت.

گەرچی رژێمی بەعس خۆی رژێمێکی عەلمانی سۆشیالیستی و رەگەز پەرست و شۆڤێنی بوو، تەنها عەرەب بوون دەیبەست بە ئیسلامەوە، بەڵام لە هەموو دەرفەتێکدا و بۆ مەبەستی خۆی رەمز و زارەوە ئیسلامییەکانی دەقۆستەوە بەتایبەت بۆ جەنگ و کوشتار!! کەچی روکارە ئاوەدان کارییەکانی وەکو نەخۆشخانە و ئاپارتمان و شوێنە مەدەنییەکانی زیاتر بەناوی بەعسەوە دەکرد... لەم روانگەیەشەوە چەندین توێژینەوەی سەربەخۆ یان تێکەڵ بەبابەتی تر پێشکەش کراون، کە راستی و ناڕاستی ئەم بەکارهێنانەیان لە روانگەی ئیسلامەوە خستووەتە روو یان قسەیان کردووە لەگەڵ هەندێ بابەتی پەیوەندی داریتر... لەو توێژینەوانە: (ئەنفال لە روانگەی ئیسلامەوە)ی عەبدوڕەحمان سدیق[53]، و (حەقیقەتی ئەنفال لە ئیسلامدا)ی بەشێك لە مامۆستایانی

---

[53] ئەنفال لە روانگەی ئیسلامەوە، عەبدورەحمان سدیق، سەنتەری برایەتی، ژ:24، هەولێر، 2002.

بەشی خوێندنی ئیسلامی زانکۆی سەلاحەدین[54] و (ئەنفالی سەدام و ئەنفالی قورئان)ی عومەر عەلی[55]، (حكم زوجات المفقودين في كارثة ما يسمى بالأنفال)ی محمد گەزنەیی[56]، دکتۆر گەزنەیی کتێبێکیتریشی هەیە لەم بارەیەوە بەناوی: (کوردقڕانی1988و هۆکارەکانی ناونانی بەئەنفال)[57]، هەروەها توێژینەوەکەی توێژەرو کتێبێکیتریشیدا باس لەو بابەتە کراوە[58].

## هەشتەم: ئەدەب و هونەر

لەم رووەشەوە هەندێ نوسین و توێژینەوەمان هەیە بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە، سەرەڕای ئەوەی ئەم بوارە گرنگی زۆری هەیە و بۆ بەرهەم و کاری هونەری و سینەمایی بایەخی تایبەتی دەبێت، لەو کارانەش: (ئەنفال و رەنگدانەوەی لە نێو شیعری هاوچەرخی

---

[54] حەقیقەتی ئەنفال لە ئیسلامدا، مامۆستایانیبەشی دیراساتی زانکۆی سەلاحەدین، سەنتەری برایەتی، ژ:24، هەولێر، 2002.

[55] ئەنفالی سەدام و ئەنفالی قورئانی عومەر عەلی، بزاڤی نوێ، 2015.

[56] حكم زوجات المفقودين في كارثة ما يسمى بالأنفال، ی محمد گەزنەیی، هەولێر، 1998.

[57] کوردقڕانی1988و هۆکارەکانی ناونانی بەئەنفال، محەمەد گەزنەیی، چاپخانەی هاوسەر، چ2، 2005.

[58]عمليات الآنفال في كوردستان العراق في ضوء مقاصد الشريعة والإتفاقيات والمواثيق الدولية، فاتح سەنگاوی، كركوك، 2010.

کوردیدا)ی پەخشان سابیر[59]، (ئەنفال نامە) کە بەرهەمی کۆمەڵێ شاعیری کەرکوك و گەرمیانە[60]، 18(ئاپرووی هەژدە خونچە)ی موحسین شوانی کە قەسیدەیەکی شیعرییە[61]، جگە لە چەند رۆمانێك لەوانە: (بەهاری رەش و هێلانە) و (گۆڕستانی لم) و (ئەشکەوتی خوێن) و (کچێك لە بەغداوە) و چەندینیتر[62] هەروەها توێژینەوەیەکی واتاسازی توێژەر[63]، ئەمە جگە لە سێ تێزی دکتۆرا و دوو نامەی ماستەر کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین.

جگە لەوانەی باسکرا نوسینی جۆراوجۆرتر هەن سەبارەت بە لایەنی تری بایەخداری ئەم بوارە وەك خوێندنەوەکانی گۆڤاری رەهەند، یان رەهەندی یۆتیوبیایی ئەم پرۆسەیە لە کتێبێکی رێبواری سیوەیلی بە ناوی : (لە رەهەندی مێژووییەوە بۆ رەهەندی

---

[59] ئەنفال و رەنگدانەوەی لە نێو شیعری هاوچەرخی کوردیدای پەخشان سابیر، سەنتەری برایەتی، ژ:24، هەولێر، 2002.

[60] ئەنفال نامە، کۆکردنەوەی عوسمان دەروێش، کەرکوك، 2013.

[61] 18ئاپرووی هەژدە خونچەی، موحسین شوانی،هەولێر، 2007.

[62] بەشێك لەم رۆمانەنە لە تێزێکی دکتۆرادا قسەی لەسەر کراوە، کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین.

[63] لفظة الأنفال بين مفهومها اللغوي القديم والحديث، فاتح سەنكاوى، بحث مقدم لمؤتمر(عملية جينوسايد الكورد في التاريخ) في قسم التاريخ, بين 15–2013/4/17.

یۆتیۆپیای)ی ئەنفال[64]، یاخود کۆمەڵە وتارن لەسەر ئەم بابەتەن وەکو کتێبەکانی لەتیف فاتیح فەرەج و کتێبی (خەمێك بۆ ئەنفال)ی هێمن کامیل و (دواتر دەینێرم)ی توێژەر، یان کۆمەڵە دیدارێکی ئەنجام دراوە وەکو: (ئەنفال لەدیدی ئەوانی ترەوە)ی بارام سوبحی و ئاکۆ شوانی و (ئەنفال لە 10 رەهەندەوە)ی سەباح عەلی جاف و (ئەنفال دوای چارەکە سەدەیەك)ی ئیسماعیل هەنارەیی، سەرەڕای بوونی چەندین نوسین و توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و زمانەکانیتر، لە هەمان کاتدا چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت هەبووە و هەیە تایبەت بەم کەیسە لەوانە: (الأنفال) کە لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوەرە و ئەنفالەوە دەردەکرا، سەرنوسەر مەجیدساڵەح و بەڕێوەبەری نوسین لەتیف فاتیح فەرەج، (ئەنفالستان)، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر عومەر محەمەد قادر، (هەشتاوهەشت) کە لەگەرمیانەوە دەردەکرا، خاوەنی ئیمتیازی مەحمود سەنگاوی و سەرنوسەری سالار مەحمود بوو، (مانەوە) سەرنوسەر: ئاکۆ شوانی و بەڕێوەبەری نوسین: بارام سوبحی، (عەرعەر) کۆمەڵێ نوسەر، (ئەنفالنامە) سەنتەری گەشەپێدانی لاوان و سەرنوسەر: سوارە بلال، (ئەنفالناسی)ی رێکخراوی چەرموو، دەستەی

---

[64] لە رەهەندی مێژووییەوە بۆ رەهەندی یۆتیۆپیایی ئەنفال، رێبوار سیوەیلی، کەرکوك، 2013.

بەڕێوەبردن: بارام سوبحی و بەکر حەمە حسێن و چەندین بڵاوکراوەی سالآنەی تر.

هەموو ئەو کارانەی ئاماژەی پێ درا، ناتوانین یەك جۆر هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، چونکە لەکاری زانستی بەهێزەوە تێیدایە تاکاری سادەو ساکار، هەریەکە لەو کارانە هەڵسەنگاندنی تایبەتی دەوێت، بەڵام بەکۆی گشتی دەتوانین بڵێین: ژمارەی ئەو نوسین و توێژینەوانەی کە ئەکادیمی و زانستی بن کەمن و بەشێکیشیان چەندبارەن و زیاتریش باسکردن وخستنەڕون وەك لەوەی کاری رەخنەیی و پشکنینی وردبن.

## باسی دووەم: توێژینەوە ئەکادیمییەکان(ماستەر و دکتۆرا)

مەبەست لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان ئەو توێژینەوانەن بەشێوەیەکی زانستی و لە ناوەندێکی ئەکادیمیدا ئەنجام دراون، ئەمانەش دەکرێنە سێ بەشەوە:

یەکەم: ئەو توێژینەوانەی لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا پێشەکەش کراون.

دووەم: ناوەندێکی زانستی دەرەوەی زانکۆ پێی هەستاوە، وەکو رێکخراوە نێودەڵەتییەکان، یان گۆڤارێکی زانستی بڵاوی کردووەتەوە یاخود کەسایەتییەکی دیاری خاوەن قورسایی زانستی پێی هەستاوە.

سێیەم: زانکۆیەك پێی هەستاوە، ئەمەش دەکرێت بە سێ بەشەوە: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا، توێژینەوەی دەرچوون[65]، نوسینی توێژینەوە بۆ کۆنفرانسی زانستی زانکۆکان یان سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانکۆکان.

توێژەر لێرەدا بەتایبەتی تیشك دەخاتەسەر ئەو نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرایانەی لە ناوەندێکی زانکۆییدا ئەنجام دراون و نوسەر زانیاری لەسەریان هەیە و پوختەیەکی دەخاتەڕوو.

## توێژینەوە ئەکادیمییەکان(ماستەر و دکتۆرا)

بە پێی زانیارییەکانی توێژەر تاوەکو ئێستا تەواوی ئەو تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەرانەی پێشکەش کراون سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال و پرۆسەکانی 1988،

---

[65] هەندێ لەو کتێبانەی پێشوتر ئاماژەمان بەناوەکانی کردووە، توێژینەوەی دەرچونن...

تەواو دەست نیشان نەکراون و بەشێوەیەکی ورد نەهاتونەتە ئەژمارکردن، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی یەکجار کەمیشن بەراورد بەو ماوە زۆرەی جینۆسایدەکە رویداوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەزگایەکی پسپۆڕ لەخەم و هەوڵی جیدی ئەو بابەت و توێژینەوانەدا نییە و لەلایەکیترەوە بەشێکیان چاپ نەکراون و هەندێکیشیان لە بیبیلۆگرافیاکاندا ئاماژەیان پێ نەدراوە، ئەمە جگە لەوەی توێژینەوەکان لە ژێر ناوی ئەنفال یان جینۆسایدی ئەنفالدا جێگەیان دەکرێتەوە و پۆلێن دەکرێن بە فەیلی و بارزانییەکان و هەڵەبجە و کیمیا بارانیشەوە، بەڵام نوسەر رای وەهایە ئەو دوو پرۆسەیە لەگەڵ ئەوەی جینۆسایدن بەڵام راستترە ناویان نەبرێت بە ئەنفال، بەڵکو پرۆسەیەکیتری جینۆسایدن، بەو پێیەی جینۆسایدی ئەنفال یان شاڵاوەکانی ئەنفال لەژێر جینۆسایددا جێگەی دەبێتەوە و پرۆسەیەکە لە پرۆسەکانیتری جینۆساید و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و ناوی جیاوازیشی لەلایەن رژێمەوە بەسەردا بڕاوە لەبەر ئەو هۆکارانە ئەوەی ئێمە تیشکی دەخەینەسەر (لەرووی نوسین و توێژینەوەوە) جینۆسایدی ئەنفالی 1988 نەك جینۆسایدەکانیتر وەکو پێشتریش ئاماژەی پێ درا...

کاك رێکاری مزوری لە بیبیلۆگرافیایەکەیدا( کە پێشتر ئاماژەمان پێی دا)، ناوی ئەو تێزو نامانەی هێناوە تاوەکو ساڵی2013 نوسراون بەڵام بەو تێکەڵییەی باسمان

کرد، کە بێگومان لە دوای ئەو بەروارە و پێش ئەو بەروارەش توێژینەوەی تریش هەن کە بەردەستی ئەو نەبوون یان نەیبینیون[66]، ئەو لەوێدا ئاماژە بە چوار تێزی دکتۆرا دەکات کە ئەمە ناوەکانیانە:

1. ئەنفال لە رۆمانی کوردیدا. د. ئەحمەد شەریف عەلی. لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، رەخنەیی مێژووییە)، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2010.
2. هۆکارەکانی جینۆسایدی کورد(1963-1988)، ئیبراهیم مەلا زادە. کە ئێمە لە خودی نوسەرەوە ناوێکیترمان وەرگرت جیاوازە لەمە.
3. ئاشتی و پاراستنی ئاسایش، ماریا ساتیچۆ، ئافرەتێکی ئیسپانییە، لێکۆڵینەوەکەی لەسەر جینۆسایدکردنی منداڵانە لەناو هێرشی بەناو ئەنفال، 2012. گەڕام بەدوای ئەم تێزەدا بەڵام هیچ سەرەداوێکی پێویستم لەبارەیەوە دەست نەکەوت.
4. بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردیدا(هێلانە. ئەژدیها)، تانیا ئەسعەد محەمەدساڵح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2011[67].

---

[66] لەم توێژینەوەیەدا هەندێ لەو توێژینەوانە دەخەینەڕوو.
[67] هەمان سەرچاوە، ل201-202.

لە نێو ئەو 16 ماستەرەشدا کە ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکانی تێدایە ئەمانەیان زیاتر تایبەتن بە شاڵاوەکانی ئەنفالەوە:

1. ئەنفال کارەسات، ئەنجام، یوسف دزەیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، 2001.
2. لە دوڕیانی مەرگ و ژیاندا، ئاسۆ حەسەن، دەزگای موکریانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2007.
3. چۆنێتی مۆبیلزەکردنی دین لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، ئیبراهیم مەلازادە، 2010 بەزمانی ئینگلیزی نوسراوە لە وڵاتی بریتانیا.
4. جینۆساید پێشێلکردنی گەورەی مافی مرۆڤ، ژیار تاهیر، هیندستان.
5. تاوانی کۆمەڵکوژی لەمەڕ یاسای نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی، گەلی کورد وەك نمونە، هەڵمەت ئیسماعیل، روسیا، زانکۆی رۆدێن، 2012.
6. بە جینۆساید ناساندن و دەرەنجامەکانی، ئامینە مەحمود.

7. عمليات الأنفال في كردستان العراق, علي نبي صالح دوسكي، مطبعة حاجي هاشم أربيل، جامعة صلاح الدين, 2004.

8. بنية المكان في روايتي الجحيم المقدس وهيلانة، سالارتاوگۆزی, اتحاد أدباء الكرد، مطبعة رۆژهەڵات، أربيل، 2012.

9. المسؤوليه المدنية الدوليه عن جريمة الإباده الجماعية، ڤالا فريد، أربيل، جامعه صلاح الدين، 2004.

10. مسؤولية الدولة الجنائية عن جرائم الحرب في النزاعات النزاعات الداخلية المسلحة، العراق نموذجا, دراسة قانونية تحليلية، آسو كريم، مؤسسة موكرياني، بيروت، 2007.

11. المسؤوليه المدنية الناشئة عن عمليات الأنفال ، فرهاد حاتم حس، دراسة تحليلية مقارنة، كلية القانون, جامعة كوية. 2007[68].

12. الأسرة والتغيير الاجتماعي في كوردستان العراق. عالية فرج مصطفى .

---

[68] هەندێ لەم ماستەرنامانە بەردەست نەبوون بۆیە تویژەر هەندێکیانی نەخستووەتەڕوو، لەبەرامبەردا چەند ماستەرنامەیەکیتری خستووەتەڕوو کە لە هەردوو بیبیلۆگرافییەکەدا ناویان نەهاتووە. هەمان شت بۆ تێزی دکتۆراکانیش راستن.

## یەکەم: تێزی دکتۆرا

خێزان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی عێراقدا، ناوی تێزی دکتۆرای عالیە فەرەج موستەفایە کە پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی بازرگانی و توێژینەوە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی زانکۆی نیلەینی سودانی کردووە لە ساڵی2005دا.

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی بابەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێزانی کوردی دەکات لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، لە شوێنەواری ئەو رووداوە سیاسیانە دەکۆڵێتەوە کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر خێزانی کوردی لەو ماوەی ئاماژە پێکراودا، هەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئەنفالەوە تاوەکو جەنگی کەنداوو گەمارۆی ئابوری و هتد.

نمونەی توێژینەوەکەش لە شاری هەڵەبجە و کۆمەڵگای شۆڕش وەرگیراوە لەگەڵ (120) فۆرمی توێژینەوە بۆ نمونە و عەینەی ئەنقەست لە هەردوو شوێنەکەدا.

---

[69] 1. الأسرة والتغيير الاجتماعي في كوردستان العراق. عالية فرج مصطفى، قسم الاجتماع، كلية التجارة والدراسات الاجتماعية والاقتصادية، جامعة النيلين، 2005.

دوای خستنەڕووی زاراوەکان و ئەدەبیاتی تێزەکە و توێژینەوە پەیوەندیدارەکانی پێشتر، تێزەکە لە سیستەمی نەریتیانەی خێزانی کوردی و ناوکۆی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خێزانی کوردی کۆڵیوەتەوە لەپێش ئەو رووداوانە ، پاشان بەدواداچونی ئەو گۆڕانکارییانەی کردووە کە دوای ئەو ماوەیەو لەو دوو دەیەی کۆتاییدا بەسەر خێزانی کوردیدا هاتووە لە رووی بونیاد و رۆڵ و گرنگییەوە.

توێژەر گەیشتووەتە بەچەندین ئەنجام لەوانە:

خێزانی کوردی بە لەسەر خۆیی لە خێزانی فراوانەوە گۆڕاوە بۆ خێزانی بچووك، لە هەمان کاتدا رۆڵی کارەکتەرەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە نێو خێزاندا بەهۆی لەدەست دانی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە بەتایبەت باوك. هەروەها دەرکەوتنی زیاتری چەندین دام و دەزگای کۆمەڵایەتی وەکو قوتابخانە و سەنتەرەکانی لاوان رۆڵی خێزانی نەریتی کەمتر کردووەتەوە و جگە لە چەندین گۆڕانیتر لە بارودۆخی ئافرەتدا.

1. بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردیدا(هێلانە. ئەژدیها)، تانیا ئەسعەد محەمەد سالح[70].

---

[70] بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردیدا(هێلانە. ئەژدیها)، تانیا ئەسعەد محەمەد سالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2011 .

ئەم تێزی دکتۆرایە لە لایەن تانیا ئەسعەدەوە لەساڵی2006 پێشکەش بەبەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، کەرەستەی کارکردنەکەشی هەردوو رۆمانی(ئەژدیها)ی محەمەد موکری و(هێلانە)ی حسێن عارفە.

رێبازی لێکۆڵینەوەکەش شیکاری وەسفییە، ئامانجی سەرەکی ئەم دکتۆرایە رەخنەی رۆمانە و لەناو رۆمانیشداهەڵسەنگاندن و شیکارییە بۆ شوێن وەك توخمێکی سەرەکی رۆمان، دوو نمونەکەش لم رووەوە بە ئەنقەست هەڵبژێرراوە و بەو پێیەی دوو نمونەی بەناوباگن و بینای شوێنیان کردووە و لەناویاندا شوێنە واقعییەکە کە جینۆسایدی ئەنفال و کیمیا بارانە، تێکدانی ئەو ژینگانەیە.

توێژەر گەیشتووە بە چەندین دەرەنجامی تایبەت بەڵام ئەوەی زیاتر پەیوەندی دارە بەم توێژینەوەیەوە ئەوەیە کە لەو دوو رۆمانەدا هەموو جۆرەکانی شوێن باسکراوە و بەکارهێنراوە، لەوانەش شوێنە واقعییەکە کە شوێنی روودانی پرۆسەکانی ئەنفالە.

## 2. ئەنفال لە رۆمانی کوردیدا، ئەحمەد شەریف عەلی[71].

[71] ئەنفال لە رۆمانی کوردیدا، ئەحمەد شەریف عەلی، هەولێر، 2010.

ئەم تێزی دکتۆرایە پێشکەش بەبەشی کوردی زانکۆی کۆیە کراوە، مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەرجەستەکردنی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەیە ئەنفالکراوەکان لە بەندیخانەکاندا توشی بوون و بەشێوەیەکی هونەری لە نێو دەقی رۆمانی کوردیدا خراونەتەڕوو، کە لێرەدا(8) رۆمان وەکو نمونە وەرگیراوە.

رێبازی لێکۆڵینەوەکەی لە لایەك مێژووییە و لەلایەکی دیکەوە شیکاری و رەخنەییە، چونکە وەکو توێژەر دەڵێت سنووری ئەم توێژینەوەیە زیاتر بۆ رەنگدانەوەی تاوانی ئەنفالی 1988ی باشووری کوردستانە لە رۆمانی کوردی هاوچەرخ دا لە نێوان ساڵانی(1991-2005) تەرخانکراوە.

لەو دەرەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە: زیاتر لە (10) رۆماننوسی کورد تاوانی ئەنفالیان کردووەتە کەرەستەی رۆمانەکانیان، بەڵام هەمویان سەرکەوتوو نەبوون لە بەرجەستەکردنی دیاردە نوێکانی بینای رۆمانی نوێ و هاوچەرخ، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی هونەرییان فەرامۆش نەکردووە وەك گێڕانەوەی بینای رواوو جۆری کەسێتی و شوێن و کات لە نێو دەقی رۆمانەکاندا و چۆنێتی گێڕانەوەی رۆمانەکان

3. ئاشتی و پاراستنی ئاسایش، ماریا ساتیچۆ، ئافرەتێکی ئیسپانییە،

لێکۆڵینەوەکەی لەسەر جینۆسایدکردنی مناڵانە لەناو هێرشی بەناو ئەنفال، 2012.

گەڕام بەدوای ئەم تێزەدا بەڵام هیچ سەرەداوێکی پێویستم لەبارەیەوە دەست نەکەوت[72].

## 4. DOCUMENTING THE KURDISH GENOCIDE – ANFAL (1988) - THROUGH DRAWING

## دۆکمەنتکردنی مەرگەساتەکانی کورد- ئەنفال ١٩٨٨بە هێڵکاری.

ناوی تێزی دکتۆرای عوسمان قادر ئەحمەدە کە پێشکەشی زانکۆی هونەرەکانی کردووە لە لەندەن – بەریتانی لە ساڵی ٢٠٠٨تا ٢٠١٣. لەم تێزەدا توێژەر جگە لەوەی کە پرۆژەیەکی پراکتیزی هونەری خستوەتەروو بۆ ئەوەی بابەتەکە لەڕووی تیوری و زانستە پەیوە ندیدارەکانی هونەری جەنگەوە کاریگەری زیاتر پەیدا بکات و هاتووە بەدواچوون و تویژینەوەی لەم بوارەدا کردووە، تێزی دکتۆراکە لە ٦ چاپتەرە دا خۆی دەبینیتەوە.

---

[72] ئەو ماستەر و دکتۆرایانەی بە زمانی ئینگلیزی یان فارسی نوسراون توێژەر بۆ پوختەکە سودی لە خودی نوسەرەکان و پسپۆڕانی زمانی نوسینەکە وەرگرتووە لە هەر شوێنێکدا پێویستی بە دەسکاری یان داڕشتنەوەیەك بوبێت ئەنجامی داوە.

سەرەتا : باسێکی کورتی مەیدانی هۆکاری شاڵاوەکانی ئەنفال لەیەکەوە هەتا هەشت. دواتر چاوپیکەوتنی ١٥ قوربانی ئەنفال .

چاپتەری ١- ململانێی کورد لە گەڵ مافی ئۆتۆنۆمی و پلانی بەعەرەبکردنی کوردوستان و جینۆسیاد .

چاپتەری٢- شیکردنەوەو پلاندانای کاری مەیدانی .

چاپتەری ٣- باسێک لەسەر دۆکمەنتکردنی هونەر لەسەر جەنگ.

چاپتەری٤ – باسێک لەسەر ئەزمووی کارکردنی هونەری خۆی وەک شایەتحاڵیکئ ئەنفالی ٢- ٣.

چاپتەری ٥- کاریگەری وێنەیی شایەتحاڵەکانی قوربانی ئەنفال لەسەر یادەوەری گشتی لەئەنفال دا.

چاپتەری ٦- پاراستنی شایەتی قوربانیەکان بە وێنە لە مۆزەخانەداو بڵاوکردنەوەی لە نێو خەڵکدا.

کۆتایی : ئایا ئەتوانین دۆکمەنتی ترس وبێ هیوایی و تۆقاندن و کۆمەڵکوژی بکەین بە هێڵکاری.

لەبەر نەبوونی هیچ دۆکمەنتێکی ڤیدۆو فۆتۆگرافی و بۆ ئەم کۆمەڵکوژییە..ئەم پرۆژەیە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە... لێرەدا توێژەر لە ٣٥٥ وینەی هێڵکاریدا چیرۆك و بەسەرهاتی قوربانیانی تۆمارکردووە، وێنەهێڵکارییەکانیش یادەوەری قوربانیانی ئەنفالە کە لە (15) قوربانی ئەنفال لە زیندانەکانی عەرعەر و

نوگرەسەلمان وەرگیراوە کە بەزیندووی گەراونەتەوە، توێژەر لەم کارەیدا بیرەوەرییەکانی ئەوانی وەرگێڕاوە بۆ هێڵکاری و وەك دۆکیۆمێنتکردنێك بۆ بیرەوەری ڕزگاربووانی (جینۆسایدی کورد/ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨) دا هاوشێوەی ئەو هونەرمەندانەی دژی جەنگ و نەهامەتییەکانی جەنگ کاریانکردوە.

 توێژەر پێشتریش خوێندنی ماستەرەکەی  لە هەمان زانکۆ تەواو کردووە لەسەر گێرانەوەی یادەوەرییەکانی خۆی لەو جینۆسایدەدا[73]، هەوڵەکانی  کارێکی مەیدانی و بەدواچوونی ئاکادیمییە بەمۆدێل و شێوەیەکی  تازە لەگەران وکارکردن  کە جیاوازە لە تێزەکانیتر.

یەکێك لە دەرەنجامەکان: کێشانی وێنەی ئەو دیمەنانەیە کە وێنەی نەگیراوە و توێژەر لە لەسەر هەوڵ دەدات کە یادەوەری قوربانیەکان وەک خۆی بنوسیتەوە( لەڕێی گێرانەوەی ساتە ناخۆشەکانیان گیڕانەوەی وەک خۆی زۆر جار خویندنەوەی جەستە وەک جووڵەی دەست و سەر و دەستوشین و بێدەنگی شایەتحال هتد.... زۆر چیرۆکی شاراوە دەخولقێنیت کە قوربانی توانای ووتنی نییە). هەروەها هێڵکارییە تەواوکارییەکە وتۆماری شاهێدی و

---

[73] لێرەدا تیشك خراوەتە سەر دکتۆراکە.

گەواهیەکان بەیەکەوە دەتوانن بیرەوەری گشتی دروست بکەن.

توێژەر پێی وایە پیشاندانی کاری هونەری لەکۆمەڵکوژی گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئەوکۆمەڵگەیەی تووشی کۆمەڵ کوژی / جینۆساید دەبێت، هەر بۆیە گرنگە گەواهیە وێنەییەکان بچنە مۆزخانەیەکی ئەنفال بۆ دەوڵەمەندکردنی و پاراستنی بیرەوەری قوربانیانی ئەنفال کە لە دنیادا ماوون بۆپەروەردەکردن وپاراستنی لە لە بیرچوونەوەی و ئەمەش رێگایەکی گرنکە بۆ بەئاگاهینانەوەی نەوەی نوێی گەلەکەمان.

5. Nation Building and Genocide, As

# Civilising and De- civilising processes: A Critical Analysis of the Origins of the Kurdish Genocide from Arabisation to the Final Solution

## بیناکردنی نەتەوە و جینۆساید، وەکو بەشارستانیکردن و شکستی بەشارستانیکردن دا؛

توێژینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بنەڕەتیی جینۆسایدی کوردە لە بەعەرەبکردنەوە تا دواهەمین چارەسەر.

تێزێکە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە، لەلایەن ئیبراهیم سادیق مەلازادە بەمەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، لەزانکۆی برونێل، لەندەن، قوتابخانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ساڵی ٢٠١٦ لە بەریتانیا پێشکەش کراوە.

ئەو توێژینەوەیە چەند کێشەیەك شڕۆڤەدەکات لەپەیوەندی بە ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردەوە، بەپشتبەستن بە کۆمەڵناسی فیگوڕێیشنی نۆربێرت ئەلیاس، لەپێناو توێژینەوە لەوەی داخۆ چۆن ئایدیۆلۆژیای حیزبی بەعس، پڕۆسەی بەعەرەبکردنی خاك و خەڵکی کوردی تیۆریزە کردووە.

چەقی ئەرگومێنتەکە، ئەوەیە لەڕێگای کۆکردنەوەی نێوان جەختکردنەوەی ماوەدرێژ لەسەر پەرەپێدانی بیناکردنی دەوڵەت لە عێراق و پەیوەندی بە کۆنتڕۆڵکردنی ئایدیۆلۆژیای قەومییەی عەرەبیی و جەختکردنەوەی ماوەدرێژ لەسەر پرۆسەی بەشارستانیکردن، بوو بەهۆی دروستبوون و هەڵکشانی ئەثنۆسەنتریزم، کە ئەمەش نەخشەڕێگایەکی پێکهێنا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی جینۆساید.

لەپێناو چارەسەرکردنی تێزەکە، وێڕای توێژینەوە لە دەیان دۆکومێنتی ئەو سەردەمەی دەستەڵاتی بەعس لە عێراق، سی ئینتەرڤیو ئەنجامدراوە لەگەڵ قوربانییانی جینۆساید و شایەدحاڵەکانی پرۆسەکە، وێڕای ئەوانەی کە تێکەڵ بە پرۆسەکە نەبوون لەکورد و عەرەبەوە. ئەمەش، لەپێناو گەیشتن بە تێگەیشتنی پرۆسەی بەشارستانیکردن وەکو چوارچێوەیەك بۆ ڕەگوریشەکانی جینۆساید و شکستی پرۆسەی بەشارستانیکردن. ئەو تێزە هۆکارەکانی جینۆساید لە عێراق شرۆڤە دەکات لەڕێگای هەڵسەنگاندنی بیناکردنی نەتەوە، ڕەگوریشەکانی سەنترالیزمی ئیتنی عەرەب و دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای حیزبی بەعس. ئەمەش لەپێناو دەسنیشانکردنی بەرپرسیارێتی ئەو تاوان و ئاپرووچونانەی کە لەدژی نەتەوەی کورد لە عێراق بەڕێوەچوون.

## دووەم: نامەی ماستەر

### 1. جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، مارف عومەر گوڵ[74].

پێ دەچێت ئەم ماستەر نامەیە یەکەم توێژینەوەی ئەکادیمی زانکۆیی بێت سەبارەت بە جینۆسایدی گەلی کورد ئەنجام درابێت. کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی1990 و پێشکەش بە زانکۆی کییف لە ئۆکرانیا کراوە.

ئەم توێژینەوەیە سێ بەشەو لە بەشی یەکەمدا سەبارەت چەمکی جینۆساید دەدوێت و لە دووەمیشدا سەبارەت بە سیاسەتی جینۆسایدە لە سەرانسەری کوردستاندا بە باشور و باکور و رۆژهەڵات و رۆژئاوایەوە، لە بەشی سێیەمیشدا باس لە مافی کورد دەکات لەوەی لە رووی نێو نەتەوەییەوە داکۆکی لێ بکرێت دژ بەو جینۆسایدانەی بەرامبەری ئەنجام دراوە...

لە کۆتاییشدا کۆمەڵێك ئەنجامی خستووەتەڕوو لەوانە: جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە و دژ بە کورد لە هەرچوارپارچەکەدا ئەنجام دراوە و لەم بارەیەوە ئەو وڵاتانە رێکەوتن نامەیان گرێ داوە. کۆمەڵگەی

---

[74] جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، مارف عومەر گوڵ، سلێمانی، 2003.

نێودەوڵەتی بە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی هەڵنەساوە لە ئاست جینۆسایدی گەلی کورددا.

2. ئەنفال و کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە پارێزگای هەولێردا. یوسف دزەیی[75]

ئەم ماستەرنامەیە پێشکەش بەبەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوە دەسنیشان کردنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی شاڵاوەکانی ئەنفالە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و گرنگی دان بە خێزانی کەسوکارانی ئەنفالکراوان و کاراکردنەوەیان بۆ رۆڵ بینین لە بوارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەرونییەکانەوە، لەگەڵ فراوانکردنی گرنگی دان بە دۆزی ئەنفال لەسەر ئاستی راگەیاندن و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و دواتر خستنەڕوو راسپاردە و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی.

توێژەر سوودی لەچەندین رێبازی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بینیوە وەك شێوازی ئامار و رێبازی توێژینەوەی مێژویی.

---

75 ئەنفال کارەسات ، ئەنجام و رەهەندەکانی. یوسف دزەیی، چ1، هەولێر، 2001.

عەینەی توێژینەوەکەشی (150)یە، (45)ی نێر و (105) مێ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە پارێزگای هەولێر، لە توێژینەوەکەشیدا چاوپێکەوتن و فۆرمی راپرسیاری بەکارهێناوە و (44) پرسیاریشی ئاراستەکردووە لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا و شیتەڵکاری زانیارییەکانی کردووە. دواجار گەیشتووەتە چەندین ئەنجام . لەوانە: زۆرێك لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەناڵێنن بە دەست کێشە و نەخۆشی عەقڵی و دەرونی...

**3. المسؤوليه المدنية الدولية عن جريمة الإباده الجماعية، ڤالا فريد، أربيل، جامعه صلاح الدين،2004 [76].**

ئەم ماستەرنامەیە لەلایەن ڤالا فەریدەوە پێشکەش کراوە بەبەشی یاسای زانکۆی سەڵاحەدین و تایبەتە بە (بەرپرسیارێتی مەدەنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە تاوانی پاکتاوکردنی بەکۆمەڵ و کۆکوژی) و نمونەکەشی حاڵەتی کوردستانە. لە سێ بەشی یەکەمیدا بە گشتی سەبارەت بە بابەتی ناوبراو دواوە و بەشی سێیەم و چوارەمیش تایبەتن بە کورد و باسی هەموو ئەو شاڵاوو تاوانانە دەکات کە دژ بە کورد

---

[76] المسؤوليه المدنيه الدوليه عن جريمة الإباده الجماعية، ڤالا فريد، أربيل، جامعه صلاحالدين، 2004. بۆ ئەم کورتەیە سوود بینراوە لە بیبیلۆگرافیاکەی مۆفەق میراودەلی بەهۆی بەردەست نەبوونی توێژینەوەی ناوبراو.

ئەنجام دراون وەکو بۆردومان کردن و جینۆسایدی ئەنفال و بارزانییەکان و مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانییەکان و خاپوورکردنی گوند و لادێیەکانی کوردستان. دواجار دێتەسەر بەرپرسیارێتی سوپای عێراق لەو تاوانانەی ئەنجامی داون بەپێی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و چەندین بابەتی تر.

4. **عمليات الأنفال في كردستان العراق، علي نبي صالح دوسكي، أربيل، 2004**[77].

ئەم ماستەرنامەیە پێشکەش بە کۆلێژی ئاداب و زانستەمرۆییەکان-خوێندنی زانکۆی جینان کراوە لە لایەین عەلی نەبی ساڵح دۆسکییەوە و باس لە شاڵاوەکانی ئەنفال دەکات لە باشوری کوردستان ولە سێ باب و چەند بەش و باسێکدا بابەتەکەی دەخاتەڕوو سەرەتا بەباسی ئەنفال لە ئیسلامدا(پێناسەی ئەنفال و حوکم و شەرعییەتی، ئەنفال و جەنگ، کوردستانی عێراق ماڵی ئیسلام، شاڵاوەکانی ئەنفال لە کوردستانی عێراق). دواجاریش باسی هێرش و شاڵاوەکان و کورد لە پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقدا دەکات و لە کۆتایشدا دێتە

[77] عمليات الأنفال في كردستان العراق، علي نبي صالح دوسكي, أربيل, 2006. بەداخەوە نوسەری ئەم ماستەرنامەیە پێش تەواوکردنی کارەکەی کۆچی دووایی کرد.

سەرباسی قۆناغی دوای ئەنفال لەگەڵ چەند باس و خواسێکیتر.

5. مستوى الدافعية للإنجاز وعلاقته بالتحصيل الدراسي لدى طلبة المرحلة الأعدادية من أبناء ضحايا عمليات الأنفال–فاقدي الأب– وأقرانهم أبناء الآخرين– أيوب خسرو نادر الهماوندي[78].

ئەم ماستەرنامەیە لەلایەن ئەیوب خەسرەو نادر هەمەوەندییەوە پێشکەش بە کۆلێژی پەروەرە بۆ زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین کراوە لە هەولێر کراوە لە 2005 و کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك لە 2013 چاپی کردووە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی لەدەست دانی باوکە(بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە) لەسەر (پاڵنەری دەسکەوت-انجاز-ی خوێندن) و(بەدەستهێنانی –تحصیل-ی خوێندن) لە لای قوتابیانی کەسوکاری ئەنفالکراو، بەراوردکردنیان بەهاوەڵەکانیان(ئەوانەیان لەگەڵ دایك و باوکیان دەژین).

---

78 مستوى الدافعية للإنجاز وعلاقته بالتحصيل الدراسي لدى طلبة المرحلة الأعدادية من أبناء ضحايا عمليات الأنفال–فاقدي الأب– وأقرانهم أبناء الآخرين– أيوب خسرو نادر الهماوندي، كركوك، 2013.

نمونەکانی ئەم توێژینەوەیە قوتابیانی دواناوەندی و ئامادەییەکان بووە لە ناوچەی گەرمیان(صمود، شۆڕش، چەمچەماڵ، کفری، تەکیە)، بەشێوەی هەڵبژاردنی مەبەست دار. نمونەکانیش (172) قوتابی(91) نێر و(81) مێ بۆ هەردوو جۆرەکە لە قوتابی...

لەو دەرەنجامانەی پێی گەیشتووە: پاڵنەری دەسکەوتی خوێندن لای قوتابیانی باوك ئەنفال نزمترە و نێر و مێی باوك ئەنفالیش لەمەدا جیاواز نین، ئەگەر بەراوردیان کەین بە هاوەڵەکانیان لەوانەی لەگەڵ دایك و باوکیان دەژین.

**6**. عمليات الأنفال وآثارها على الشباب دراسة اجتماعية نفسية ميدانية. فاتح محمد سليمان(فاتح سەنگاوی)ـبي.

ئەم ماستەرنامەیە لەلایەن فاتح محمد سلیمان(فاتح سەنگاوی)ەوە پێشکەش بە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی حورەی هۆڵەندی کراوە لە ساڵی 2009 .

جگە لە چەند پێشەکییەکی پێویست و زاراوە تایبەتەکانی نامەکە و بابەتە مێژوویەکانی ناوی و

---

[79] عمليات الأنفال وآثارها على الشباب دراسة اجتماعية نفسية ميدانية. فاتح سەنگاوی، هەولێر، 2010.

ڕوانگە فیکرییەکان سەبارەت بە جینۆساید و ئەنفال، کە توێژەر وەك ناساندن و ڕێخۆشکەرییەك بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال خستویەتیە ڕوو، دواتر دەچێتەسەر ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەی کە خستنەڕووی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی پرۆسەکانی ئەنفالە لەسەر گەنجانی دوای ئەنفال کە لەکاتی پرۆسەکەدا منداڵ بوون. عەینەکانیشی لە سنوری گەرمیاندا هەڵبژاردووە (پارێزگای کەرکوك، قەزای چەمچەماڵ، قەزای کەلار). لەبواری کات و زەمەنیشەوە ساڵانی نێوان1988-2008 .

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە ڕێبازەکانی وەسفی و مێژوویی و بەراوردکاری و مەسحی کۆمەڵایەتی و (270) عەینەش بە هەڕەمەکی وەرگیراوە. لە کۆتاییشدا چەندین دەرەنجام و ڕاسپاردە خراوەتەڕوو، لەو دەرەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە:

هەژاری کاریگەرییەکی خراپی لەسەریان هەبوە، بەڵام هەستی پشت بەخۆبەستنی لادروست کردوون، بەوەی هەر لە منالّییەوە پشتیان بەخۆیان بەستووە، بەڵام گرفتی کۆمەڵایەتیشیان زۆرە و ترسی زۆریشیان هەیە لە ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکۆمەڵایەتییەکان. پێیان ناخۆشە خەڵك بەگیانی بەزەیی پێداهاتنەوەوە بۆیان ڕوانن و پەیوەندی کۆمەڵایەتیشیان بەهێزە... لە رووی دەرونیشەوە ترسیان زۆرە لە دووبارەبونەوەی هاوشیوەی ئەم پرۆسانە و خەوی ناخۆش زۆر دەبینن و خۆیان تارادەیەك بەبەدبەخت ئەژمار دەکەن و هەڵگری

یادەوەری خراپن و هەست بەبێ بەشبوون لە سۆز دەکەن و لە ڕووبەڕووبونەوەی حەشامات و قسە بۆکردنیاندا توشی قسەبڕکێ و شڵەژان دەبن، لەگەڵ چەندین کاریگەریی تر.

7. جرائم الإبادة الجماعية دراسة مقارنة بين جرائم الهولوكوست وجرائم الأنفال، دلير محمد كولندر[80].

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان هۆلۆکۆست و ئەنفالدا، کە لەلایەن دلێر محەمەد عەلی کۆڵنەدەرەوە پێشکەش بە ئەکادیمیای عەرەبی کراوە لە دانیمارك لە بەشی زانستە سیاسییەکان 2010 و لە 2012چاپ کراوە.

توێژەر دەیەوێت پەیوەندی نێوان ئەو دوو تاوانی جینۆساید و ببینێتەوە و باس لە خاڵە لێکچووەکانیان بکات و ئایدیۆلۆژیای پشتیان بدۆزێتەوە و چۆنێتی

80 جرائم الإبادة الجماعية دراسة مقارنة بين جرائم الهولوكوست وجرائم الأنفال، دلير محمد كولندر، سەردەم، سلێمانی، 2012.

مامەڵەکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەم جۆرە تاوانانەدا بخاتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بەستووە بە ڕێبازی بەراوردی شیتەڵکاری بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوانیان.

لە کۆتاییشدا توێژەر بە چەند ئەنجام و راسپاردەیەك کۆتایی بە توێژینەوەکەی دەهێنێت و دەگاتە چەندین ئەنجام لەوانە:

لێکچوون و هاوشێوەییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو دوو تاوانەدا بگرە هەندێ جار دەگاتە ئاستی وەك یەکی لە رووی ئامادەکاری وپلان و جێبەجێ کردن. هەروەها هەردوو رژێمەکە خاوەنی بیروبۆچونی نەتەوەییانەی رەگەز پەرستن.

لە هەمان کاتدا خاڵی جیاوازیش هەیە لە نێوان خودی ئەم دوو رژێمە و چۆنێتی مامەڵەکردنیان لە گەڵ ناوخۆ و دەرەوەی خۆیاندا، بە هەمان شێوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی جیاوازی کردووە لە نێوان ئەم دوو رژێمە لە ڕووی سزادان و نەدانی گرەنتی بەدووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانە دژ بە کورد .... هتد

**8**. بنية المكان في روايتي الجحيم المقدس وهيَلانة – دراسة مقارنة. سالار تاوەگۆزی[81].

ماستەرنامەی بونیادی شوێن لە هەردوو رۆمانی دۆزەخی پیرۆز و هێلانە، توێژینەوەیەکی بەراوردکاری سالار تاوگۆزییە کە پێشکەش بە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە لە ساڵی 2012، ئەم توێژینەوەیە هەردوو رۆمانی(الجحيم المقدس) ی بورهان شاوی و(هێلانە)ی حسێن عارفی کردووەتە بابەت بۆ توێژینەوەکە.

نوسەر ویستویەتی لە رێگەی ئەم دوو رۆمانەوە تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و چەندین تاوانی تری

[81] بنية المكان في روايتي الجحيم المقدس وهيَلانة – دراسة مقارنة. سالارتاوگۆزی، رۆژهەڵات،هەولێر، 2013.

ترسناكی سەردەمی فەرمانڕەوایی رژێمی بەعس بەرجەستە بكات.

لە توێژینەوەكەیدا شیكار و بەراوردكاری بونیادی شوێنی كردووە لەو دوو رۆمانەدا بەپشت بەستن بە: فەلسەفەی شوێن. زانستی گێڕانەوە، سینەما، رێبازی بونیەوی و قوتابخانەی ئەمریكی لە ئەدەبی بەراوردكاریدا.

توێژینەوەكەش بە چەندین ئەنجام و راسپاردە كۆتایی هاتووە، كە زیاتر پەیوەندی دارن بە كارهێنانی هونەرییانەی شوێن و خانەی منداڵی و وەسف و واقیع و زمانی گفتوگۆ و لێكتێگەیشتن لەنێوان هەردوو رۆمانەكەدا، لە راسپاردەكانیشدا ئاماژەی داوە بە گرنگی سودبینین لەو رووداوانە وەك كەرەستەیەكی زانستی بۆ توێژینەوە، هەروەها ئەنجام دانی توێژینەوەی بەراوردكاری وەك دروستكردنی رایەڵەیەكی نێوان ئەو دوو زمان و كلتورە و دەرخستنی رۆڵی كەسایەتییە زانستیەكانی ئەو بوارە لە هەردوو كلتورەكەدا بەتایبەت كاری زانستی و ئەدەبی.

## 9: DISSERTATIO ON GENOCIDE AS A PRINCIPLE FOR THE DECLARATION OF AN INDEPENDENT COUNTRY AN ANALYTICAL STUDY ON THE SOUTH OF KURDISTAN

## جینۆساید وەک بنەمایەک بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ- توێژینەوەیەکی شیکاری لەسەر باشووری کوردستان.

ئەم ماستەرنامەیە ساڵی 2013 لە لایەن ئاوارە حسێن ئەحمەدەوە پێشکەش بەبەشی یاسای زانکۆی پونە کراوە لە هیندستان وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی.

ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازێکی شیکاری یاساییە سەبارەت بە جینۆسایدی باشووری کوردستان- کوردستانی عێراقلە قەڵادزێ و کوردانی فەیلیەوە بۆ بەرزانییەکان تا هەڵەبجەو ئەنفال، هەموو ئەم تاوانانەی گرتووەتەوە.

ئامانج لەم نوسینە توێژینەوەیەك شیکاری یاساییە بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانەی لە دژی کورد لە لایەن رژێمی بەعسەوە ئەنجام دراوە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە بەوەی تاوانی جینۆسایدە.

لە دەرەنجامدا توێژەر گەیشتووە بەوەی کەئەو تاوانانەی ئەنجام دراون تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگن و دژ بە مرۆڤایەتین. ئەو چوار کەیسەی کە نوسەر باسیان دەکات بە جینۆساید ناسێنراون(ئەنفال و کوردانی فەیلی و بارزانی و ئەنفال) بەڵام کەیسی قەڵادزێ کە یەکێکە لەو کەیسانەی توێژەر کاری لەسەر کردوون و تا ئێستا بە جینۆساید نەناسێنراوە بەڵام هەموو پێوەر و مەرجەکانی جینۆسایدی تێدا و ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە جینۆساید نییە، لە هەمان کاتدا ئەرکی حکومەتی عێراقە وەك میراتگری حکومەتی پێشوو کە قەرەبووی هەموو زیان لێکەوتووان بکاتەوە. هەروەها توێژەر گەیشتووە بەوەی گەلی کورد مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت و ئەو مافەی بۆ بەڕەوا ببینرێت بەهۆی ئەو جینۆسایدەی بەسەریدا هاتووە و ئەو مەترسیانەی کە دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ببێتەوە.

# 10: THE LOST ONES OF THE ANFAL SADDAMS OPARETION IN IRAQ KURDISTAN:1987-1989

# "بێسەروشوێنانی ئەنفال" ئۆپەراسیۆنەکانی سەدام لە کوردستانی عێراق: ١٩٨٧-١٩٨٩

ماستەرنامەیەکە[82] لەلایەن سوزان دارتاشەوە پێشکەشی بەشی دیراساتی عەرەبی مۆدێرن

[82] ئەم توێژینەوەیە گەرچی بەناوی ماستەرەوە پێشکەش کراوە بەڵام سە دلەسەد دڵنیا نەبوینەوە چونکە ئاماژە بە زانکۆ و کۆلێژنەکراوە و لەشوێنێکیشدا وشەی وتارێکی تێدایە، ئەمە جگە لە کەمی لاپەڕەکانی ... ئەگەر ئەوەش کێشە نەبێت بۆ هەندێ زانکۆی ئەوروپی ئەوا هێشتا پێویستیمان بە ڕێگەیەکیترە بۆ یەکلابونەوە و سەلماندنی تەواوی، هیچ زانیارییەکیشم لەسەر توێژەر نەبوو، تەنها ئەوەندەیە نوسخەیەکی پێشکەش بە کتێبخانەی گشتی سلێمانی کراوە.

كراوه،١٩٩٣، ئەم توێژینەوەیە بەچەند ناونیشانێك دەست پێ دەكات دوای پێشەكییەك لەوانە:

١-باكگراوندی مێژووی كورد

آ- كورد، سیفەتە بنەڕەتیەكانیان

ب-پرسی ناسنامەی نیشتمانی

ج-پێگەی كورد لە عێراقدا

د- كورد و شەڕی ئێران و عێراق

٢- حیزبی بەعس و ڕۆڵی لە كۆمەڵگەدا

دواتر دەچێتە سەر شاڵاوەكانی ئەنفال و ئەو تاكتیكانەی كە لە ئەنفالدا بەكارهێنران، لەگەڵ بەڵگەی بەرجەستە و دۆكیمێنتكراو لەسەر ئەنفال و بەڵگەی هێرشی كیمیایی و لە دەرەنجامیشدا ئاماژە بە چەند دەرەنجامێك دەكات لەوانە:

ئەنفال پرۆسەیەكی بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو، تیایدا نزیكەی نیوەی خاكی كوردستانی گرتەوە و كاریگەری لەسەر نزیكەی ملیۆن ونیوێ مرۆڤ هەبوو چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. جگە لە سەلمادنی ئەوەی هەڵمەتەكانی ئەنفال تاوانی جینۆسایدە.

## 11:How religion was mobilised in the Anfal campaign

## ئاین و ناسیۆنالیزم: چۆن ئاین لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا مۆبیلیزە کرا؟ ماستەرنامەی ئیبراهیم سدیق مەلازادەیە، کە لە مانگی پێنجی ٢٠١٠ لە بەریتانیا لەبواری توێژینەوەی کولتوری کۆمەڵایەتی، پێشکەش بە زانکۆی ڕۆنێلی کردووە لە لەندەن.

لەم نامەیەدا توێژەر پێمان دەڵێت: شاڵاوەکانی ئەنفال پرۆسەیەکی دیاری جینۆساید بوو لەدژی خەڵکی کوردستان، لەژێر ناوی "ئەنفال" دا بەئەنجام گەیەندرا. ئەنفال ناوی سورەتێکە لە قورئان و بەمانای تاڵانی جەنگ دێت، وەکو ئاکامێکی شەڕ. هۆکارەکانی ئەنجامدانی جینۆساید، بەکورتیلەوەدا دەبینێتەوە کە: دەستەڵاتی عێراق بە ڕێبەرێتی حیزبی بەعس، پێیوابوو، خەڵکی کورد لە وڵاتێکی دیکەوە هاتوون بۆ

نیشتمانی عەرەب و هیچ خزمەتێکیش بە ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب ناکەن، بێجگە لەوەی کە ڕەتییان کردەوە لەناو نەتەوەی عەرەبدا بتوێنەوە. وێڕای ئەوەی کە داوای مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان دەکرد لەڕێگای بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسینەوە. سەبارەت بە سوکایەتی پێکردن و ئازاردانی سایکۆلۆجی، کورد بوون بە قوربانی تاوانی جینۆساید لەژێر ناوی ئاین، لەڕێگای بەکارهێنانییەوە لەپێناو ئامانجەکانی قەومییەی عەرەبی.

ئەم بەکارهێنانەش هاوکاری ڕژێمی عێراقی کرد بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی بێ مەرج لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییەوە، لەپێناو تێکشکاندنی خەباتی نەتەوەی کورد. ئەو توێژینەوەیە، هەوڵی داوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە داخۆ ئاین چۆن لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا بەکار هێندرا، ئەمەش لەڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری و تێگەیشتن لە میتۆدی شڕۆڤەکردنەوە، ئەو توێژینەوەیە بەئاکام گەیشت.

12: بررسی عملیات انفال در خاگره

جمعی بازماندگان و آثار اجتماعی آن.

لێکۆڵینەوەی پرۆسەکانی ئەنفال لەیادەوەری گشتی جێماوەکانی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی، ماستەر نامەی توێژەر پشتیوان محمود قادرە کە ساڵی 2018 پێشکەشی بەشی

کۆمەڵناسی - کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی تارانی کردووە.

مەیدانی توێژینەوە پارێزگای سلێمانی. قەزای چم چماڵ – شۆڕشە و ڕێبازی توێژینەوەکە چاوپێکەوتنە لەگەڵ (18) کەس لەکەس وکارو نەوەی ئەنفال:

ڕەگەزی بەشدار . ژن - پیاو

تەمەن بەشدار _ 32_80 ساڵ

بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە: یادەوەری جێماوەکانی ئەنفال، پەیوەست بە پرۆسەکانی ئەنفال و کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی بەتایبەت لەسەر جێماوەکانی ئەو پرۆسەیە.

لێکۆڵینەوەی بەتایبەت لەڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسیەوە لەڕووی یادەوری و پشتگوێ خستنی لەدوای ئەنفال لەسەربنەمای تێور (نظریە) ی وەبیر

هێنانەوەی یادەوەرییەکان:(تێوری یادەوەری گشتی ) یا (چوارچێوەی یادەوەری گشتی ) مۆریس هالبواکس بووە.

بۆ گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکان لەڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆوە ڕێبازی گراند تئوری سودی لێوەرگیراوە.

بەگشتی پەیامی توێژینەوەکە که ئەنجامیش ئەمانە بوون

*بەهێزبوونی شوناسی قەومی کورد

*لاوازی شوناسی عیراقی بوون.

*بەردەوامی یادەوەرییەکانی ئەنفال.

*بەزەیی هاتنەوە بەجێماوەکان و ئەزمون کردنی ڕەت کردنەوەی کۆمەڵایەتی.

*لەنێو چونی سەرمایەیی فرهنگی.

*هەژاری و لاوازی بنەمای ئابوری.

## کۆتایی و ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوە کورتەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك:

1. تاوەکو ئێستا بیبیلۆگرافیایەکی گشتگیرمان نییە کە هەموو نوسین و توێژینەوە و وەرگێڕانەکانی تایبەت بە جینۆساید و جینۆسایدی ئەنفالی تێدا تۆمار کرابێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هەوڵ هەن جێگای دەسخۆشین.

2. نوسین و توێژینەوەکانی بواری ئەنفال پۆلێن دەکرێن بۆ چەند بوار و بابەتی جیاواز، لەوانە: خستنەڕووی کات و بەروار و چۆنێتی رودانی جینۆسایدەکە و خستنەڕووی هەڵمەتەکان و هاوکات خستنەڕووی زیانەکانە بەگشتی، هەندێکیشی زیاتر جەخت کردنەوەیە لەشوێنەوار و زیان و جێکەوتەکانی ئەو

هەڵەمەتانە جا ئیتر زیانی ئابوری بن یان کۆمەڵایەتی یان دەرونی یان سیاسی یان کلتوری، جگە لە لایەنی یاسایی و جێکەوتە یاساییەکانی... هەندێ لەو نوسین و توێژینەوانە سەبارەت بە بواری ئەدەبی و چیرۆك و رۆمان و هونەرن. بەشێکیشیان زیاتر چاوپێکەوتن و دیمانەیە لەگەڵ رزگاربووان و کەس وکاری قوربانیانی جینۆسایدەکە و یاخود کاری ئەرشیفی و دیکۆمێنتارییە یان روانگەی جیاوازی ئاینی و فیکرییە سەبارەت بە پاڵنەری پرۆسەکان و ناولێنانەکەی و چەندین بواری تر...

3. بەشێك لە توێژینەوەکان ئەکادیمین کە ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە بەشێوەیەکی زانستی و لە ناوەندێکی ئەکادیمیدا ئەنجام دراون، ئەمانەش دەکرێنە سێ بەشەوە:

یەکەم: ئەو توێژینەوانەی لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا پێشەکەش کراون.

دووەم: ناوەندێکی زانستی دەرەوەی زانکۆ پێی هەستاوە، وەکو رێکخراوە نێودەڵەتییەکان، یان گۆڤارێکی زانستی بڵاوی کردووەتەوە یاخود کەسایەتییەکی دیاری خاوەن قورسایی زانستی پێی هەستاوە.

سێیەم: زانکۆیەك پێی هەستاوە، ئەمەش دەکرێت بە سێ بەشەوە: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا،

تویێژینەوەی دەرچوون ، نوسینی تویێژینەوە بۆ کۆنفرانسی زانستی زانکۆکان یان سەنتەرەکانی تویێژینەوەی زانکۆکان. کە خاڵی سێیەم جێگەی بایەخی ئەم تویێژینەوەیە بوو بە پلەی یەکەم.

4. تێزو نامەکان کاری زانستین بەڵام لە رووی ژمارەوە یەکجار کەمن بەراورد بە تێپەڕینی سی ساڵ بەسەر ئەو جینۆسایدەدا و ترسناکی پرۆسەکە و زۆری کاریگەرییەکانی.

5. توێژەر لە تویێژینەوەکەیدا شەش تێزی دکتۆراو یانزە ماستەری خستووەتەڕوو زۆر بەپوخت و گوشراوی لە رووی ناوو ناوەڕۆك و ئامانج و ئەنجامەوە.

6. بابەتی تێز و نامە ئەکادیمییەکان هەمان ئەو پۆلێنانە دەیگرێتەوە کە لە نوسین و تویێژینەوەکانی تردا هەن، وەك لە خاڵی دووەمدا ئاماژەمان پێی کردووە، بەرەچاوکردنی تایبەتمەندی کاری ئەکادیمی و سنورداریێتی بابەتەکان.

7. هەموو ئەو بەرهەم و تویێژینەوانەی سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال ئەنجام دراون چ لەلایەن توێژەرانی ناوخۆ و چ بیانییەکانەوە هەمویان بەردەست نین بگرە هەندێکیان تۆماریش نەکراون لەو دوو بیبیلۆگرافیایەی بەردەستن.

# دادگەری راگوزەری و جینۆسایدی بەناو ئەنفال

فاتیح سەنگاوی– توێژەر لەبواری ئەنفالدا

## پێشەکی

جینۆساید یاخود پرۆسەکانی ئەنفال لای بەعس بریتی بوو لە چەند شالاوو پرۆسەیەکی سەربازی، پێشتر نەخشە بۆ کێشراوو بەرنامە بۆ دارێژراو، بەپێی

ستراتیژییەتێکی چڕ، لە پێناو پاکتاوکردن و کۆمەڵ کوژی گەلی کورد و گواستنەوەیان لە شوێن و جێگەی خۆیان لە کوردستانی عێراق، بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە بواریی جوگرافی و دیمۆگرافی و رۆشنبیری و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری و لەناوبردنی جەستەیی، لە چوارچێوەی هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جۆراو جۆر و جیاوازدا، لە 21ی شوباتی 1988 وە تاوەکو 6ی ئەیلولی هەمان ساڵ خایاند و زیاتر لە شەش مانگ بەردەوام بوو، سەرەنجام دەیان هەزار قوربانی کەسانی بێ چەك و سیڤیل و مەدەنی لێ کەوتەوە لە پیر و لاوو منداڵ و ئافرەت و منداڵی شیرەخۆرەو ڕوخاندنی هەزاران گوند و لادێ بەمزگەوت و تەکیە و قورئان و قوتابخانە ونەخۆشخانەوە... تیایدا سوپا هەموو جۆرە چەکێکی لەناوبەر و فڕۆکەو چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەی بەکار هێنا و دواجاریش ژێرخانی ئابوری لادێیەکانی کوردستان وێران کراو و بەدەیان هەزار کەسی مەدەنی بەدیل گیران و دوای برسی و تویینی کردن و ئازاردانی جەستەیی و دەرونی ڕاستەوخۆ کوژران یان بە بەزیندوویی زیندەچاڵ کران و دواتریش بەشێکیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەر و سەماوە و حەمرین و نەجەف و ... هتد دا دۆزرانەوە لە عێراقدا. لە لایەکی ترەوە بەو پێیەی پرۆسەکانی ئەنفال پرۆسەیەکی مەنهەجی و ڕێکخراو و نەخشە بۆ داڕێژراوی بەئەنقەست بوو بۆ بە ئامانج گرتنی کۆمەڵەیەکی مرۆیی ئەتنی یا سیاسی و رۆشنبیری. یاخود ئاینی یا نەتەوەیی دیاریکراو بەمەبەستی لەناوبردن و پاکتاوکردنیان بەشێوەیەکی گشتی یان یا بەشێکی و هەرسێ قۆناغەکەی جینۆسایدی تێدا بەدی کرا کە بریتین لە(دەستنیشانکردنی ئەو کۆمەڵەی دەکرێنە ئامانج، کۆکردنەوەیان لە سەربازگە و شوێنە دیاریکراوەکاندا، لەناوبردن و ونکردنی شوێنەواریان).

لێرەوە ئەم پرۆسەیە پێناسەی جینۆسایدی بەسەردا دەچەسپێ و لەو بارەیەشەوە چەندین توێژینەوە ئەنجام دراوە[83].

لەکاتی کۆتایی هاتنی قەیران و جەنگ و شەڕ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا ، دوای پرۆسەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، دەبێ قوربانیانی زیندوی ئەو بێ ڕێزییانە و زیان لێکەوتوانی قـەرەبوی مـادی و مەعنــەوی بکرێنــەوە بــە یــەکێك لــەو رێ و شــوێنە یاســاییانەی لــە ئاســتی نێودەوڵەتیـدا بـە دادگـەریی ڕاگـوزەریی(العدالـة الإنتقاليـة) ناسـراوە و کـەخۆی دەبینێتــەوە لــەو ڕێ و شــوێنە(قەزایی و ناقەزاییانــە)ی دەگیرێتەبــەر لــەو کۆمەڵگانەی کەلتورێکی گەورەیان هەیە لە سوکایەتی کردن بە مافەکانی مـرۆڤ، لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیـەکی زیـاتر دیموکراسـی و گـرەنتی داهاتویـەکی پـڕ هێمنی وئاسایش لە سایەی سەروەری یاسا و مافی هاولاتیبوندا. مەبەست لـە چالاککردنی دادگەری راگوزەری: قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتووان وچارەسەر کردنی شوێنەوارە جۆربەجۆرەکانێتی بە چەندین رێ وشوێنی وەکو مولاحەقەی قەزایی و لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەرنامەی چارەسەرخوازیی و چاکسازیی کردنـی دام و دەزگاکان و قەرەبوکردنەوە و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی[84]. تاوەکو مافەکان ئەوەنـدەی لـە توانادایـە بگەڕێتــەوە و متمانــە بــەخۆبون لای قوربـانی بنیـات

---

[83] **فاتح سەنگاوی**، عمليات الأنفال وآثارها على الشباب، وزارة الثقافة والشباب، أربيل، ط1، 2010، ص50-60.

[84] **فاتح سەنگاوی، دواتر دەینێرم، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، کەرکوك**، 2013، ل14-17. **بۆ زیاتر ئاشنابون بەرێ و شوێنەکانی دادگەریی راگوزەریی بڕوانە:**
العدالة الإنتقالية في السياقات العربية، هايدي علي الطيب وآخرون، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، ط1، 2014م، ص56، و
http://sorouhzaid.blogspot.com/2012/01/blog-post_2956.html

بنرێتەوە و ستەمکاریش هەست بە تاوانی خۆی بکات و هەموو ئەمانەش رۆڵیان هەبێ لە بنیاتنانەوەی دام و دەزگاکان بەشێوەیەکی دروست و یاسایی.

بۆ ئەمەش چەندین ئەزمونمان لەبەردەستدایە، بۆ نمونە دوای ئەوەی جەنگی جیهانی دووەم ئەو هەموو کاولکاریەی دروست کرد و چەندین ملیۆن مرۆڤی تێدا بوە قوربانی و پاشتریش جەنگ و شۆڕش و ناکۆکییە نەتەوەیی و ئاینییەکان و ستەمی دەسەلاّتدارە خۆسەپێن و سەرکوتکارەکان ئەوەندەی تر بونە هۆکاری کوشتن و بێ رێزی بە گیان و کەرامەتی مرۆڤەکان و کەوتنەوەی قوربانیەکی بێ شومار، لێرەوە بیرۆکەی دادگەریی ڕاگوزەریی سەری هەڵدا سەرەتا لە دادگایی کردنەکانی نۆرمبۆرگ و نەهێڵانی فیکری نازیدا بەرجەستەبوو، زیاد لە چوار دەیەیە بە رون و ئاشکرایی بیرۆکەی دادگەریی راگوزەریی هاتوەتە نێو ئەدەبی مافناسی و سیاسیەوە و سنوری ئەوروپای تێ پەڕاند، بەلاّم یەکەم پیادەکردنی رونیی لەناوەراستی حەفتاکاندا لە یۆناندا بوو، دواتریش لە بەدواداچونی راستیەکانی ئەرجەنتین(1983) وشیللی(1990) و سیرالیۆن(1990) و چیکسلۆفاکیا(1991) و گواتیمالا(1994) و خوارووی ئەفریقیا(1995) ، پۆڵەندا(1997) مەغریب(2004) و چەندی ولاّتی تردا بەرجەستە بوو[85].

کوردیش وەکو یەکێك لەو گەلانەی لە مێژوی خۆیدا چەندین جار روو بەڕوی تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ بوەتەوە ، کە دواترینیان جینۆساید کوردە فەیلی و بەرزانیەکان تاوانی کیمیاباران کردنی

---

[85] العدالة الإنتقالية: مقاربات عربية للتجربة الدولية، عبدالحسين شعبان، حلقة نقاشيه، مركز دراسات الوحدة العربية في بيروت بتاريخ ٨ أيار/مايو ٢٠١٣ م، ص100، 103، وفاتح سةنطاوي، دواتر دةينيَرم، ل15.

هەڵەبجە و پرۆسەکانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئێزدییەکان بوو. ئایا کورد لەدوای ئەم روداوانەوە توانیویەتی بە رۆڵی خۆی هەستێ و سوود لەو رێ و شوێنە یاساییانە وەرگرێ کە لە ئارادان؟ ئایا چەندە لەمەدا سەرکەوتوو بوە و هەنگاوی جیدی و گەورەی ناوە؟ چەندە توانیوێتی دام و دەزگا ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیەکان کەمەندکێشی نێو روداوەکانی خۆی بکات؟ ئەگەر تەنها باس لە یەکێك لەو رێ و شوێنە یاساییانە بکەین کە دادگەری راگوزەریی ئایا لەو بارەیە کورد بەهەموو تواناکانیەوە چی ئەنجامداوە؟ جیدی بوە یا کەمتەرخەم؟ خەمخۆر بوە یا بێ باك؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر دەکرێ لە دوو توێ ئەو توێژینەوە کورتەدا تاوتوێی بکەین و وەڵامی هەندێکیان بدەینەوە.

ئەم توێژینەوەی بەردەستت بریتیە لە پێشەکیەك و گرنگی توێژینەوەکە و سێ باس و دەرەنجام، بە شێوەیەکی کورت و گوشراو، بەهیوای ئەوەی ئامانجی خۆی بپێکێ و کارێکی زانستی و جیدی بێ لە بواری خۆیدا.

# گرنگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوە گرنگیەکی زۆری هەیە لەوانە:

یەکەم: ئاشنامان دەکات بەچەمکێکی یاسایی گرنگی پەیوەندی دار بەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدرێ لەو کۆمەڵگایانەی ململانێی جۆربەجۆریان تێدایە و تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێ لەوانە تاوانی

جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، کە هەرسێکی دژ بە کورد ئەنجام دراون.

دووەم: پایە سەرەکیەکانی دادگەری راگوزەریی دەخاتە روو، پاشان بەراوردیان دەکات بەوەی کە چەندیان لە کرداری جینۆسایدی بەناو ئەنفالدا جێ بەجێ کراون لە دوای راپەڕین و بەرپاکردنی حکومەت و دەسەلأتدارێتی خۆجێی هەرێمی کوردستاندا.

سێیەم: دەست نیشانی کەم و کورتیەکانی پرۆسەی دادگەری راگوزەریی دەکات دەکات لە هەرێمی کوردستاندا و خاڵە ئیجابیەکانیش پشتگوێ ناخات.

چوارەم: ئاماژەیەکی خێرا بەو کەمتەرخەمیانە کە لە ئاست دۆزی ناساندن و سەلماندنی جینۆسایدی بەناو ئەنفالدا ئەنجام دراون بەتایبەت لەدام و دەزگا نێو دەوڵەتیەکانی وەك نەتەوە یەکگرتوەکان.

## باسی یەکەم: دادگەری راگوزەریی چەمك و پێناسە

لەبەرامبەر(العدالة الإنتقالية) عەرەبیدا دەکرێ: دادگەری راگوزەریی یان دادگەری گواستنەوە بەکار بهێنین، لێرەدا گرفتێکمان لەگەڵ(العدالة)دا نیە کاتێك (دادگەریی) بۆ بەکاردێنین، بەلأم چاومان لەسەر (الإنتقالية)یە چونکە دەکرێ:(گواستنەوە)ی لەگەڵدا بەکاربهێنین، چونکە انتقال بە واتای گواستنەوە

و گوێزانەوە دێت[86]، بەڵام بێژەی(ڕاگوزەری) کوردی زیاتر لە بێژەی(اجتیان)ی زمانی عەرەبیەوە نزیکترە وەك لە(انتقال) گەر چی رایەڵەی پێکەوە گرێدانیان هەیە، (اجتان)ەش بەواتای: پەڕینەوە، تێپەڕاندن، رەتبوون، راگوزەر دێ[87]، ئەکرێ هەردوو دەربڕینەکە دروست بێت کاتێك مەبەستمان لەو رێ و شوێنە ی یاسایی و داوەرییانە بێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراوی گواستنەوەدا ئەنجام دەدرێ بۆ دۆخێکی تایبەت کە وڵات و هاوڵاتیان پێیدا تێپەڕیوە هەرچەندە لەروی زمانەوانییەوە دادگەری گواستنەوە نزیکترە لە دەربڕینە عەرەبیەکەیەوە، بەڵام دادگەری راگوزەریی بۆ زمانی کورد بە ساز و جوانتر دەبینین و هەمان ناوەڕۆکیش لە خۆ دەگرێ. جیاکردنەوەشی لە دادگەری تەقلیدی تەنها لەوەدایە ئەم دادگەرییە بۆ ئەو ماوە راگوزەرییەیە کە کۆمەڵگە پێیدا تێ دەپەڕێ لە دۆخێکی جەنگ و ناسەقامگیرییەوە بۆ دۆخێکی ئاسایی و یاساسەروەریی و بنیاتنانی دام و دەزگای یاسایی و مافخواز و دیموکراسی. ئەگینا هەردوو دادگەرییەکە لەوەدا هاوبەشن کە دەبێ ماف بۆ خاوەن ماف بگەڕێتەوە و راستیەکان بدۆزرێنەوە و قوربانیەکان قەرەبوو بکرێنەوە[88].

بەپێی راپۆرتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم ساڵانەی دوایی هەردوو بابەتی: دادگەریی راگوزەریی و سەروەریی یاسا لەو کۆمەڵگایانەی

---

[86] بڕوانە، فەرهەنگی شیرین، فازیل نیزامەدین، سلێمانی، کوردستان، چ2، 2013، ل199.

[87] فەرهەنگی شیرین، ل31، فەرهەنگ، د.سلیم إلیاس، و: جیهانی زانیاری، بەیروت، لوبنان، ل350.

[88] العدالة الإنتقالية: مقاربات عربية للتجربة الدولية، عبدالحسين شعبان، حلقة نقاشيه، مركز دراسات الوحدة العربية في بيروت بتاريخ ٨ أيار/مايو ٢٠١٣ م، ص100.

ململانێیان تێدایە و لەکۆمەڵگایانەی دوای ململانێکانن ، جێگەی گرنگی پێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان بوە و هەر لەو راپۆرتەدا داوا دەکات نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکارێکی باش بن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخانە و بەشداری کارا و بەدەمەوە بونی پێداویستی و خواستە نیشتمانیەکان ی ئەو گەلانە و پێشکەش کردنی هەموو هەوکارییەك لە پێناو بنیاتنانی دام و دەزگای نیشتمانی بۆ کەرتی دادوەری و دادوەری راگوزەری و چاکسازی گشتی لەو کۆمەڵگایانەدا، هەروەها راپۆرتەکە جەخت لەسەر سێکوچکەی دادوەری و ئاشتی و دیموکراسی دەکاتەوە وەك سێ پاڵپشت و تەواوکەری یەك پرۆسە[89] و لەگەڵ جەخت کردنەوە لەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت بنبڕی ئەو ململانێیانە بکات ئەگەر چارەسەری بنەڕەتی نەبینرێتەوە بۆ هۆکاری ململانێکان بەشێوەیەکی شەرعی و دادپەروەرانە، لە هەمان کاتدا پێویستە دانیشتوان و کۆمەڵگەش ئاشنای ئەو هۆکارانەبن و بشزانن چۆن و بە چ رێگەیەکی دروست و یاسایی چارەسەر دەکرێن[90]..

ئەگەر سەروەریی یاسا(سیادة القانون) بریتی بێت لەوەی هەموو کەس و دام و دەزگا و پێکهاتە گشتی و تایبەتییەکان بە خودی دەوڵەتیشەوە بەرپرس بن بەرامبەر یاسادەرکراوەکان و پیادەکردنی یاسا بەسەر هەمواندا لە دادگایەکی سەربەخۆی گونجاو و ساز بە رێسا نێودەوڵەتیەکانی ماف مرۆڤ، و دادگەریی(العدالە) بریتیە لە بەها باڵاکانی لێپرسینەوە و دادپەروەری لە پاراستنی مافەکان و بەدیهێنانیاندا و رێگری کردن لە بەزاندنیان و سزادان لە

---

[89] الأمم المتحدة، مجلس الأمن، تقرير الأمين العام، سيادة القانون والعدالة الإنتقالية في مجتمعات الصراع ومجتمعات ما بعد الصراع، s-2004-616، ص1-2.

[90] تقرير الأمين العام، ص5.

پێشێلکارییەکاندا، ئەوا دادگەریی راگوزەریی(العدالة الإنتقالية) بەپێی راپۆرتی ئەمینداریی گشتی پێشوتری نەتەوە یەکگرتوەکان(کۆفی ئەنان) بریتیە لە: تەواوی ئەو پرۆسە وئامرازانەی پەیوەستە بەو هەولأنەی کۆمەڵگە دەیدات بۆ تێگەیشتن و تێپەڕاندنی جێکەوتەکانی رابردوو لەروی ئەو پێشێلکارییە بەرفراوانانەی ئەنجام دراون، لە پێناو لێپرسینەوە و بەدیهێنانی دادگەری و سازاندنی ئاشتەوایی، ئەو میکانیزمانەش دەکرێ قەزای و ناقەزایی بن، لە هەمان کاتدا ئاستی بەشداری نێودەوڵەتی دەکرێ بەشێوەی جیاواز بونی هەبێت(یا هەر نەبێت)، رێوشوێنەکانیش چەندین رێکاری وەك دادگایی کردنی تاکەکان و قەرەبووکردن و بەدواداچونی راستیەکان و چاکسازیی دەستوری و پشکنینی تۆماری کەسی دەگرێتەوە تاوەکو پێشێلکارییەکان ببینرێتەوە و راستیەکان وەك خۆیان بزانرێ[91].

یان دەکرێ بوترێ بەرنامەیەکە بۆ گواستنەوەیەکی ئاشتییانە لەکۆمەڵگەیەکدا کە توشی زۆرداری سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابوری و تائیفی و عیرقی بوەتەوە وسوکایەتی ئاشکرا ئەنجام دراوە دژ بە مافەکانی مرۆڤ، گواستنەوەی بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی خواز کە ڕای بەرامبەر و فرەیی پەسەند بێت و

---

[91] **بۆ ئەم پێناسەیە و چەندین خاڵی گرنگی تری پەیوەندیدار، بڕوانە :** تقرير الأمين العام، ص 5-6، و حلقة نقاشيه، مركز دراسات الوحدة العربية في بيروت بتاريخ ٨ أيار/مايو ٢٠١٣ م، كةضةند بابةت و تةوةريَكي لة خؤ طرتوة. هةروةها بروانة:
http://www.globalarabnetwork.com/studies/3979-2011-05-10-18-40-44
العدالة الانتقالية: قراءة مفاهيمية ومعرفية– الشبكة العربية العالمية: مروة نظير.

ڕێزی مافەکانی مرۆڤ بگرێ ، بە مەرجێ شوێنەواری زۆرداریی پێشوو بسڕرێتەوە و هاوسەنگی بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە و ریزەکانی پتەو بکات[92].

"بەپێی ئەم پێناسانە دادگەریی راگوزەریی ئاراستەیەکی تەواوو گشتگیرە لەچەندین میکانیزمی پشت پێ بەستراو بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی مافەپێشێلکراوەکان لە رابردوودا، بەوەی راستیەکانیان بزانین و لێپرسینەوە لە ئەنجام دەرانی بکەین و قەرەبوی زیانەکانی قوربانیان بکەینەوە و ئیعتباریان بۆ بگێڕینەوە، بەشێوەیەك ئاشتەوایی نیشتمان دەستەبەر بێ و کۆیادگاریی بپارێزرێ و پتەوی بکات، لە هەمانکاتدا دەستەبەری و گرەنتی ئەوە بدات ئەم جۆرە پێشێلکارییانە دوبارە نابنەوە و دۆخێکی گواستنەوە بەدی دێت لە باری خۆسەپاندن و دیکتاتۆرییەت و زۆرداریەوە بۆ سیستەمێکی دیموکراسی وەها کەدەستەبەری مەنزومەی مافەکانی مرۆڤ بێت"[93]. بەکورتی وێنەی روداوەکان وەك خۆی ببینرێ و مافە خوراوەکان بگەڕێنرێنەوە و تاوان باران بە پێی یاسا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و قەرەبوی قوربانیەکان بدرێتەوە لەهەردوو رووی مادی و مەعنەوییەوە ، دواتریش سیستەمێکی سیاسی تەندروست و دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و پڕ ماف بنیات بنرێت و گرەنتی دووبارە نەبونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە بدرێ.

---

[92] بروانة: العدالة الإنتقالية في السياقات العربية، هايدي علي الطيب وآخرون، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، ط1، 2014م، و http://sorouhzaid.blogspot.com/2012/01/blog-post_2956.html و فاتح سەنطاوي، دواتر دەینیَرم، كۆمەڵەي روناكبیري كەركوك، كەركوك، 2013.

[93] العدالة الإنتقالية: المفهوم والنشأة والتجارب، أحمد شوقي بنيوب، حلقة نقاشيه، مركز دراسات الوحدة العربية في بيروت بتاريخ ٨ أيار/مايو ٢٠١٣ م، ص130.

# باسی دووەم: پایەسەرەکیەکانی دادگەری راگوزەری و پیادەبونی لە جینۆسایدی ئەنفالدا

لەو پێناسانەی رابورد دەکرێ بوترێ پایە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی دادگەریی راگوزەریی بریتین لە : لیژنەکانی دۆزینەوە و بەدواداچونی راستیەکان(لجان الكشف والتقصى عن الحقائق) و بنەمای لێپرسینەوە و خستنەژێرباری لێپرسینەوەوە(مبدأ المحاسبة والمساءلة) و قەرەبوی زیانەکان و بژاردنیان(جبر الأضرار والتعويض) و چاکسازیی لە دام و دەزگاکاندا(إصلاح المؤسسات) و ئاشتەوایی(المصالحة)[94]. کە بەکورتی دەتوانین شتێکیان لەسەر بلێین و دواتر

---

[94] **بۆ درێژەی ئەم خاڵانە بڕوانە توێژینەوەی:** العدالة الإنتقالية، المفهوم والآليات، حبيب بلكوش، **لە کتێبێکی تایبەت بە ناونیشانی:** العدالة الإنتقالية في السياقات العربية، هايدي علي الطيب وآخرون، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، ط1، 2014م، ص41-50.

بەراوردی بکەین بەوەی ئێمەی کورد چەندە سەرکەوتوو بوینە لە پیادەکردن و ئەنجام دانیاندا:

یەکەم: دروستکردنی لیژنەکانی دۆزینەوە و بەدواداچونی راستیەکان(لجان الکشف والتقصی عن الحقائق): ئەم لیژنانە چەندینە دەستەی فەرمی قەزایی و ناقەزایی تایبەتمەندن بە دۆزینەوە و بەدواداچونی راستیەکان و ئەرکیان لێکۆڵینەوەیە لەو بێ رێزیانەی بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و یاسا مرۆییەکاندا کراوە، بۆ ئەوەی بزانرێ چی رویداوە و بۆچی ئەنجام دراوە. ئەکرێ ئەم لیژنانە لەلایەن رێکخراو و دادگای تاوانی تایبەتمەندی ناوخۆیی و هەرێمی و نێو نەتەوەیی بن، یا لیژنەی هاوبەش و هەماهەنگ بن، گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا رێ و شوێنی زۆرە و زۆر ناوەند و رێکخراو دەتوانن بەشدار بن تێیدا، ئەم جۆرە لیژنانە و هەندێ جار لیژنەی ئاشتەواییشن، ئەم جۆرە لیژنانە مێژوییەکی هەیە لەچەندی ولآتی وەك بۆلیڤیا(1982) و فلپین(1986) و شیللی(1990-1991) و گواتیمالا(1994) و پیرۆ(2001) و پاراگوای(2003) و لە ئەفریقاش: رواندا(1990) و خواروی ئەفریقا(1995) و سیرالیۆن(200) و تەیموری رۆژهەلآت(2002) و و صربیا(2004) و مەغریب(2004)[95]..

دروستکردنی لیژنەکانی لێکۆڵینەوەو بەدواداچون دەکرێ چەندین سودو کەڵکی هەبێت لەوانە: زانینی راستی روداوەکان، دادگایی کردن و لێپرسینەوە ل تاوانباران، رەخساندنی سەکۆ و دوانگەیەك بۆ قوربانیان و راسپاردەکردن بە بژاردن و قەرەبوو کردنەوە و پێشنیاری چاکسازی یاسایی و دەزگایی پێویست و پتەوکردنی ئاشتەوایی کۆمەلآیەتی و یارمەتی دان و ئاسانترکردنی گواستنەوە

---

[95] بروانة : تقرير الأمين العام، ص 23، و العدالة الإنتقالية: مقاربات عربية للتجربة الدولية، عبدالحسين شعبان، المصدر السابق، ص105-106.

روەو دیموکراسی، جگە لە چەندی رۆڵی گرنگی تری وەك گەراندنەوەی رێزی مرۆڤ وهێشتنەوەی روداوەکان لە یادەوەری تاك وكۆدا [96].

ئەوەندەی من ئاگاداربم کورد و دەسەڵاتی کوردی لەم بارەیەوە هەنگاوی جیدی نەنا و درەنگ وەخت کەوتە خۆی، بگرە لە بری ئەوە سەرقاڵی شەڕی ناوخۆ و براکوژی بون، هەموو ئەو کارانەی کران بۆ لێکۆڵینەوە هەندێ هەوڵی تاکەکەس و چەند رێکخراوێکی توانا سنوور داربون و کارکردنیش بۆ ئەم کەیسە لەسەرەتاو ناوچەیی و حیزبی و سنوور داربون، لەو کارانە: هەندێ ئامار و تۆماری کەم و کورت، تۆمارکردن و نوسینی بەسەرهاتەکان لە دەمی قوربانیانەوە، رۆڵی میدیا بە تایبەت لە ساڵ وەگەڕ و یادی ئەنفالدا[97]، هەندێ، لەگەڵ گرێدانی چەندین کۆنفرانسی تایبەت لە نێوان ساڵانی2002–2016 پێشکەشکردنی چەندین توێژینەوەی زانستی، ئامارێکی درەنگ وەختی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان، نەبونی ژمارەی دروست بە ئێستەشەوە[98]، لەوانەیە باشترین کارێك ئەو هەوڵە بێت کە رێکخراوی میدڵ ئێست وۆچ بێت کە لە ماوەی 18 مانگدا ئەنجامی دا و لە ژێر ناوی: جینۆساید لە عێراقدا . پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد. بڵاوکرایەوە و لەیەن محەمەد حەمەصاڵح تۆفیقەوە کرا بە کوردی، گرنگی ئەم کارەش لەوەدایە کە:

---

[96] العدالة الإنتقالية: المفهوم والنشأة والتجارب، أحمد شوقي بنيوب، المصدر السابق، ص131–132.

[97] ئەو کەسایەتی و توێژەرانەی لە بواری ئەنفالدا کاریان کردوە کەم و دیارن و لە ناوەندی رۆشنبیری و ئەکادیمی کوردیدا ناسراون.

[98] بۆ ئەو کارانەی لەم بارەیەوە ئەنجام دراون بڕوانە: بڕوانە: رێکارێ مزوری، مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، کەرکوك، 2013، ل72–75.

ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی لە نێوان ساڵی1992-1993 ئەنجام دراون بە پشت بەستن بە هەندێ زانیاری کە پێش ئەو بەرواره لە ئارادا بوه... دواهەمین کارێکی گرنگ و یاسایی لەم بارەیەوە ئەنجام درابێ ئەو دادگایی کردنانەی سەرانی بەعس بوو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقل 21-8-2006بە تۆمەتی جینۆسایدی بەناو ئەنفال کە تیایدا دەیان دیکۆمێنت و شاهێدحاڵ ئامادەکران و تاوانەکەش لە بەرواری 24-8-2007 وەك جینۆساید ناسێنرا کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی گرنگە و دەکرێ کاری جیدی تری لەسەر بکرێ و بۆ دامەزراوە تایبەتمەندەکان سودی لێ ببینرێ... ئەوەی جێگەی ڕەخنە و سەرکۆنەیە لەم بارەیەوە ئەوەیە حکومەتی کوردی لە سەرەتاوە هیچ هەنگاوێکی جیدی نەناوە بۆ بەدواداچون و گەیشتن بە ڕاستیەکان ئەوەی کرا هەم کەم و کورت بون و هەم سنوور دار بگرە دوای زیاتر لە 15ساڵ بە ئامارێکی گشت گیر و تا ڕادەیەك ناروون هەڵ دەسێ، ئەویتر زیاتر کاری تاکەکەس و چالاکوانانی بواری ئەنفالە، ئەمە جگە لەوەی تاوەکو ئێستا کە چارەکە سەدەیەکە حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە دەزگایەکی تایبەتمەند و ستراتیژێکی زۆر ڕونمان نیە بۆ ئەوەی کاری جیدی لەم خاڵەدا بکەین و بتوانین وەکو پێویست کارا بین تێیدا لە زۆر ڕووەوە ...

دووەم: بنەمای لێپرسینەوە و خستنەژێرباری لێپرسینەوەوە( مبدأ المحاسبە والمساولە) و دادگایی کردنی تاوانباران لە ڕێگەی دادگای تاوانەکانەوە دوای ناسینەوەی تاوانباران و گەیشتن بە ڕاستییەکان و پاراستنی بەڵگەکان و لە دادگای جۆراوجۆری ناوخۆیی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. کە دواتر قەرەبووی قوربانیان و داوای لێبوردن کردن و چاکسازی جۆر بەجۆری بەدوادا دێت... بەشێك لەم لێپرسینەوە و دادگایی کردنانە جگەلەوەی هەندێ کەس ڕووبەڕوی

حوکم و گرتن دەکات، دەبێت چەندین ڕێ وشوێنی تریش بگرێتەوە بۆ هەندێکی دی وەك: دەرکردن لە خزمەتی سەربازی و پۆلیس و دام و دەزگاکانی گرتووخانەکان و قەزا و ... هتد[99]. ناکرێ ڕێگە بدرێت تاوانبارانی ڕاستەقینە دەربازیان بێت لە لێپرسینەوەی جینائی و قەزایی، لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەندەش بەرین بکرێ سەرەنجام بێ تاوانانیش بگرێتەوە و جۆرێك لە فەوزا بهێنێتە ئاراوە و دەرفەتی ئاشتەوایی و ئاسایی بونەوە قورس و ئەستەم بکات، گرنگە لەم پرۆسەیەدا تاوانبارانی ڕاستەقینە دادگایی بکرێن، ئەگینا کەس و کاری قوربانیان لە رووی دەرونیەوە ئاسایی نابنەوە و لە داهاتوشدا نابێتە هۆی سڵەمینەوە لە دووبارە کردنەوەی ئەم جۆرە تاوانانە، هەر بۆیە گرنگە لەلایەکەوە دادگەری پیادەکرێ و دەرفەتی ئاشتەواییش بڕەخسێنرێ[100]. لەهەر کاتێکیشدا پێویست بوو دەبێ حکومەتەکان هەماهەنگی و هاوکاری بکەن لەگەڵ دادگا نێودەوڵەتی و هاوبەشەکاندا[101].

بۆ ئەم خاڵە ئێمەی کورد یەکجار کەمتەرخەم بوین و ڕێزی قوربانیەکانی خۆمان نەگرتوە و نەمانتوانی ئەم بنەمایە کارا کەین نەك هەر ئەوەندە بگرە حیزبی کوردی باوەشی بۆ بەشێکی زۆری تاوانبارانی ئەم جینۆسایدە کردەوە و لە ئامێزی گرتن و پلە و پایە و شوێن و پێگەی گشتی و تایبەتی پێ دان... لەولاشەوە قوربانیەکانی بەم کارەی سزا داو درێژەی دا بە زیاترکردنی چەرمەسەری و نەهامەتییەکانی... بەرەی کوردستانی ئەو کات لێبوردنی

[99] **بڕوانە :** تقرير الأمين العام، ص24.

[100] بڕوانة : العدالة الإنتقالية: مقاربات عربية للتجربة الدولية، عبدالحسين شعبان، المصدر السابق، ص107–109.

[101] تقرير الأمين العام، ص 29.

گشتی دەرکرد بۆ موستەشار و جاشەکان ئەمە ئەگەر لە هەندێ روەوە بۆ یەکڕیزی گەلی کورد و قولێ نەبونەوەی ناکۆکییەکانی سودی هەبوبێ لە لایەکی ترەوە هەر ئەو کەسانە بەشێك بون بۆ هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی و زیاتر کردن و قوڵترکردنەوەی ناکۆکیەکان ... لە لایەکی ترەوە تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەت و تاوانی جەنگ تاوان گەلێکن تەنانەت نەتەوە یەککگرتوەکانیش بۆی نیە لێبوردنی لەبارەوە دەرکات ... خۆ ئەگەر واقعی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەی خواستبێ ئەی پەنادان و پۆست پێ بەخشین و یارمەتی دانی دارایی لە ژێر چ پاساوێکدا جێگە دەکەنەوە؟! ئەی ئەوانەی قبوڵیان نەبوو ئەو لێبوردنە پەسەند بکەن و تاوەکو روخانی رژێمیش لەبەغدابون بۆ پەنادران و رزگار کران؟! لێبوردنی گشتی نابێتە رێگر لەوەی سکاڵای تایبەتی لەسەر هەندێ لەو تۆمەتبارانە تۆمار بکرێ ئەی رێگری و ئاستەنگ دروست کردن بۆ ئەم رێ و شوێنانە پاساوی چیە؟! راستە بەشێك لەوانە بەتایبەت سەرانی بەعس دادگایی کران لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و هاوپێچ لەگەڵ ئەوەشدا ناوی موستەشارەکانیش هەبوو نەدەکرا دۆخێك برەخسێنرێ تاوانبارە سەرەکیەکان دادگایی بکرێن و بەشێکیشیان (بێگومان) بێ تاوان دەردەچون و دواتریش کاربکرایە بۆ ئاشتەواییەك لە رێگەی داوای لێبوردنەوە بۆ ئەوەی جۆرێك لە ئارامی دەرونی بهاتایەتە ئاراوە بۆ کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال، نەك ئەو تۆمەتبارانە رێز لێ گیراو بن و پلە و پۆستیان پێ ببەخشرێ و موچە و مینحەیان بەناوی جۆربەجۆرەوە پێ بدرێ ... هتد.

سێیەم: بژاردن و قەرەبوی زیانەکان(جبر الأضرار) و گەڕاندنەوەی مافەکان(دوای لێپرسینەوە و دادگایی کردن)، لە رێگەی قەرەبوی مادی و مەعنەویی قوربانییەکانەوە کەڕێ و شوێنی زۆرە. وەك گەڕاندنەوەی مافە یاساییەکان گەر

لێیان زەوت کرابوو، بژاردنی زیانە مادییەکان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر و داوای لێبوردن کردنی فەرمی و بنیاتنانی مۆنۆمێنت و دانانی سالْڕۆژ [102] و دوبارە شیاندنەوە و خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەلآیەتی قوربانیان و رەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ژیان و گوزەرانیان ...

وەك ئاماژەمان پێدا قۆناغی یەکەمی دادگەری راگوزەری بەکەم و کورتی ئەنجام دراون و هێشتاش کاری زۆر و گرنگ ماون و قۆناغی دوەمیش تەنها ئەوەندەی جێ بەجێ بوو کە دادگای بالآی تاوانەکانی عێراق پێی هەستا کە زۆرکەمە و لە پەنجەی دەست تێ ناپەڕن لە کاتێکدا سەرانی تۆمەتباری ئەو کەیسە بەسەدانن و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و کەس لێیان ناپرسێتەوە... بابەتی قەرەبوکردنەوە و بژاردنیش شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە کە لە ئاستی ئەو تاوانەدا بێت... ئەوەی کراوە: موچەیەکی کەم بۆ بەشێك لە واریسانی ئەنفال، کردنەوەی هەندێ مۆنۆمێنتی هەژار و تاڕادەیەك خالْی، یادی سالآنەی جینۆسایدی ئەنفال، خانوو دروستکردن بۆ بەشێکی لە واریسانی ئەنفال کە بەشێکی لەسەر مینحەی کۆمپانیاکانی نەوتە بۆ ئەو دەڤەرانە، هەندێ ئیمتیازی وەك خالْ بەخشین بە منالْی ئەنفالکراوان و پێ دانی کرێی خوێندن لە ناوخۆدا بۆ کەس و کاری پلە یەك ئەنفال ... ئەمانە هەموی باشن بەلآم سنووردار و کەم و کورتن ... ئەوەی نەکراوە: قورەبوو نەکردنەوەی زیانە داراییەکانی وەکو خانوو روخان و بەتالآن بردنی مەڕ و مالآت و کەرەستەی مالْ

---

[102] **بڕوانە :** تقرير الأمين العام، ص 25.

و ژیان و گوزەران، موچەی گونجاوو شایستە، کەمی خزمەتگوزاریی جۆربەجۆر بۆ ناوچە و دەڤەری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ئاوەدان نەکردنەوەی گوندەکان و یارمەتی نەدانیان بەشێوەی گونجاوو شایستە، قەرەبونەکردنەوەی مەعنەوی لەوانە: داوای لێبوردن نەکردنی حکومەتی عێراق، مانەوەی روفاتی ئەنفالکراوان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان و لەناوچونی هەندێکیان، کەمی و دەگمەنی خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ کەس و کارە بەجێماوەکانی ئەو پرۆسانە ... لەکاتێکدا لە ماوەی رابردوودا کوردستان توانایەکی بێ شوماری دارایی هەبوە و زۆرێك لەوانەی لەکاتی پرۆسەکانی ئەنفالدا هیچیان نەبوو ئێستە ملیۆنێر و ملیار دێر و خاوەن نفوز و دەسەلاّتن .

چوارەم: چاکسازیی لە دام و دەزگا فەرمی و یاساییەکان و گرتنە بەری ئەو رێ و شوێنانەی سەروەریی یاسا و دادگەریی راگوزەریی دەستەبەردەکەن، ئەم هەنگاوە دوای دادگایی و بژاردن و قەرەبوو بەدی دێت، بۆ ئەوەیە دەستەبەری گواستنەوە بکرێت روەو دیموکراسی و ئەو دام و دەزگایانەی مافەکانی مرۆڤ و هاولاّتی دەستەبەر دەکەن، چونکە ناکرێ ئەو سیتەمە بەرقەرار بێت کە تێوەگلاوە لەتاوەنەکاندا یان دەرفەتی دووبارە بونەوەی دەڕەخسێنێ، دەبێت دۆخێك لە چاکسازی و ریفۆرمی کارگێڕی بێتە ئاراوە ماف و ئازادییەکان بپارێزێ، رێگر بێت لە وەی تاوانباران پلەو پایەی گشتی وەربگرن. ئەنجام دانی هەر پرۆسەیەکی چاکسازیی لە دام و دەزگا حکومیە جۆربەجۆرەکاندا

دەرفەتی گونجاو بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگە دڕەخسێنێ تاوەکو دۆخێکی یاسایی و ئاسایی بێنێتە ئاراوە[103].

ئەم پایەی دادگەری راگوزەریی خاڵ و پنتی شکستی دەسەڵاتی کوردییە، ئەزمونی کوردی بە شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد و بەخوێن و برا کوژی ستایش و پێشوازیان لەو دۆخە نوێیەیان کرد کە هاتە ئاراوە، دۆخێك ئێمە نەمان هێنایە ئاراوە بەڵکو هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان لە بەرەنجامی سەرکێشیەکانی سەدامدا رەخساندیان، دوای 25 ساڵ لە ئەزمون هێشتا حکومەتی هەرێم خاوەنی دام و دەزگای فەرمانڕەوایی سەربەخۆ نییە و هێشتاش دوو ئیدارەیی بەرقەرارە و حیزب خاوەنی دەسەڵاتی راستە قینەیە نەك حکومەت و هەمان کلتوری بەعس لە خۆسەپاندن و رامالینی یەکتر و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان بالاً دەستە و گەندەڵی زۆر زیاتر لە جاران تەشەنەی کردوە و قۆرخکاری دارایی و هێز و دەسەلات لەلایەن حیزب و بنەماڵە و کەسەکانەوە سیما و ئادگاری زاڵی ئەم فەرمان رەواییەیە، خەماویترینیان پەکخستنی پەرلەمان و ئەو رێ و شوێنانەیە کە گیرانە بەر، بابەتە لێرەدا ئەم حیزب و ئەو حیزب نیە، کێ کردی و کێ هۆکارە نیە، گرفتەکە بیماری فەرمانڕەوایی و دەسەلاتدارێتی و شکستەکانێتی کە دوای ئەو هەموو قوربانیانەی مێژوی خۆی نەیتوانیوە ئەزمونێکی سەرکەوتوو بنیات بنێ

[103] تقرير الأمين العام، ص 29. والعدالة الإنتقالية – بحث مفصل – سياسة شاملة، في موقع: http://sorouhzaid.blogspot.com/2012/01/blog-post_2956.html

و چاکسازی لە دام و دەزگاکانیدا بکات و هەناسە و هەژمونی خۆسەپاندن و دواکەوتویی کپ بکاتەوە . هەر بۆیە لەم خاڵەدا نەك نەتوانراوە چاکسازی بکرێ بگرە ئەوەندە بە ئاقارە سەلبییەکەیدا ئاراستە کراوە لە هەموو ئان و ساتێکدا (ئەگەر پێویست بکات)ئامادەیی ئەنجام دانی هەموو ئەو تاوانانەیە کە دوژمنەکانی بەرامبەری ئەنجامی داوە، بۆ ئەمەش نمونەمان زۆرە...

پێنجەم: لیژنەی ئاشتەوایی و ئاشکراکرد(لجان المصالحة والمصارحة) کە کار بۆ ئاشتەوایی دەکات. دوای قۆناغەکانی پێشوو هەندێ هاوکات لەگەڵ هەندێکیدا لیژنەی ئاشتەوایی پێك دێت بە بەرنامەی تۆکمە و پلانی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەوەی تاوانبار دان بە تاوانەکەیدا بنێ و قوربانیش لێی خۆش بێت، یا دۆخێکی لەو جۆرە دەسازێنرێ بەشێوازی جۆراوجۆر، دواتر ئاشتەوایی نیشتمانی بەدوادا بێت بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە جۆراوجۆرەکانی نێوکۆمەڵگە: نەتەوەیی، ئاینی، تایفی، سیاسی،(کەلێرە و لای ئێمە زیاتر نەتەوەیی سیاسییە) و دەرکردنی لێبوردنی گشتی یا تایبەتی بۆ ئەوانەی تاوانیان ئەنجام نەداوە هەرچەندە لە کۆی دیمەنە گشتیەکەدا بوون بۆ ئەوەی هەلی چونە نێو کۆمەڵگەی نوێیان هەبێت.

یەك لەو خاڵە ئیجابیانەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا زیاتر زاڵە گیانی لێبوردن و لە بیرچونەوەیە(گەر چی بەشی دوەمی هەندێ سەلبیاتیشی هەیە)، ئەمە وەهای کردوە خەڵکی دوای ئەو روداوانە ئەوەندەی دڵخۆشبوون بەکەوتنی رژێمی

بەعس ئەوەندە لە بیری تۆڵەدا نەبوون، هەر بۆیە کوشتاری جاش و موستەشارەکان نەبویە نەریت و کوشتنی سەربازە عێراقیەکان پیادە نەکرا، ئەمە ئازایی دەسەلأتی کوردی نەبوو, بەڵکو گیانی لێبوردەیی بوو لەناخی کۆمەڵگەدا، ئەگینا لەناوخۆدا (جگە لە لێبوردنە گشتیەکە) شتێك نەکرا ناخی پەنگ خواردوی ستەم لێکراوان دابمرکێتەوە، لەوانەیە یەك رەنگی گەلی کورد لەوەی زۆرینەی هەرە زۆری مسوڵمانی سوننە مەزهەبن و بەرامبەرەکانیشیان کەس و کاری خۆیان بون و دەشیان زانی بەشێکی زۆری جاشەکانیش بە پاڵنەری کوشتنی ئەوان چەکیان هەڵنەگرتوون بەڵکو هۆکاری ئەو دیاردەیە بوو، کە دیاردەیەکی تا بڵێی نەشیاو بوو, هێمای ناپاکی بە نیشتمان و خەڵك و خاك بوو, پاشان هەموو جاشەکان یەك رەنگ و یەك جۆر نەبوون... سەرانی بەعسی عەرەبیش بەردەست نەبوون تا تۆڵەی خۆیانی لێ بکەنەوە ... بە هەرحاڵ دۆخی ئاشتەوایی لە کوردستان لەبەر ئەو هۆکارانە و هۆکاری تریش تاڕادەیەکی باش نۆرماڵ بوو، تەنانەت داواکاری کەس و کاری ئەنفالکراوەکانیش تەنها قەتیس ماوە لە هەندێ موستەشاری تۆمەتباردا نەك هەموو ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەك بوو بێ چەك هەڵگری رژێمی بەعس بوون ...

توێژەر بڕوای وەهایە ژینگەی کۆمەلأیەتی و نەتەوەیی و ئاینی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەلأم لانی کەمی ئەو رێ و شوێنانەی لە دادگەریی راگوزەرییدا هەن پێویست و گرنگ و رێکن بەخواستە رەوا و شەرعیەکانی قوربانیان و کەس و کاریان، رێگەیەکی یاساییە بۆ پێناو گەڕاندنەوەی مافە

پێشێلکراوەکان و بە ئەرکێکی ئەخلاقییانەشە لە بەرامبەر ئەوەی رویداوە لە رابردوودا تاوەکو سارێژ بکرێ، بۆ ئەوەیە ئێش و ئازارەکان کەمتر بکرێتەوە و باری سەرشانی قوربانییەکان سوك ببێ و شوێنەوارە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی پێشوو نەهێلرێ و کاربکرێ بۆ بنیاتنانی کۆمەلگەیەکی نوێی خاوەن بەهای نوێ...

## باسی سێیەم: رۆلی نەتەوە یەکگرتوەکان

بەپێی راپۆرتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، نەتەوە یەکگرتوەکان بە دام و دەزگا تایبەتمەندییەکانیاوە دەتوانێ رۆلی زۆر ببینێ لە دادگەریی راگوزەرییدا، لەوانە:

1. پێشکەشکردنی هاوکاری لە پێناو سەروەریی یاسا و دادگەریی راگوزەریی و هەلسەنگاندنی پێداویستیەکان و پلان دانان بۆ نێردەکان و ناردنی پسپۆڕان وپێشکەش کردنی ئاراستە و رێنمایی جۆراوجۆر..
2. رۆل بینین و پشتیوانی کردن لەدانانی دەستور و هۆشیاری و رۆشنبیرکردنی خەلکی و گەشەپێدانی دام و دەزگاکان و مافەکانی مرۆڤ لە پێناو هاولاتیە زیان لێ کەوتوەکان و چەندین رێ وشوێنی

تــری وەك پــەيمانگای راهێنــانی ياســايی و بــەهێزكردنی تواناكــانی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی بۆ چـاودێری قـەزا و يارمـەتی دان لـە ناردنی نێردەكانی ئاشتی و ميكانيزمەكانی بەدواداچونی راسـتيەكان و بەرنامەی قەرەبوی زيان لێكەوتوەكان[104].

3. هەڵسەنگاندنی توانا و پێداويستيە نيشتمانيەكان و پشتيوانی كردنـی چاكسازيی و لە چوارچێوە سياسييە پەسەندە ناوخۆييەكاندا[105].

4. بە بۆچـونی نەتـەوە يـەكگرتوەكان ڕێوشـوێنە ناتـەواو و جوزئيـەكانی پيادەكردنی سـەروەری ياسـا و دادگـەريی راگـوزەريی بـێ بەرهەمـە و دەبـێ هـەموو دام و دەزگـا فـەرمی و نافەرميـەكان و بـە سـتراتيژێكی گشتگيرەوە لە لايەن كەسـانی نيشـتمان پـەروەری دەسـەلأتدارەوە و بــەپێی پێــوەرە نێــو دەوڵەتيــەكان و بەگرتنەبــەری ميكانيزمــە دروســتەكان هەســتن بــەم ئەركــە گەورەيــە گەشــە بەسيســتمەكانی دادوەريی نيشتمانی بدەن[106].

5. نەتەوە يەكگرتوەكان دەتوانێ بە دامەزراوەكانی خۆی بەشداری بكات ئەگەر ڕێ و شوێنە پێويستەكان بگيرێتە بەر ، هەروەكو وەكو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە يوگسلافيا و رواندا پێی هەستا.

---

[104] تقرير الأمين العام، ص 7–8.

[105] تقرير الأمين العام، ص 8–12.

[106] تقرير الأمين العام، ص 12–17.

6. هەر لەم سۆنگەیەوە گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە تەنانەت نەتەوە یەکگرتوەکانیش مافی ئەوەی نیە لێبوردنی گشتی ببەخشێتە ئەو کەسانەی هەستاون بە تاوانی جینۆساید یا تاوانی جەنگ یا تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ، لە هەمان کاتداو پێویستە لەگەڵ داننان بەمافی قوربانیان و دان بنرێ بە مافی تۆمەتبار و تاوانبارانیشدا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان[107].

7. پێویستە رەچاوی پێداویستیە نیشتمانیەکان و دۆخی تایبەتی هەر کۆمەڵگەیەك بکرێ و هیچ نمونەیەکی دەرەکی نەسەپێنرێ[108].

لێرەدا دەپرسین: ئایا فەرمانڕەوا و دەسەلاَتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ سودێکیان بینیوە لەو رێ و شوێنانەی کە دەکرێ لە رێگەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە سودی لێ ببینین؟ ئایا رێگرەکان حکومەتی عێراقن یاخودی دەسەلاَتدارانی هەرێم؟ لێرەدا توێژەر بڕوای وەهایە ئەکرێ حکومەتی عێراق لە هەندێ باردا هاوکار نەبێت وەك ئەوەی عێراق ئەندام نیە لە دادگای بالاَی تاوانەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان بەلاَم دەکرێ رێ و شوێنی تر ببینرێتەوە بۆ تێ پەڕاندنی، پاشان دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ کەسانێك کە بەپێوەرە نێودەوڵەتیەکان لێبوردن نایگرێتەوە کەم و کورتیەکی یاساییە، دواتر لە کوێدا ئێمە داوای ئەو هاوکارییانەمان کردوە لە جینۆسایدی ئەنفالدا و ئەوان یارمەتی دەر نەبوون؟! ئەمە پرسیارێکە دەبێ ئەوان وەلاَم بدەنەوە.

---

[107] تقرير الأمين العام، ص 29.

[108] تقرير الأمين العام، ص 29.

# دەرەنجام

1. لە رابردووە تێگەیشتێکی ورد بۆ چەکی دادگەریی راگوزەریی وەکو پێویست لەئارادا نەبوە.
2. هەوڵە ناوخۆییەکان کەم و کورت و سنوور دار بوون بۆ گەڕان بەدوای راستیەکان و لێکۆڵینەوە لەوەی رویداوە و زیاتریش هەوڵی تاکەکەسی و چەند رێکخراوێك بوە.
3. هەنگاوی بەدادگایی کردن و لێپرسینەوە لە ناوخۆی هەرێمدا ئەنجام نەدراوە بگرە پاداشتی تاوانبار کراوە و ئامێزیان بۆ کراوەتەوە و پۆست و پلە و پێگەیان پێ بەخشراوە لە بواری گشتیدا جێگەیان کراوەتەوە لە پێناو بەرژەوەندی حیزبیدا..
4. بەرێژەیەکی کەم و کورت و سنوور دار قەرەبووی مادی و مەعنەوی کراوەتەوە.
5. دەسەلاّتدارانی حکومەتی هەرێم لە بری یەکڕیزی ناوخۆ و چاکسازی و ریفۆرم لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و بەدیهێنانی دیموکراسی راستەقینە و بنیاتنانی دام و دەزگای داوەری سەربەخۆ و شەفافیەتی تەواو لە بواری ئابوریدا، تەواو بە پێچەوانەوە کاری کردوە، بەمەش یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی دادگەری راگوزەری شکستی هێناوە کە بریتیە لە ریفۆرمی دام و دەزگا یاسایی و سیاسی و قەزاییەکان.

6. نەتوانراوە سوود لـەو دەرفەتانـە وەربگـیرێ کـە دەکـرێ لـەرێی دام و دەزگـا نێونەتەوەییەکانـەوە دەسـتەبەر بکـرێ بـۆ خزمـەت و سـودی جینۆسایدی بەناو ئەنفال و دواتر دۆزی نەتەوەیی.

# جینۆساید و قەرەبوی مەعنەوی

# ناساندنی چەمچەماڵ بە پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوان وەك نمونە

## فاتیح سەنگاوی- توێژەر لەبواری ئەنفال و مامۆستای زانکۆ

## پێشەکی

بیرۆکەی پایتەختی رەمزی، بیرۆکەیەکی نوێیە و لەنیوەی دوەمی سەدەی سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوە، لەم میانەیەدا و هەر بۆ نمونە بیرۆکەی پایتەختی رۆشنبیری سەرەتا لە ئەوروپا و لە ساڵی 1983بەدەرکەوت، بەدەستپێشخەری وەزیری رۆشنبیری یۆنانی ئەوکات، ئامانجی ئەم دەستپێشخەرییەش برەودان بوو بە پایەی رۆشنبیری لە ئەوروپادا تاوەکو هەمان گرنگی کەرتەکانی رامیاری و ئابووری پێ بدرێ. لەرووی کرداریشەوە ئەم پرۆژەیە ساڵی1985جێ بەجێ کراو و ئەسینای یۆنان بوە یەکەم شاری رۆشنبیری ئەوروپایی و پایتەختی رۆشنبیریش بوە یەکەم ئەزمونی ئەو پرۆژانەی سازو گونجاو بوون بەئامانجەکانی : گرێبەستی جیهانی بۆ

گەشەپێدانی رۆشنبیری(العقد العالمی للتنمیە الپقافیە) کە بەکرداری لە ساڵی1988ەوە دەستی بەکارەکانی کرد و لە ساڵی 1997دا کۆتایی پێ هات. دواتریش کۆمەڵەی عەرەبی لە یونسکۆ پێشنیاری ئەوەیان کرد ئەزمونی پایتەختی رۆشنبیری ناوچە عەرەبیەکانیش بگرێتەوە و ئەمەش بەکرداری جێ بەجێ کرا[109]. هەمان دیاردە بۆ پایتەختی ئاشتی لە ئارادایە[110]، هەموو ئەمانەش جگە لەوەی ناونانێکی رەمزی و پێگەیەکی مەعنەوییە دواجار دەبێتە شوێن و پێگەیەکی گرنگی پێدان و پشتیوانی کردنی ئەو بوارەی جەختی لەسەر دەکرێتەوە و دەویسترێ برەوی پێ بدرێ، تەنانەت زۆرجار هاوکاری مادی دەکرێ  بۆ چالاکی جۆراو جۆری تایبەت مەند هەروەکو لە پایتەختی رۆشنبیری و ئاشتی و تەنانەت ئابوری و هتدیشدا دەبینرێ.

بیرۆکەی ناساندنی چەمچەماڵیش بەشێکی لەو خواستانەوە سەری هەڵداوە و بەشێکە لەو هەولانەی دەدرێ بۆ پشتگوێ نەخستنی خەڵك و دەڤەرێك کە

---

[109] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم ماڵپەڕانە:
http://culture.alecso.org/ministrescongress/?p=115 العواصم والمدن الثقافیة، وhttp://www.arabbeat.com/i/1st/1004.htm فكرة العواصم الثقافیة.

[110] بۆ ئەو شارانەی نازناوی ئاشتی و پایتەختی ئاشتیان پێ بەخشراوە بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی:
http://www.internationalcitiesofpeace.org/what/what.html

زۆرترین قوربانی بەم گەل و خاکە پێشکەش کردوە و زۆرترین قوربانی داوە، کە زۆرجار بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی و چاوتێبڕینی زیاتری داگیرکاران و کەوتنەوەی ئەو قوربانیانە هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی تری سەلبی و نەشیاو لەم دەڤەرە و دروست بونی چەندین گرفتی دەرونی و کۆمەلآیەتی جۆربەجۆر کە بەشێکی دیار و بەرچاوی گرێ دراوی مێژوی خەبات و قوربانی دانە و بەشێکیشی هۆکاری تری هەیە، کە دەکرێ لە توێژینەوەی تایبەتدا بەدەربخرێ.

ئەم توێژینەوە کورتەش پێکهاتووە لە پێشەکیەك و سێ باس و ئەنجام، لە باسی یەکەمدا: جینۆساید و قەرەبوی مەعنەوی، زۆر بەکورتی ئاماژە دراوە بە پێناسەی جینۆسایدی ئەنفال و دواتریش تاوتوێی قەرەبوی مەعنەوی کراوە بە گرێ دراوی لەگەڵ دادگەریی راگوزەرییدا بەو پێیەی توێژار لەو باوەڕەدایە دەکرێ(قەرەبوی مەعنەوی) لە نێو خاڵ و هەنگاوەکانی دادگەریی راگوزەرییدا جێ بکرێتەوە. لە باسی دوەمدا: پرۆسەکانی جینۆسایدی ئەنفال لە سنوری کارگێڕی چەمچەماڵدا: بەخێراییەك تیشك خراوەتە سەر ئەو بەشەی هەرسێ قۆناغی(2و3 و4)ی ئەنفال کە دەکەوێتە سنووری کارگێڕی قەزای چەمچەماڵەوە، بێ ئەوەی درێژەی پێ بدرێ یا وردەکارییەکانی باس بکرێ، لەکۆتایی ئەم باسەشدا بەچەندخاڵێك ئاماژە دراوە بەو قوربانی دانانەی دەری دەخەن ئەم دەڤەرە لەو بارەیەوە و لە جینۆسایدی ئەنفالدا بەپێی قەبارەی خۆی بێ وێنەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. لەباسی سێیەمیشدا:

ناساندنی چەمچەماڵ وەك پایتەختی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان. هۆكار و پاساو، دوای كورتە خستنەرویەكی ناسنامەی دەڤەرەكە، ئەو خاڵ و هۆكارانە خراوەتە روو كە هۆكار و پاڵنەرن بۆ ئەو خواستەی خەڵكی ئەم ناوچەیە داوای دەكەن و دەیانەوێ بە فەرمی بناسرێت و كۆتایی باسەكەش بە ئەنجام كۆتایی هاتوە لە چەند خاڵێكی كورت و پوختدا.

ماوەتەوە بڵێم: داخوازییەكی لەو شێوەیە بەمەبەستی ناساندنی خۆ و قەرەبویەكی مەعنەوی و ئاسودەیی دەرونی و خزمەتە بە دۆزی رەوای گەلەكەمان نەك كەمتر بینینی قوربانیانی تری هەرێمی كوردستان، چونكە لە دیدی ئێمەدا كوشتنی تاكە مرۆڤێكی بێ تاوانی بەئەنقەست كوشتنی مرۆڤایەتییە، نەخاسمە ئەو شەهید و قوربانیانە هەمویان رۆڵەی ئەم گەلەن و هاولاتی ئەم كوردستانەن ...

## باسی یەكەم: جینۆساید و قەرەبوی مەعنەوی

### 1. جینۆساید

پرۆسەكانی ئەنفال و ئەو دەرەنجامانەی لێی كەوتەوە و ئەو كاریگەرییە جۆربەجۆرانەی بەجێی هێشت و ئەو توێژینەوە و بەدواداچونانەی لەو بارەیەوە كراوە ئەوەی تێپەڕاندوە گومانێك هەبێت سەبارەت بەوەی پرۆسەكانی ئەنفال جینۆسایدە، بەو پێیەی پرۆسەیەكی مەنهەجی و ڕێكخراو و نەخشە بۆ

داڕێژراوی بەئەنقەست بوو بۆ بە ئامانج گرتنی کۆمەڵەیەکی مرۆیی ئەتنی یا سیاسی و رۆشنبیری. یاخود ئاینی یا نەتەوەیی دیاریکراو بەمەبەستی لەناوبردن و پاکتاوکردنیان بەشێوەیەکی گشتی یان یا بەشێکی. لەم پرۆسەیەدا هەرسێ قۆناغەکەی جینۆسایدی تێدا بەدی کرا کە بریتین لە(دەستنیشانکردنی ئەو کۆمەڵەی دەکرێنە ئامانج، کۆکردنەوەیان لە سەربازگە و شوێنە دیاریکراوەکاندا، لەناوبردن و ونکردنی شوێنەواریان).

پرۆسەکانی ئەنفالیش لای بەعس بریتی بوو لە چەند شالاَّوو پرۆسەیەکی سەربازی، پێشتر نەخشە بۆ کێشراوو بەرنامە بۆ داڕێژراو، بەپێی ستراتیژییەتێکی چڕ، لە پێناو پاکتاوکردن و کۆمەڵ کوژی گەلی کورد و گواستنەوەیان لە شوێن و جێگەی خۆیان لە کوردستانی عێراق، بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە بواریی جوگراف و دیمۆگراف و رۆشنبیری و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری و لەناوبردنی جەستەیی، لە چوارچێوەی هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جۆراو جۆر و جیاوازدا، لە 21ی شوباتی 1988 وە تاوەکو 6ی ئەیلولی هەمان ساڵ خایاند و زیاتر لە شەش مانگ بەردەوام بوو، سەرەنجام دەیان هەزار قوربانی کەسانی بێ چەك و سیڤیل و مەدەنی لێ کەوتەوە لە پیر و لاوو منداڵ و ئافرەت و منداڵی شیرەخۆرەو ڕوخاندنی هەزاران گوند و لادێ بەمزگەوت و تەکیە و قورئان و قوتابخانە ونەخۆشخانەوە... تیایدا سوپا هەموو جۆرە چەکێکی لەناوبەر و فڕۆکەو چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەی بەکار هێنا و دواجاریش ژێرخانی ئابوری لادێیەکانی کوردستان وێران کراو و بەدەیان هەزار کەسی مەدەنی بەدیل گیران و دوای برسی و تووینی کردن و ئازاردانی جەستەیی و دەرونی ڕاستەوخۆ کوژران یان بە بەزیندوویی زیندەچاڵ کران و دواتریش

بەشێکیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەر و سەماوە و حەمرین و نەجەف و ... هتد دا دۆزرانەوە لە عێراقدا[111].

بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدەش لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هەندێ هەوڵی گرنگ دراوە و گەیشتوەتە ئاستی هەندێ دانپێدانانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی[112] بەڵام کاری گەورە و گرنگی تریش لەپێشە بۆ ئەنجام دان و تەواو کردنی لەڕوی ناساندن و دانپێدانان و بە ئەرشیف کردن و کاری دیکۆمێنتاری کاریگەرەوە.

---

[111] **فاتح سەنگاوی**، عمليات الأنفال وآثارها على الشباب، وزارة الثقافة والشباب، أربيل، ط1، 2010، ص50.

[112] **لەو کارانە ئەنجام دراون: گرتنی چەند کۆنگرەیەکی تایبەت و چەندین توێژینە بۆ ناساندنی جینۆسایدەکە و ئامارێکی گرنگی درەنگ وەخت و تا ڕادەیەك لێڵ و ناڕۆشن لە ڕووی ژمارەی قوربانییەکانەوە(لە 2007)،هتد، دروستکردنی چەندین مۆنۆمێنت چەندین هەوڵی دی کە دراوە و دەدرێن بۆ داننان بەم کارەساتە لە پەڕلەمانە ئەوروپییەکان وەك جینۆساید وبەجینۆساید ناساندنی ئەم کارەساتە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لە 4-6-2007 و پەڕلەمانی عێراق لە 14-4-2008 دەستکەوتن و دەبێت کاری تریشی بەدوادا بێت... لەگەڵ چەندین کاری دیکۆمێنتاری و چاپ کردنی کتێب و توێژینەوە.... بەڵام ئەوەی کراوە زۆر کەمە و لە ئاستی ئەو تاوانەدا نیە و هێشتا هەنگاوی زۆر پێویستی ترمان لە پێشە. بڕوانە: ڕێکاریێ مزوری، مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، کەرکوك، 2013، ل67-77، و فاتیح سەنگاوی، دواتر دەینێرم، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، کەرکوك، 2013، ل12-13،**

## 2. قەرەبوی مەعنەوی

بەپێی سەرەتایترین ماف و پەیماننامە و بەندەکانی ماف مرۆڤ و ئاینە ئاسمانیەکان کاتێك بێ رێزییەك بەرامبەر مرۆڤ ئەنجام دەدرێ یاخود زیانێکی مادی و جەستەیی و مەعنەوی لێ دەدرێ پێویستە قەرەبوو بکرێتە وە و مافەکانی بۆ بگێڕرێتەوە[سمتریتر] . لەکاتی کۆتایی هاتنی قەیران و جەنگ و شەڕەکاندا ، یا پرۆسەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژە مرۆڤ و مافەکانیدا دەبێ قوربانیانی زیندوی ئەو بێ رێزییانە و زیان لێکەوتوانی قەرەبوی مادی و

---

[113] **بەپێی پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان و ئاینە ئاسمانیەکان لە بری زیانی مادی و مەعنەوی قەرەبوو هەیە و زیانەکان تەنها پەیوەست نین بە زیانە جەستەیی و مادییەکانەوە ، ئەکرێ بۆ زیانی ئەدەبی و مەعنەویش داوای قەرەبوو بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:** فواز صالح، التعويض عن الضرر الأدبي الناجم عن جرم دراسة مقارنة، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادیة والقانونیة المجلد 22 – العدد الثاني– 2006 ، ص273–295، و محمد مصطفى الزحيلي، التعويض المادي عن الضرر الأدبي، رابطة العالم الإسلامي، المجمع الفقهي، د:ت.

مەعنەوی بکرێنەوە. یەکێك لەو ڕێ و شوێنە یاساییانەی دەگیرێتەبەر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێی دەوترێ: دادگەریی ڕاگوزەریی(العدالـة الإنتقاليـة) کـە خـۆی دەبینێتــەوە لــەو ڕێ و شــوێنە(قەزایی و ناقەزاییانــە)ی دەگیرێتەبــەر لــەو کۆمەڵگانەی کەلتورێکی گەورەیان هەیە لە سوکایەتی کردن بە مافەکانی مـرۆڤ، لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیـەکی زیـاتر دیموکراسـی و گـرەنتی داهاتویـەکی پـڕ هێمنی وئاسایش لە سایەی سەروەری یاسا و ماف هاوڵاتیبوندا. مەبەسـت لـە چالاککردنی دادگەری راگوزەری: قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتووان وچارەسەر کردنی شوێنەوارە جۆربەجۆرەکانێتی بە چەندین ڕێ وشوێنی وەکو مولاحەقەی قەزایی و لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەرنامەی چارەسەرخوازیی و چاکسازیی کردنـی دام و دەزگاکــان و قەرەبوکردنــەوە و ئاشــتەوایی کۆمەلأیــەتی[114]. تــاوەکو مافەکان ئەوەنـدەی لـە تواناداپـە بگەڕێتـەوە و متمانـە بـەخۆبون لای قوربـانی بنیات بنرێتەوە و ستەمکاریش هەست بە تاوانی خۆی بکات و هەموو ئەمانـەش رۆڵیان هەبێ لە بنیاتنانەوەی دام و دەزگاکان بەشێوەیەکی دروست و یاسایی.

دادگــەریی راگــوزەریی بــەپێی راپــۆرتی ئەمینــداریی گشــتی پێشــوتری نەتــەوە یەکگرتوەکان(کۆف ئەنان) بریتیە لە: تەواوی ئەو پرۆسە وئامرازانەی پەیوەستە بـەو هەوڵانــەی کۆمەڵگــە دەیـدات بـۆ تێگەیشـتن و تێپەڕانـدنی جێکەوتــەکانی رابردوو، لە پێناو لێپرسینەوە و بەدیهێنانی دادگەری و سازاندنی ئاشتەوایی بـە

---

[114] **فاتح سەنگاوی، دواتر دەینێرم، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، کەرکوك، 2013، ل14–17. بۆ زیاتر ئاشنابون بەرێ و شوێنەکانی دادگەریی راگوزەریی بڕوانە:**
العدالة الإنتقالية في السياقات العربية، هايدي علي الطيب وآخرون، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، ط1، 2014م، ص56، و
http://sorouhzaid.blogspot.com/2012/01/blog-post_2956.html

چەند ستراتیژییەکی گشتگیر، بەشێوەیەك گرەنتی گرنگی پێدانێکی تەواو بدات بە دادگایی کردنی تاکەکەسی و گرتنەبەری قـەرەبوی زیانـەکان و بەدواداچـونی راسـتیەکان و چاکسـازیی دام و دەزگاکـان یـا هـەر شـتێکی دی بەشـێوەیەکی دیراسەکراو ئەم رەگازانە پێکەوە بگونجێنیٚ‌لهتریتر .

یان دەکریٚ بوتریٚ بەرنامەیەکە بۆ گواستنەوەیەکی ئاشـتییانە لەکۆمەڵگەیەکـدا کە توشی زۆرداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و تائیفی و عیرقی بوەتـەوە وسـوکایەتی ئاشـکرا ئـەنجام دراوە دژ بـە مافـەکانی مـرۆڤ، گواسـتنەوەی بـۆ کۆمەڵگەیـەکی دیموکراسـی خـواز کـە ڕای بەرامبـەر و فرەیـی پەسـەند بێـت و ڕیـزی مافــەکانی مـرۆڤ بگـریٚ ، بــە مــەرجیٚ شـوێنەواری زۆرداریــی پێشــوو بسـڕرێتەوە و هاوسـەنگی بگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵگـە و ریزەکـانی بـەرەو پتـەوی ببرێتەوە تریتر .

---

115 **بۆ ئەم پێناسەیە و چەندین خاڵی گرنگی تری پەیوەندیدار، بڕوانە :** حلقة نقاشیە، مرکز دراسات الوحدة العربية في بيروت بتاريخ ٨ **أيار**/مايو ٢٠١٣ م، **کەچەند بابەت و تەوەرێکی لە خۆ گرتوە.** هەروەها بڕوانە:

http://www.globalarabnetwork.com/studies/3979-2011-05-**10-18-40-44**

العدالة الانتقالية: قراءة مفاهيمية ومعرفية– الشبكة العربية العالمية: مروة نظير

116 **بیرۆکەی دادگەریی ڕاگوزەریی سەرەتا لە دادگایی کردنەکانی نۆرمبۆرگ و نەهێڵانی فیکری نازیدا بەرجەستەبوو، یەکەم پیادەکردنی رونیشی لەناوەراستی حەفتاکاندا لە یۆناندا بوو، دواتریش لە بەدواداچونی راستیەکانی ئەرجەنتین**(1983) **وشیللی**(1990) **و سیرالیۆن**(1990) **و چیکسلۆفاکیا**(1991) **و گواتیمالا**(1994) **و**

## 3. پێوەرە سەرەکیەکانی دادگەری راگوزەری:

**پایە پێکهێنەرەکانی دادگەریی راگوزەریی بریتین لە : دۆزینەوەی راستیەکان(الكشف عن الحقائق) و لێپرسینەوە(المحاسبة) و قەرەبوی زیانەکان(جبر الّچرار) و چاکسازیی لە دام و دەزگاکاندا(إصلاح المؤسسات) و ئاشتەوایی(المصالحة)[117]. کە بەکورتی دەتوانین شتێکیان لەسەر بڵێین بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**1- دروستکردنی لیژنەکانی گەڕان بەدوای راستیەکاندا(لجان البحث عن الحقائق): بۆ ئەوەی بزانرێ چی رویداوە و بۆچی ئەنجام دراوە. کە ئەکرێ لیژنە و رێکخراوی تایبەتمەندی ناوخۆیی و هەرێمی و نێو**

---

**خوارووی ئەفریقیا**(1995) ، **پۆڵەندا**(1997) **مەغریب**(2004) **و چەندی وڵاتی تردا بەرجەستە بوو، بڕوانە:** العدالة الإنتقالية في السياقات العربية، هايدي علي الطيب وآخرون، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، ط1، **2014م،** و http://sorouhzaid.blogspot.com/2012/01/blog-post_2956.html و **فاتح سەنگاوی، دواتر دەینێرم، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، کەرکوك،** 2013.

[117] **بۆ درێژەی ئەم خاڵانە بڕوانە توێژینەوەی:** العدالة الإنتقالية، المفهوم والآليات، حبيب بلكوش، **لە کتێبیکی تایبەت بە ناونیشانی:** العدالة الإنتقالية في السياقات العربية، **هايدي** علي الطيب وآخرون، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، ط1، 2014م، ص41-50.

نەتەوەیی بن. گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا ریَ و شویَنی زۆرە و زۆر ناوەند و ریَکخراو دەتوانن بەشدار بن تیَیدا.

2- بنەمای لیَپرسینەوە(مبدء المسائلة) و دادگایی کردنی تاوانباران لە ریَگەی دادگای تاوانەکانەوە(دوای گەیشتن بە راستییەکان)لە دادگای جۆراوجۆری ناوخۆیی نیشتمانی و نیَودەوڵەتی.

3- سارِیَژکردنەوەی برینەکان و بژاردن و قەرەبوی زیانەکان(جبر الآچرار) و گەڕاندنەوەی مافەکان(دوای لیَپرسینەوە و دادگایی کردن)، لە ریَگەی قەرەبوی مادی و مەعنەویی قوربانییەکانەوە کەڕیَ و شویَنی زۆرە. وەك بژاردنی مادی، پیَشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر و داوای لیَبوردن کردن و بنیاتنانی مۆنۆمیَنت و دانانی ساڵڕۆژ و دوبارە شیاندنەوە و خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی قوربانیان و کۆمەڵگەی هاوژینیان ...هتد.

4- چاکسازیی لە دام و دەزگا فەرمی و یاساییەکان و ریَگریی لە وەی تاوانباران پلەو پایەی گشتی وەربگرن. برەودان بە مافی مرۆڤ و ئازادییەگشتیەکان.

5- لیژنەی ئاشتەوایی و ئاشکراکرد(لجان المصالحه والمصارحه) کە کار بۆ ئاشتەوایی دەکات. پیَکهیَنانی لیژنەی ئاشتەوایی بۆ ئەوەی تاوانبار دان بە تاوانەکەیدا بنیَ و قوربانیش لیَی خۆش بیَت، دواتر ئاشتەوایی

نیشتمانی بەدوادا بێت بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە جۆراوجۆرەکانی نێوکۆمەڵگە: نەتەوەیی، ئایینی، تایفی، سیاسی،(کەلێرە زیاتر نەتەوەیی سیاسییە) و دەرکردنی لێبوردنی گشتی یا تایبەتی بۆ ئەوانەی تاوانیان ئەنجام نەداوە بۆ ئەوەی هەلی چونە نێو کۆمەڵگەی نوێیان هەبێت.

دیارە ئەم هەنگاوانەش بێ کۆسپ نییە و ڕێ و شوێنی تایبەتی دەوێت (و دەکرێ هەندێ هەمووارکردنی هاوسەنگی بەسەردا بێت بەپێی دۆخی کۆمەڵگە و واقعی کۆمەڵایەتی)، بەڵام ئێمەی کورد هەنگاوی جیدی پێویست و دروستمان لەم بوارەدا هەڵنەناوە، ئەوەی کراوە لە ئاست تاوانەکەدا نیە.

دادگەریی ڕاگوزەریی لە پێناو گەڕاندنەوەی ماف و ئازادییەکان و سازاندنی کەشێکی دیموکراسی و هەستانە بە ئەرکێکی ئەخلاقییانە لە بەرامبەر ئەوەی ڕویداوە لە ڕابردوودا لە پێشێلکردنی ماف ستەملێکراوان و دانانن پێیاندا وەك قوربانی و ناساندنی ئەو سوکایەتیەی پێیان کراوە، پاشان خستنەڕوی ئەو کارەساتانە بەشێوەیەکی دروستتر لەوەی بەردەوام مرۆڤ بەهۆی ڕابردویەوە خۆی بخواتەوە و دواجاریش ڕێگری کردن لەدووبارە بونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە لە داهاتوودا[118]. بۆ ئەوەیە ئێش و ئازارەکان کەم بکاتەوە و باری

---

[118] بڕوانە: العدالة الإنتقالية في السياقات العربية، هايدي علي الطيب وآخرون، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، ط1، 2014م، و http://sorouhzaid.blogspot.com/2012/01/blog-post_2956.html العدالة الإنتقالية – بحث مفصل – سياسة شاملة– زيد الجماعي، و فاتح سەنگاوی، دواتر دەینێرم، کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوك، کەرکوك، 2013، ل14–17. بۆ زیاتر ئاشنابون بەرێ و شوێنەکانی دادگەریی ڕاگوزەریی

سەرشانی قوربانییەکان سوك بکات و شوێنەوارە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی پێشوو نەهێڵێ و کاربکرێ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی خاوەن بەهای نوێ، گەڕانەوەی هاوسەنگی و هەست کردن بەوەی دەبێ تاوانباران سزا بدرێن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەس جورئەتی دووبارەکردنەوەی کاری لەو شێوەیەی نەبێ، بێ ئەوەی گیانی تۆڵەکردنەوە برەوی پێ بدرێت.پیادەکردنی دادگەریی راگوزەریی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی دەگۆڕێت، بەڵام ناکرێ دەست بەرداری ببین.

بژاردن و قەرەبوکردنەوە هەستکردنە بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بێ رێزی کردن لە مافەکانی مرۆڤ و سوکایەتی پێکردنی و گەرانەوەی ئیعتیبارە بۆ قوربانیەکان، قەرەبووکردنەوەش: مادی و مەعنەوییە، فەردی و جەماعیە، هەر یەکە لەمانەش بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێن: بەپێی زیان و کاریگەرییەکان و پێداویستی قوربانیەکان و کەس وکاریان...

لێرەوە دەکرێ بۆ لایەنی مەعنەوی و قەرەبو کردنەوەی رێژەیی سوود لە ناوەڕۆك و مەبەستی دادگەری راگوزەری ببینرێ و نازناوی:(ناساندنی چەمچەماڵ وەك پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کوردستان) ببەخشرێتە چەمچەماڵ بەشێوەیەکی فەرمی،بۆ گەشە پێدانی زیاتری باری مەعنەوی و ورە دان و پتەوکردنی متمانە بەخۆبون و دڵخۆش کردنی کەس و کاری قوربانیانی جینۆساید لەم دەڤەرەدا، کە بەبۆچونی توێژەر: پێدانی ئەم نازناوە بەهایی و مەعنەوییە یەکێکە لە رێ و شوێنەکان و دەکرێ لە چوارچێوەی قەرەبوکردنەوەدا جێگەی بکرێتەوە و دواجار دەبێتە هۆکارێك بۆ رەخساندنی دەرفەتی زیاتری خزمەتی دۆزەکە و قوربانیانی تاوانی جینۆساید.

## باسی دوەم: پرۆسەکانی جینۆسایدی ئەنفال لە سنوری کارگێڕی چەمچەماڵدا:

پرۆسەکانی ئەنفال بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، کە بریتیە هەشت قۆناغ:

- ئەنفالی یەک: 21-2-1988 تا 18-3-1988(دۆڵی جافایەتی و مەرگە)

- ئەنفالی دوو: 22-3-1988 تا 1-4-1988 (ناوچەی قەرەداغ و بەشێك لە سنوری چەمچەماڵ)

- ئەنفالی سێ: 31-3-1988 تا 18-4- 1988(ناوچەی گەرمیان بە کەرکوك و قەزاکانی سنوری کارگێڕی کۆنیەوە)

- ئەنفالی چوار 20-4-1988 تا 8-5-1988 (شوان، شێخ بزێنی ، قەلاسێوکە، دەشتی کۆیە).

- ئەنفالی 5 ،6 ،7 : 24-5-1988 تا 31-8- 1988(ناوچەکانی شەقلاوە و ڕەواندوز)

- ئـــەنفالی هەشـــت: 25-8-1988 تـــا 6-9-1988(ناوچـــەی بادینان)[119].

لەم هەشت قۆناغـەی پرۆسـەکانی ئەنفالـدا: ئـەنفالی :( 2-4-3) پشـکی ئـەم دەڤـەرەی تێدابوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە ئەنفالی دوودا (22-3ـــــــــــ 1-4-1988): (جگـە لـە ناوچـەکانی تـریش) هێزێـك لـە چەمچـەماڵەوە بـەرەو سـەنگاو رۆی بـۆ دێـی مـەلا حسـێن و دەربەن باسەڕە و ژاڵە[120]. سەختی شالاَوەکان بۆ دەڤەری گـەرمیان و سـنوری چەمچەماڵ بە شێوەیەك بوو ئەو ژن و منالاَنەی لە قەراخەوە (ئەنفالی دوو)ەوە پەڕەوازەی گەرمیانی خواروو بوون لـەناو چـون[121]. ئـەو گوندانـەی کەوتبونـە خوارووی رۆژهەلاَتی دەربەندیخانەوە خەڵکەکەی کەوتنە دەست سوپای عێـراق و گوازرانەوە بۆ سەربازگەی چەمچەماڵ و لەوێشەوە بۆ تۆبزاوا و دوبز و نـوگرە

---

[119] بۆ درێژە و وردەکاری ئەم پرۆسانە و لێکۆڵینەوەی وردتر لە روی جۆراوجۆرەوە بڕوانە: پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، 1ب-3، هەولێر، 2008، میدلّ ئیست ووّچ، جینۆسای لە عێراقدا، و: محەمەد حەمەصاڵح توفیق، وەزارەتی رۆشنبیری،سلێمانی، 2004، فاتح سەنگاوی، عمليات الأنفال في كوردستان العراق، الجمعية الثقافية والإجتماعية، كركوك، ط1، 2010 و چەندین سەرچاوەی تر.

[120] شۆڕش حاجی، الأنفال، الكورد ودولة العراق، مجموعة من المترجمين، السليمانية، 2005، ص 97، چنار نامق، جینۆساید و ئەنفالی کورد، کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەلاَیەتی کەرکوك، کەرکوك، ل67.

[121] میدل ئیست ووّچ، جینۆساید لە عێراقدا، ل182.

سـەلمان بـەڕێیان کـردن و لـەوێش پیـاوو ژن و منـداڵ لەیـەك جیاکرانـەوە و دواتریش بەرە و گۆڕە بە کۆمەڵەکان[122].

<u>لـە ئـەنفالی چـواردا</u>(20–4___8–5–1988): خـەڵکی سـنوری کـارگێڕی چەمچەماڵ زیانێکی یەکجار گەورەیان بەرکەوت. رژێم لـە چـەند قۆڵێکـەوە روی لە سنوری ئاغجەلەر– قەلاَسێوکە و شوان و شێخ بزێنی[123] کرد:

- لە چەمچەماڵەوە بەرەو کانی عارەبان و تلیان و تیژە و مەحمەخان.
- لە چەمچەماڵەوە بەرەو تەوەکەڵ و شێخ پاڵەوان و ئاغجەلەر.
- لەچەمچەماڵەوە بەرەوئاغجەلەر و گۆپتەپە و عەسکەر و بۆلقـامیش و گەڵناغاج و سەرچنار.
- لە ناوەنـدی ناحیـەی تەقتـەق بـەرەو گونـدەکانی شـێخ بـزێنی سـەرو <u>قەرەناو و قەسرۆك</u> و گرد خەبەر و کانی هەنجیر و ئیبراهیم ئاغا.
- لە ڕێگەی سوسێوە بەرەو کەڵەشێرەو چەمی ڕێزان.
- لە کۆمەڵگای گۆپاڵەوە بۆ کانی بی و گەورە دێ.

رژێم لەم شالاَوە جگە لە زیانی گەرەی هەمەجۆری ماڵی و گیانی و گرتن، گازی کیمیاویشـــی لـــە گۆپتەپـــە و عەســـکەر بـــەکارهێنراو قوربانیـــەکی زۆری لـــێ کەوتەوە[124].

---

[122] زەمان عەبدە، مەرگەساتی ئەنفال، ب1، هەولێر، 2010، ل56–57.

[123] بەشێکی زۆری گوندەکانی شوان و هەندێ لە گوندەکانی شێخ بزێنی لە سنوری کارگێڕی چەمچەماڵدان.

[124] بۆ درێژەی ئەنفالی چوار و زیانەکانی بڕوانە: میدل ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا، ل235–26، فاتح سەنگاوی، عمليات الأنفال في كوردستان العراق، ص113–

**ئەنفالی سێ: ( 31-3-1988 تا 18-4- )1988(ناوچەی گەرمیان**

**– لەناویدا سنوری کارگێڕی چەمچەماڵ)[لهيرتر] .**

**دڕندانەترین و پڕ زیانترین پرۆسەکانی ئەنفالە، لەم قۆناغەی جینۆسایدی ئەنفالدا زۆرترین قوربانی دراوە، زیانە مادی و مرۆییەکانی یەکجار زۆر بون[يرتر]، لە 14-4-1988دا و لە سنوری گەرمیاندا زۆرترین کەس بەرئەو شالاوە کەوتن.**

**ئەو ناوچانەی لە ئەنفالی سێدا لە سنوری کارگێڕی چەمچەماڵدان بریتی بوون لە:(چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، ناوچەی جەباری). رژێم بۆ ئەم ناوچانە لە چەند قۆڵێکەوە شالاوی برد و هێرشی کردە سەر دانیشتوانی ناوچەکە لەوانە:**

**– شالاوو پەلاماری قادرکەرەم و گوندەکانی باکوری گەرمیان لە کەرکوك و چەمچەماڵ و لەیلانەوە.**

117، **زەمان عەبدە، مەرگەساتی ئەنفال، ب1، ل64-70. شۆڕش** حاجي، الأنفال، الكورد ودولة العراق، مجموعة من المترجمين، السليمانية، 2005، ص107-111.

125 **لەمێژوی دەست پێکردنی پرۆسەکاندا هەندێ جیاوازی بەدی دەکرێ لەسەرچاوەکاندا دەکرێ بەبەدواداچون دروستی بەروارەکان یەکلا بکرێتەوە.**

126 **بۆ زیانەکان دەکرێ سەیری سەرچاوەکانی پێشوو بکرێ سەرەڕای زنجیرە چواری پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کوردی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی 2008. ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە زیانەکانی سنوری پارێزگای: کەرکوك و بەشێك لە سلێمانی، ئەمە جگە لە چەندین سەرچاوەی تری فەرمی و نافەرمی.**

– شالأوو پەلامار لەسەنگاوەوە بەرەو گوندەکانی باشوری گەرمیان (لە سەنگاوەوە بەرەو دەربەندیخان).

– پەلاماری سەنگاو بەرە و سەرقەلاَ و گوندەکانی دیوی دەلۆ.

– پەلاماری دووزخورماتوو بەرەو بناری گل[127].

لە تەواوی ئەو هێرشانەی کرانە سنووری کارگێڕی چەمچەماڵ (لەهەر سێ قۆناغەکەی ئەنفالدا) چەندین هێزی جۆراوجۆری رژێم و فیرقە و لیوا و فەوجی جاش و سەرکردەی سەربازی دیاری رژێم بەشداربوون[128].

---

[127] **ئەمە بەهەندێ دەستکاریی و کورتتکردنەوە لە میدڵ ئیست وۆچ وەرگیراوە، شۆڕش حاجی بەم شێوەیە پۆلێنی دەکات: لە دوزخورماتوەوە بەرەو باشتەپە و ئاوەسپی، لە دەربەندیخانەوە بەرە و درۆزنە، لە شاخی قەراخەوە بۆ تەپەگەڕوس و لە قادکەرمەوە بەرەو ئیبراهیم غولاَم، لە قەرەحەسەنەوە بۆ هەنارە و مەحمود پەریزاد، لە شاخی قەراخەوە بۆ درۆزنە، لە لەیلانەوە بەرە و تازە شار، لە سەنگاوەوە بۆ سەرقەلاَ. شۆڕش حاجی**، الأنفال، الكورد ودولة العراق، مجموعة من المترجمين، السليمانية، 2005، ص102.

[128] **بۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە: شۆڕش حاجی، الأنفال، الكورد ودولة العراق، ص155-171.**

# زیانەکان و چەند ئامارێك

سەبارەت بە کۆی زیانە مـادی و گیانیـەکانیش سـەرجەم ئـەو ئامـارە فـەرمی و نافەرمیانـەی هەیـە دەری دەخـەن ئـەم ناوچـەیە بـەراورد بـە ناوچـەکانی دی زۆرتـرین زیـانی بەرکـەوتوە و گـەورەترین قوربـانی داوە[129] و هـەموو جـۆرە

---

[129] بۆ نمونە بڕوانە: خشتەی ژمارە چواری ژمارەی گوند و ژمارەی قوربانیە پێزانراوەکانی شالأوەکانی ئەنفال(1988) لە توێژینەوەیەکی تایبەتی جاسم محمد محمد علی، جینۆسایدی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، لە کتێبی ژمارە(3)ی پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، هەولێر، ل450، و محمەد رەئوف عەزیز، ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، سلێمانی، 2005، ل75. لە توێژینەوەکەی جاسم محمددا ئاماژە بە 17768قوربانی ئەنفال دراوە تەنها لە ناوەندی چەمچەماڵ و سەنگاوو ئاغجەلەردا و باس لە قادرکەرەم و جەباری نەکراوە (لە کاتێکدا زۆرترین

چـەکێکی بـە گـازیی کیمیاوییـەوە تێـدا بـەکار هـاتوە، خـۆ ئەگـەر ژمـارەی شەهیدانیشی بخرێتە سەر ئەوا کێرڤی قوربانیەکی ئەم دەڤەرە زیاتر دەبێ.

لەو کتێب و توێژینەوانەی بـاس لـەزیان و قوربانیـەکانی ئـەنفال دەکـەن، ئـەم دەڤەرە زۆرترین قوربانی و زیانی بەردەکەوێ، بەلاّم پـێ دەچـێ ئـەو نـەتوانرێ بەتـەواوی پشـت بـەو سەرچـاوانە و ژمارەکانیـان ببەسـترێ، ئـەو کارەشـی زۆر متمانە پـێ کـراوە وەکـو زنجـیرە چـواری پـرۆژەی ئەرشـیفکردنی جینۆسـایدی گەلی کوردی وەزارەتی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکان، ئـەوا زیـاتر بـە رێژە هێلکاری و زانیارییەکانی جینۆسایدی خستوەتە روو، نەك بە ژمارە، بەلاّم چەند راستیەك لەو رووەوە سەبارەت بـە ئـەم دەڤـەرە هەیـە و لـە ئارادایـە کـە دەکرێ پالّپشتی بۆچونەکانی پێشومان بن و ئەو راستیە زیـاتر روون بکەنـەوە، لەوانە:

1. لە سنوری چەمچەماڵدا(3200)وارسی ئـەنفال و(3500)وارسـی شەهید هەیە ، وەکو زانراویشە بەشێکی زۆری وارسەکان زیـاد لـە کەسێکی ئەنفالکراو یا شەهیدە.
2. تەنها لە ناحیەی شـۆڕش و تەکیـەی کاکـە مەنـددا(3141) ژنـی پیاو ئەنفال و (5344) منالّی باوك ئەنفال و(884) منالّی دایك و باوك ئەنفالکراو هەیە.

---

قوربانی تێدا بوە )بەو پێیەی بە فەرمی لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا نین و توێژینەوەکەش تایبەتە بە سنوری پارێزگای سلێمانی.

3. چەندین گوندی تێدایەلە(100) و بەرەوژورتر ئەنفالکراویان هەیە و لە (100) گوندی سنورەکەشدا زیاتر لە(5000)ئەنفالکراو هەیە.

| ناوی گوند | ژمارەی ئەنفالکراو |
|---|---|
| گۆپتەپە | 565 |
| جەلەمۆرد | 480 |
| قەسرۆك | 208 |
| فەقێ مستەفا | 200 |
| گردخەبەر | 198 |
| عەسکەر | 159 |
| قەیتول | 151 |
| سەرچنار | 137 |
| توتەقەڵ | 123 |
| گەڵناغاج | 116 |
| شێخان | 104 |
| هەرێنە | 103 |
| قەشقە | 101 |
| کانی هەنجیر | 100 |

4. زۆرترین روفاتی ئەنفالکراوەکان(ئەوەی تا ئێستا هێنرابێتەوە) لە چەمچەماڵدان کە ژمارەیان(838)ە[بوسمتر].

5. ئـەم دەڤـەرە بـەر هەرسـێ شـاڵاوی ئـەنفال کـەوتوە لـە هەرسـێ قۆناغی(2و3و4) وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا.

6. یەکـەمین و دوایـەمین بـەرگری لـە چوارچـێوەی خۆپیشـاندانی لەساڵی 1988 دژ بەقافڵەکانی ئـەنفال و رزگـارکردنی گیراوانـی جینۆسایدی ئەنفال لە چەمچەماڵ و شۆڕشدا بوو.

7. بـونی ناحیـەی شـۆڕش و گـەڕەکی ئاسـودە لـە چەمچـەماڵ کـە زۆرینەی رەهایان کەس و کاری قوربانیانی ئەنفالن.

8. ئەمە جگە لـەوەی چەمچـەماڵ بـەردەوام لـە ژێـر تـرس و تۆقـانی رژێمـــدابوە بـــەو پێیـــەی هاوســـنووری کـــەرکوك بـــوە و لـــە لایەکیتریشەوە داڵدەدەری ئاوارە کانی کەرکوك بـوە کـە لەلایـەن بەعسەوە شاربەدەر دەکران لە پرۆسەی تەعریبی ئەو شارەدا.

---

130 ئەم ژمارانە فەرمین و سەرچاوەکەی دام و دەزگا فەرمیە تایبەتمەندەکانی چەمچەماڵە و لە پرۆژەی ناساندنی چەمچەماڵ وەك پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیشدا ئاماژەی پێ دراوە، کە لە لایەن بەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ(هابیل ئەحمەد کەریم) وقائیمقامی چەمچەماڵ(ئامانج محمد کەساس) ەوە لەبری سەرجەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی بواری ئەنفال لەسنوورەکە و سەرجەم دام و دەزگا و دامەزراوە حکومییەکان و بەنوێنەرایەتی چین و توێژەکانی چەمچەماڵ و کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان، واژوویان لەسەر کردوە.

# باسی سێیەم: ناساندنی چەمچەماڵ وەك پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. هۆکار و پاساو مێژوو و هەڵکەوتەی جوگرافی

دەڤەری چەمچەماڵ خاوەنی مێژوویەکی کۆنی دێرینە و هەر لە مێژەوە مرۆڤ لەم ناوچەیەدا ژیاوە و چەندین شوێنەواری گرنگی تێدایە دەیسەلمێنن مرۆڤی ئەم ناوچەیە ئاستێکی باشی پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، شوێنەواری گوندی (چەرموو-11کم دوورە لە سەنتەری شارەوە) وەك یەکێك لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە ماڵیەکانی مێژوو دێتە ئەژمار و لە ئاستی جیهاندا لای شارەزایان ناسراوە، بوونی شوێنەواری دەربەند و چەندین شوێنەواری تر

بەڵگەی پێگەی گرنگی ئـەم ناوچـەیەیە لـەرووی مێـژوویی و شارسـتانییەوە. لـە هەمان کاتدا ئەم ناوچەیە یەکێکە لـە دەوڵەمەنـدترین ئـەو ناوچـانەی خـاوەنی داهاتی نیشتمانی پڕبایەخ و ستراتیژییە بەهۆی بونی سامانێکی زۆری سروشـتی وەکو نەوت و غاز و کانزاکان.

بەردەوامیش چەمچـەماڵ قوربـانی شـوێنە جوگرفیەکـەی بـوە وەك سـەنگەری بەرگری لە بەشێکی گەورەی کوردستان، لەم سنورەوە رێگـری لـە هێرشـەکانی سـەر سـلێمانی کـراوە، وەکـو رێگـری کـردن لـە هێرشـەکانی والـی بەغـدا بـۆ قەڵەمڕەوی بابانییەکان لە سلێمانی و هێرشی بەریتانیەکان لەدەربەندی بازیـان و بـەردەقارەمان و دەسپێشـخەری لـە چـالاکی شۆڕشـی ئـەیلول و هەڵکەوتـەی وەك کۆتـا سـنوری ژێـر دەسـەڵاتی فیـدراڵی کـوردی لـە دوای1991ەوە، کـە زۆرجار ئەم شوێنەی بە زیانی مەعنەوی و ناوبانگ و قوربانی جەستەیی بۆ ئـەم ناوچەیە کۆتایی هاتوە.

لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە چەمچەماڵ ناوەندی قەزای بازیان بـوە و ناحیـــەی ســـەنگاوو ســـێوکە(ئاغجەلەر)ی خراوەتـــە ســـەر، هەڵکەوتـــەی شوێنەکەشـی باشـووری رۆژهـەڵاتی هـەرێمی کوردسـتانە لـە نێـوان پارێزگـای کەرکوك و سلێمانی(45کم رۆژهـەڵات و بـاکووری رۆژهـەڵاتی کـەرکوك و 58کـم خـــوارووی رۆژئـــاوای ســـلێمانی) و لـــە باکوریشـــەوە هاوســـنووری پارێزگـــای هەولێر(قەزای کۆیە) و رووباری زێی بچوك نێوەنـدیان دەکـات و لـە باشـورەوە


سنووری قەزای کەلار و لە ڕۆژئاواشەوە بـە پارێزگـای کـەرکوك گـرێ دراوە[131].
بەمەش هەرسێ پارێزگای(سلێمانی و کەرکوك و هەولێر) بەیەك دەگەیەنێت.

ژمارەی دانیشتوانی چەمچەماڵ لە 2014ەوە (200000)ی تێپەڕاندوە[132] و لە ئێستاشدا(8) ناحیە و(412) گونددا جگە مەکەزی قـەزاوە. بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

---

[131] بۆ ئەم زانیارییانە و چەندین زانیاریتر سەبارەت بە چەمچەماڵ بڕوانە: فەرهاد عەبدالعزیز، ناوچەی چەمچەماڵ لە نێوان1918-1939، کەرکوك، 2013، ل47-48، 59-60.

[132] لە پرۆژەی ناساندنی چەمچەماڵ وەك پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئاماژە بەوە دراوە کە ژمارەی دانیشتوانی سنووری کارگێڕی چەمچەماڵ لە ئێستادا نزیکەی(300000) کەسە.




لە دوای ئەم باس و دەرخستەیەی کردمان وەها دەبینین ئەم شارە شایستەی ئەوە بێت نازناوی پایتەختی(شەهیدان و ئەنفالکراوەکان)ی کوردستانی پێ ببەخشرێ لەبەر چەندین هۆکار کە گرنگترینیان:

1. وەك بەشێك لە پاڵپشتی و قەرەبوکردنەوەیەکی مەعنەوی لە بەرامبەر ئەو قوربانیە جۆربەجۆرانەی پێشکەشی کوردستان و نیشتمان و دۆزی نەتەوەیی کردوە،هەروەك ئاماژەمان بەهەندێکی دا.
2. هەستی پێزانین و نرخاندنی قوربانیدانیان، هۆکارە بۆ باشترکردنی لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتیان کە بەهۆی ئەم جینۆسایدەوە زیانی زۆری بەرکەوتوە.

3. بایەخ دانی زیاترە بە دۆزی ئەنفال و کەس و کاریان و  توێژینەوە ی تایبەت و کاری دیکۆمێنتاری بەو پێیەی زۆرترین کەرەستەی خاوی کارکردن و مادەی دیکۆمێنتاری تێدا دەست دەکەوێ و بیرەوەرییەکان تا هەنوکەش زیندوون لای کەس و کاری قوربانیان.
4. سازدانی کۆنگرە و کۆنفرانس و توێژینەوەی تایبەت بەهۆی بونی مۆنۆمێنت و شوێنی پێویست و گونجاو بۆ ئەو جۆرە کۆنفرانس و دیدارە تایبەتانە.
5. بونی زانکۆی چەرموش پاڵپشتە بۆ ئەوەی سەنتەری تایبەتی دامەزرێنێ سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال و کاریگەرییە جۆربەجۆرەکانی و بە دیکۆمێنتکردنێکی زانستیانەی ئەو جینۆسایدە بەشێوەی جۆراو جۆر.
6. پاڵپشتی بۆ شاری کەرکوك، بەو پێیەی چەمچەماڵ لەبنەڕەتدا قەزایەکی دابڕاوی ئەو پارێزگایەیە، گەڕانەوەی چەمچەماڵ بەم ناسنامەیەوە بۆ کەرکوك هێز و گوڕێکی تر بە کەرکوك و دۆزی کورد دەبەخشێ لە ململانێ سیاسییەکانی ئەو پارێزگایەدا[133].

---

[133] بەشێك لەم خاڵانە و چەندین خاڵی تر لە پرۆژەی ناساندنی چەمچەماڵ بە(پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان)دا هاتوە.

7. ئەم شارە دەرفەتی بە پارێزگا بونی نیە و خزمەتکردتیشی لەم ڕووەوە نرخاندن و ئاوڕدانەوەیەکی تایبەتە و بە قازانجی دەڤەرەکە کۆتایی دێت.

8. لە درێژەی هەوڵی لیژنەی ناساندنی چەمچەماڵ بە(پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان)ی کوردستاندا، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە زۆرینە دەنگی بۆ ئەم ناسنامەیە دا 14-4-2015و ئەم پرۆژەیەش پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەڕلەمان و فراکسیۆنەکانی پەڕلەمان کراوە و لە بەرواری ٢٠١٦/٣/٢٧پاش ساڵێك بە نوسراوی ژمارە ١٠٦ داوا لە پەرلەمانی کوردستان کراوە کە ڕێکارە یاساییەکان بۆ پەسەندکردنی پڕۆژەکە بگرێتەبەر[134].

---

[134] بۆ خاڵی هەشتەم بڕوانە لاپەڕەی فەرمی مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ:
https://www.facebook.com/monument.anfal/?fref=ts

## ئەنجام :

دوای ئەم توێژینەوەیە توێژەر گەیشت بەوەی شاری چەمچەماڵ شایستەیە بەوەی نازناوی پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کوردستانی پێ ببەخشرێ، لەبەر ئەوەی:

1. ئەم دەڤەرە خاوەنی زۆرترین قوربانی شەهید و ئەنفالکراوە.
2. ئەم دەڤەرە زۆرترین زیانی مادی و مەعنەوی بەر کەوتوە.
3. ئەم هەنگاوو بڕیارە ئەگەر بەتەواوی رویەکی یاسایی وەرگرێ:

أ. بەشێکە لە قەرەبوی مەعنەوی کە خۆی لە خۆیدا پایەیەکی سەرەکیە لەدادگەری راگوزەریی(العداله الآنتقاليه)، بە تایبەت لە بواری بژاردن و قەرەبووکردنەوەی زیانەکاندا.

ب. کاریگەریی ئیجابی دەبێت بۆ لایەنی دەرونی و کۆمەلآیەتی کەس وکارە بەجێ ماوەکانی قوربانیەکان و کۆمەڵگەی دەوروبەریان.

ت. رۆڵێکی باش دەگێڕی بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد بە ئەوانیتر و دەرفەتێکی باش دەرەخسێنێ بۆ بە دیکۆمێنتکردنی ئەو جینۆسایدە.

پ. کاری توێژینەوەی زانستی ئاسان دەکات و دەرفەتی لەبار دەسازێنێ بۆ کۆنگرە و کۆنفرانس و دیداری تایبەت.

ج. رویەکی جوان دەبەخشێتە ناوبانگی شار و دەڤەر(کە رووداوە سیاسییەکان رۆڵیان هەبوو لە ناو زڕاندنیدا) و نرخاندنێکە بۆ قوربانی دانەکانی ئەم ناوچەیە.

ح. دەروازەیەکی باشە بۆ برەودان بە رۆشنبیری و کرانەوەی ئیجابیی لەم ناوچەیە بۆ ئێستاو داهاتوو.

# سەرچاوەکان

1. پرۆژەی ناساندنی چەمچەماڵ وەك پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کوردستان.

2. پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، 1–3، هەولێر، 2008.

3. جاسم محمد محمد علی، جینۆسایدی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، کتێبی ژمارە(3)ی پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، هەولێر.

4. حلقة نقاشیه، مرکز دراسات الوحدة العربیة في بیروت بتاریخ ٨ أیار/مایو ٢٠١٣ م.

5. رێکارێ مزوری، مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك، کەرکوك، 2013.

6. **زەمان عەبدە، مەرگەساتی ئەنفال**، ب1، **هەولێر**، 2010.

7. **شۆڕش حاجی، الأنفال، الكورد ودولة العراق، مجموعة من المترجمين، السليمانية**، 2005.

8. **چنار نامق، جینۆساید و ئەنفالی کورد، کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، کەرکوک.**

9. العدالة الإنتقالية في السياقات العربية، هايدي علي الطيب وآخرون، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، ط1، 2014م.

10. فاتح سەنگاوی، دواتر دەینێرم، کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوک، کەرکوک، 2013.

11. **فاتح سەنگاوی، عمليات الأنفال وآثارها على الشباب، وزارة الثقافة والشباب**، أربيل، **ط1، 2010.**

12. **فاتح سەنگاوی**، عمليات الأنفال في كوردستان العراق، الجمعية الثقافية والإجتماعية، كركوك، ط1، 2010.

13. **فەرهاد عەبدالعزیز، ناوچەی چەمچەماڵ لە نێوان1918-1939، کەرکوک**، 2013.

14. فواز صالح، التعويض عن الضرر الأدبي الناجم عن جرم دراسة مقارنة، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادیة والقانونية المجلد 22 – العدد الثاني– 2006.

15. **لاپەڕەی فەرمی مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ:**
https://www.facebook.com/monument.anfal/?fref=ts

16. **محمەد رەئوف عەزیز، ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، سلێمانی**، 2005.

17. محمد مصطفى الزحيلي، التعويض المادي عن الضرر الأدبي، رابطة العالم الإسلامي، المجمع الفقهي، د:ت.

18. **میدڵ ئیست وۆچ، جینۆسای لە عێراقدا، و: محەمەد حەمەصاڵح توفیق، وەزارەتی رۆشنبیری،سلێمانی**، 2004.

## پێگەی ئەلکترۆنی:

http://culture.alecso.org/ministrescongress/?p=115 العواصم والمدن

الثقافية1. http://www.arabbeat.com/i/1st/1004.htm فكرة العواصم

الثقافية2.

http://sorouhzaid.blogspot.com/2012/01/blog-post_2956.html 3.

العدالة الإنتقالية - بحث مفصل - سياسة شاملة- زيد الجماعي

http://www.globalarabnetwork.com/studies/3979-2011-05-10-18-40-444.

العدالة الانتقالية: قراءة مفاهيمية ومعرفية- الشبكة العربية العالمية: مروة نظير

http://www.internationalcitiesofpeace.org/what/what.html5.

# چاوپێكەوتن[135]

پ1: ئــەنفال و ئــەنفالكردن پەیوەندییــەكی مێــژوویی بــەكلتووری عــەرەب و ئیسلامەوە هەیە، ئایا بەڕای جەنابت پەلامارو هێرشی نەگریسی ئەنفال بۆ سـەر كورد لەبەهاری 1988 لەلایەن بەعسەوە پەیوەندی بەمێژووی ئەو كلتــوورەوە هەیە؟ ئایا بەپێچەوانەوە بەرهەمی فیكرو گوتاری خودی بەعس خۆیەتی؟

جەنگ و دەستكەوتی جەنگ و چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو جۆرە دۆخانــەدا مێژوویەكی كۆن و دێرینی هەیە لە ژیارە جیاواز و جۆراوجۆرەكانی مرۆڤایەتیـدا، شتێك نیە تایبەت بێت بە كەلتوری عـەرەب وەك نەتەوەیـەك یـان ئیسـلام وەك ئاینێك ... بەڵێ لە كولتـوری عەرەبـەكانی پـێش ئیسـلامدا جـەنگ و كوشـتار و دەستكەوت هەبووە هاوشێوەی گەلانی تـر، لـە ئیسلامیشـدا شـتێك هەیـە پێـی دەوترێت دەستكەوت و غەنیمەت و فەیئ ... هتد، بەڵام ئەم پرۆسانە لـە ڕووی ناوەڕۆكــەوە تــەنها ناوەكــەیان لــە ئیســلامەوە خواســتووە نــەك ناوەرۆكــە پڕاوپڕەكەی... راستە پرۆسە جەنگیـەكان لـە كـۆن و نوێـدا خـاڵی هاوبەشـیان هەیە بەڵام وەكو كرۆك و پاڵنەر و مەبەست جیاوازییان هەیە... ئەگەر تەنها ئەو خاڵە هاوبەشانە وەربگرین ئەوا دەكرێ بوترێ پرۆسەی ئەنفال پەیوەندی هەیـە بە تەواوی شەڕ و جەنگ و كوشتارگەكانی نێو مێژووەوە ئیتر لەلایەن عەرەب و موسـوڵمانەكانەوە بوبێـت یـان نـا عـەرەب و ناموسوڵمانەكانیشـەوە، كـە ئـەم

[135] وەڵام بۆ پرسیارەكانی كاك سمكۆ مانگی 6ی 2012

مەنتیقە بەم فراوانی و گشتیە پەسەندکراو نییە و لە توێژینەوەی زانستیدا جێگەی نابێتەوە.

ئەگەر ئەنفال لە زماندا بریتی بێت(لەزیادەی شت یان زیاد لە واجب ، یاخود بەخشینێکی بەدەر لەواجب...)، ئەوا ئەنفال بە زاراوە قورئانییەکەی بریتییە لەو ماڵ و دارایی و شتومەك و دەستکەوتانەی سوپایەکی ئیسلامی لەبەرەنجامی جەنگکردنی دژ بە بێ باوەڕە شەڕکەر و جەنگاوەرەکان(شەڕکەر نەك مەدەنی و سیڤیل) بەدەستی دەهێنێت و دابەشی دەکات بەسەر تێکۆشەر و سەربازەکانیدا ، بەتایبەتی ئەگەر توانییان سەرکەوتنێکی دیار و بەرچاو بەدی بهێنن ... دیارە بەشێك لە ڕێ و شوێنەکانی ئەم بابەتە بواری ئیجتیهاد و گۆڕانکاریی تێدایە بەپێی شوێن و سەردەم و بارودۆخ و گۆڕانکاریی لە سیستەمەکانی جەنگ و ئاشتی پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان گۆڕانکاریی لەخۆ دەگرن ، کە روونکردنەوەیان توێژینەوەی تایبەتی دەوێ.

لەبەرامبەردا (پرۆسەکانی ئەنفال) لای بەعس، بریتی بوو لە چەند شاڵاوو پرۆسەیەکی سەربازیی جەنگی، پێشتر نەخشە بۆ کێشراوو بەرنامە بۆ داڕێژراو، بەپێی ستراتیژییەتێکی چڕ، لە پێناو پاکتاوکردن و کۆمەڵ کوژی گەلی کورد(کە مەدەنی و بێ چەك و موسوڵمان و ییندار بون! !) یان گواستنەوەیان لە شوێن و جێگەی خۆیان لە کوردستانی عێراق، هەموو ئەمانەش لە پێناو بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە رووی جوگرافی و دیمۆگرافی و رۆشنبیرییەوە و دواجار کاول و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری و لەناوبردن و تەسفییەکردنی جەستەیی، لە چوارچێوەی هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جۆراو جۆر و جیاوازدا.

ئەم پرۆسەیە لە 21ی شوباتی 1988 وە تاوەکو 6ی ئەیلولی هەمان ساڵ خایاند و زیاتر لە شەش مانگ بەردەوام بوو، سەرەنجامیش دەیان هەزار

قوربانیی کەسانی بێ چەك و سیڤیل و مەدەنی لێ کەوتەوە لە پیر و لاوو منـاڵ و ئافرەت و منالّی شیرەخۆرە و ڕوخانـدنی هـەزاران گونـد و لادێ بەمزگـەوت و تەکیـە و قورئـان و قوتابخانـە ونەخۆشـخانەوە... تیایـدا سـوپا هـەموو جـۆرە چـەکێکی لەناوبـەر و فڕۆکـە و چـەکی کۆمـەڵکوژ و قەدەغـەی بـەکار هێنـا و دواجاریش ژێرخانی ئابوری لادێیەکانی کوردستان وێران کراو و بـەدەیان هـەزار کەسی مەدەنی بەدیل گیران و دوای برسی و تویینی کردن و ئازاردانی جەستەیی و دەرونـی ڕاسـتەوخۆ کـوژران یـان بـە بەزینـدوویی زیندەبەچـاڵ کـران و بەشێکیشیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەر و سەماوە و حـەمرین و نەجـەف و ... هتد دا دۆزرایەوە لە عێراقدا.

بەلاّم ئایا ئەم پرۆسانە و دەرەنجامـەکانی لەگـەڵ کـوێی ئیسـلامدا دەگـونجێ ، لەگەڵ کوێی مەبەستەکانی شەریعەتدا دەگونجێ؟ ئێمـە دەزانـین نهـێنی هـاتنی پێغەمبـــەران و بـــونی شـــەریعەت و ئیســـلام و بریتییـــە لـــە: بـــەدیهێنانی بەرژەوەندییە کانی ئێستا و داهـاتووی مـرۆڤ و دورخسـتنەوەی زیانـەکان لێـی، بەرژەوەندییەکانیش سێ جۆرە، زۆرپێویست و پێویست و جوانکارییـەکان یـان تەواوکارییـەکان(الضـروريات والحاجيـات والتحسـينيات– التكميليـات) ، هـەرە پێداویستییەکانیش(الضـروريات) لـە ئیسـلامدا بـریتین لـە : پاراسـتنی ئـایین و نـەفس و وەچـە –نـاموس– دارایـی و ژیـری مـرۆڤ... بـەلاّم بەسـەرنج دانـی دەرەنجـامی ئـەو پرۆسـانە بۆمـان دەردەکـەوێ هـیچ یـەك لـەو زەرورییانـەی شەریعەت پارێزگارییان لێ نەکرا و نەپارێزران، لەو پرۆسـانەدا نـرخ و بـەهایان بۆ دانەنرا ، بگرە بەتەواوی واتا سوك و بێ ئەرزش کران ... لە کاتێکدا هـەموو ئـەو خەڵکـە موسـوڵمان و دینـدار و خـاوەن بـەها و ڕەوشـت بـون بـە واتـا گشـتییەکەی و بـە هـیچ پێوەرێـك شایسـتەی ئـازاردان و سـوکایەتی و گـرتن

ولەناوبردن نەبون، مەگەر بەپێی بۆچونێکی نەتەوەپەرستی توندڕەوی تێکەڵ بە سۆشیالیستییەکی شۆڤینییانە...

لەو پرۆسانەدا نە ئایین و نەسامان و دارایی و نە وەچە و نە ناموس و نە ژێری ئەو خەڵکە موسوڵمانە بێ چەك و مەدەنییە نەپارێزرا بگرە لەناوبران و بەدڕندانەترین شێوە هەڵسوکەتیان لەگەڵ کرا و پیر و لاوو، منداڵ و ئافرەت و منداڵی شیرە خۆرەش بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ مافێك کوژران و زیندە بەچاڵ کران.... کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو پرۆسانە دژ و ناتەبان بە مەبەستەکانی شەریعەت و کرۆکی ئایین و پەیامی پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر...

خۆ ئەگەر تەنها باس لە کوشتنی ناڕەوا بکەین لە ئیسلامدا،(کەسەرجەم قوربانییەکانی ئەنفال لەم جۆرەن)، ئەوا تێ دەگەین ئەو رژێمە لە پاڵ تاوان و جینۆسایدەکەشیدا چۆن ویستویەتی بەزیادکردنی ئەو زاراوە ئەوەندەی تر کارەکەی قێزەون بکات... لەکاتێکدا ئەوەی ئەو پێی هەستاوە بە پێوەرە قورئانییەکە ئەگەر تەنها یەك کەسیش بوایە وەك ئەوە وابوو هەموو خەڵکی کوشتبێ ﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا ۚ وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَٰلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ ﴿٣٢﴾﴾ئەمە جگە لەوەی لە فەرمودەی پێغەمبەری خوادا هاتووە کە کوشتنی تەنها کەسێك بە ناڕەوا لە روخاندنی کەعبە و ماڵی خوا قورسترە...

("لئن تهدم الكعبة حجراً حجراً أهون على الله من أن يراق دم امرئ مسلم"، وفي رواية: "لزوال الدنيا أهون على الله عز وجل من قتل رجل مسلم"، رواه الترمذي والنسائي).

هەر بەوەی ئەم پرۆسەیە دژ بە گەل و نەتەوەیەکی موسولّمان ئەنجام درا ئەتوانین بلّێین ئەو پرۆسەیە دژە بە ئیسلام و رۆحی شەریعەت، چونکە بەهیچ پێوەرێکی ئایینی دروست نیە کار و پرۆسەیەکی لەو شێوەیە ئەنجام دریّ. ئەی ئەم پرۆسانە چ پەیوەندییەکی بە کەلتوری عەرەبی پێش ئیسلامەوە هەیە؟

دیارە کوشتن و تالاّنکردن و بەکۆیلە بردن وەکو کولتورێك لە مێژووی زۆربەی گەلاندا پێشینەی هەیە و لای عەرەبیش هەبووە ، بەلاّم ئایا بەعس لەم دەرچە و دەروازەیەوە بەم کارە هەستا یاخود ئەوە هەلّقولاّوی ئایدیۆلۆژیای بەعس خۆی مۆدێرنە بوو وەکو بەرەنجامی حیزبێکی سەردەمی؟وە ئایا بناغە و بنەچە و ڕیشەی ئەم جینۆساید کردنە زیاتر لە سەردەمی مۆدێرنەدایە یاخود بەدەرە لە مۆدێرنیتە؟ چونکە جگە لە عەرەبیش کارەکتەری کوردیش بەشداری چالاکانەیان کرد لەم پرۆسەیەدا و سورەی بەر لەشکربون.

وا دەبینم راستتر ئەوەیە بوتریّ پرۆسەکانی ئەنفال هەلّقولاّوی فیکرەی بەعسە بە رەهەندە جۆراوجۆر و پێکهێنەرە فیکری و پێشینە مێژوییەکانیەوە... کە زیاتر خۆی لە نەتەوەپەرستی و ناسیۆنالیستییەکی توندڕەو و رەگەز پەرست و شۆشیالیستیەکی فاشیستانە و نازیانەدا خۆی دەبینێتەوە، مێژووی ئەم دوو میحوەرەی پێکهێنەری بەعس لێوان لێوە لە کارەساتی مرۆیی هاوشێوە و جینۆسایدی گەلان یان بەشێك لەگەلان، رووداوەکانی هەنوکەی سوریاش(کە نزیکترین رژێمە لە بەعسی عێراقەوە و هەمان کەلتور و ئایدیۆلۆژیایان هەیە) دیوێکی ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێنیّ و پشتگیری روسیا و چینیش لە دیکتاتۆرەکان لەهەمان دیدو بۆچونەوەیە... بەقوربانیکردنی مرۆڤیش لەسەردەمی مۆدێرنەدا لەپێناو هەندیّ بۆچونی دیاری کراوو خواستی هەندیّ لەوانەی خۆیان بەجۆرێك لەسۆپەرمان دەبینن زۆر دوور نییە لەم

رەفتارانــەوە... ئــەکریّ بــوتریّ چــەندین رەهەنــدی جۆراوجــۆر بــونی هەیــە لەپرۆسەی جینۆسایدکردنی گـەلی کـورددا، لەسـەرووی هەمویانـەوە رەگەسـت پەرستی و ناسیۆنالیستی توندڕەو...

عەرەب و عەرەبچییەتی لەڕوانگەی بەعسەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو، تەنانەت ئیسلامیش لای بەعس رەنگدانەوە و ئینعیکاسی عەرەبایەتی بوو، هەر بۆیـە دامەزرێنـەری بـەعس لـە یـادی پێغەمبـەردا کـاتیّ نامیلکەیـەك دەنوسـیّ ناونیشـانەکەی بـریتی دەبێـت لـە(ژکری الرسـول العربـی) ، (یـادی پێغەمبـەری عەرەبی) نەك یادی پێغەمبەری ئیسلام، بگرە سیفەتی پەیامبـەرێتی و نبـوەتی لـیّ دادەڕنـریّ و وەکـو سـەرکردەیەکی نەتــەوەیی دەخرێتــە روو کــە ئــاواتی عەرەبــەکانی بەرجەســتە کــردووە، هــەر بۆیــە لــە دیــدی عەفلەقــدا دەبێــت عەرەبــەکان جــارێکی تــر موحەمــەد بەرجەســتە بکەنــەوە لــە روانگــە نەتەوەییەکەوە(کان محمد کل العرب فلیکن کل العرب الیوم محمدا)، ئەمە جگـە لــەوەی بەرنامــە و پرۆگرامــی بــەعس فیکــرەی ئــایینی رەفــز دەکــا و بــە دواکــەوتووی دادەنــیّ و خــۆی وەك حیزبێکــی عــەلمانی پێشــکەوتن خــوازی شۆشیالیزمی دەخاتە روو...

عەفلــەق هــەر لــەو روانگــە عونســورییەوە دەڕوانێتــە دۆزی کــورد وخــاکی کوردستانیش بە خاکی عەرەب دادەنـیّ و بۆچـونی وایـە هـەر کەسـە لـە خـاکی عەرەبیدا بانگەشە بکات بۆ کوتلەیەکی رەگەزی جگە لـە عـەرەب ئـەوە دەبێـت دەربکـریّ لـەو ولاّتـە و رابگـوێزریّ، لەهـەمان کاتـدا وەهـا دەبـینیّ بزوتنـەوەی کوردایەتی و نەتەوەیی گەلی کورد بەتایبەت لە عێراقدا دەستی ئیستیعماری لە پشت بووە، هەر بۆیە کاتیّ دژایەتی دروست بوو لـە نێـوان شۆرشـی عـەرەبی و بزوتنـەوەی نەتـەوەیی کوردیـدا ئـەوا حەتمـەن ئیسـتیعمار لـە پشـت بزوتنـەوە

کوردیەکەوەیــە... ســەرەڕای ئــەوەی لەبەعســی عێراقیــدا بــەدەوی بــون و شۆڤێنییەت ئامادەگیەکی بەرچاوی هــەبوە... تەسحیحی قــەومی و دەرکردنــی کــوردە فەیلییــەکان و قڕکردنــەکانی تــری کــوردی هاووێنــەی بەرزانییــەکان و بەعــەرەبکردنی کــەرکوك و ناوچــەکانی تــریش ڕەنگدانــەوەی ئایــدیۆلۆژیای بەعسن...

ئەگەر بەشێوەیەکی ئاینیانە راڤەی ئەو پرۆسانە  و دەرەنجامەکانی بکـەم ئـەوا وا دەبیــنم نــاوەڕۆکی ئــەم ئایەتــەی خــوارەوە بەســەر بــەعس و ســەرۆکی رژێمەکەیدا پیادە دەبێت، نەك ئەوەی پرۆسەکە پرۆسـەیەکی دیـنی بوبێـت، بـا زاراوەی ئاینیشی بۆ تەوزیف کرابێت، هەر لەبەر ئەم هۆیـەش مـن لـە پێشـەکی نامەی ماستەرەکەمدا ئەو ئایەتەم داناوە و هێناومە:

{وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَي مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوأَلَدُّ الْخِصَامِ (204) وَإِذَا تَوَلَّي سَعَي فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ (205) وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ (206) وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ } ﴿البقرة: 204 – 207﴾. کورتەی واتای ئەم ئایەتـەش بریتییــە لــەوەی خــوای گــەورە پێمــان دەفــەرموێ:" هەنــدێ لــە خــەڵکی کــاتێ لەژیانیاندا  قسە دەکەن و وتاردەدەن، سەرسام دەبی پێیان، بەتایبـەتی کـاتێ خــوا دەکەنــە شــاهێد لەســەر ئــەوەی دڵیــان پــاك و ســاغە و دڵســۆزن، بــەڵام لەڕاستیدا دوژمن و ناحەزێکی سەرسەختن. ئەگەر پشتیان هەڵکرد و ڕۆیشـتن و لەو جۆرە شوێن و جێگـە دورکەتنـەوە دەسـت دەکـەن بـە خراپـەکاری لەسـەر زەویـدا وزەوی و زار و نــەوە و وەچــە لــەناو دەبــەن، لەکاتێکـدا خـوای گـەورە خراپەکاری خۆش ناوێ، ئەگەر پێیان بوترێ لەخوا بترسن و ئـەو جـۆرە کارانـە

مەکـــەن، گـــویٚ نـــاگرن و ســـەرکەش دەبـــن وبـــەردەوام دەبـــن لەســـەر خراپەکارییـەکانیان، ئـەو جۆرەکەسانە دۆزەخ چـاریان دەکـات، کـە خـراپترین جێگە و شوێنە".

ئـــەوە بەعســـە وتـــاری مـــرۆڤ دۆســـتی و ئـــاوەدانی و نیشـــتمان پـــەروەری دەبەخشییەوە کەچی جینۆسایدیشی پیـادە دەکـرد بەهـەموو جۆرەکانیـەوە و گوێی بۆ کەسیش نەدەگرت و ڕەوایەتی دەبەخشیە کارەکانی.

پ2: بۆ خوردکردنەوەی شرۆڤەکردنی نێوەڕۆکی پەلاماری ئەنفالکردنی کـورد، ئایا پێش هەر شتیٚ پێویستمان بەناسـینی بەعسـە، ئایـا دەکرێت لەبرۆەیـەکی هەمەلایەندا کلتوری عەرەبو ئیسلام بناسین‌و دواتـر بگەڕێنـەوە لای مەسـەلەی پێشوتر، دەنا چۆن؟

مـن وا دەبیـنم پێویسـتە بـەعس بناسـین بـە هـەموو پێکهێنـەر و ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکانیەوە، دەبیٚ لەوەش تێبگەین بۆچی بەعس پەنا بۆ تـەوزیفکردنی زاراوەیەکی لەوشـێوەیەش دەبـات، ئەمـەش ئـەوەمان لـیٚ دەخوازێت ئاشـنای چەمکەکە بین و بەراوردی کەین بە ناوەرۆکی ئەم پرۆسەیە لەلای بەعس...

ئەگەر لە ڕوی زانسـتی واتاسـازی(علـم الدلالـة) و گەشـە و گـۆڕانی واتـا(التطـور الدلالي)یەوە وەك بەشێك لە زانستی واتاسازی لەم بەکارهێنانەی بەعس بڕوانین ئەوا دەتوانین بڵێین بەعس بەمەبەستەوە هەسـتاوە بـە گـۆڕان و گواسـتنەوەی واتا(انتقال الدلالة) وتێکشکانی واتا(انحطاط الدلالة) لە پێناو شێواندنی واتاکە و پێدانی واتای نویٚ، چونکە زاراوەی ئەنفال لە جەنگی بەدردا بـەکارهات بـەرەی یەکەم مسوڵمان و دوەم کافر بون، یەکەم چەوساوە و دوەم ستەمکار و یەکـەم دەرکراو و دوەم دەرکەر و یەکەم دەوڵەندەی بازگان و دوەم هـەژاری بـیٚ مـاف

کراو کە دەیویست هەندێ لە مافەکانی دەست بخاتەوە، یەکەم خاوەن بیرو باوەڕ و داکۆکی کار لە قورئان و دوەم دژە بیروباوەڕ و قورئان، جەنگەکەش لە دەشت و بیاباندا ئەنجام دراو لەناو دانیشتوان و خەڵکی سیڤیل و مەدەنیدا نەبوو، کوژراوو دیلەکانیش شەڕکەر و جەنگاوەر بون، نەك ئافرەت و منداڵ و ...هتد... دیلەکانیش نەکوژران و بەفیدیە و فێرکردنی نەخوێندەواران ئازاد کران و پێغەمبەریش ئامۆژکاری کردن چاکەیان لەگەڵ بکەن... شت ومەکیش برا و دابەش کرا نەك مرۆڤەکان، واتە ئەنفالەکە بریتی بوو لە شت و مەك... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو چەمکە بەمەبەستەوە گۆڕێنراو بۆ واتای تر بەکارهاتووە.

بەڵام پرۆسەکانی ئەنفالی بەعس ناوەرۆکێکی تری هەبوو(بۆیە وتمان واتاکەی گواستراوەتەوە و تێکشکێنراوە و بەخراپی تەوزیف کراوە، هەروەك لە زانستی واتاسازی و گەشەی واتادا ئاماژەی پێ دەکرێ)، بریتی بوو لەبەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ، کوشتنی مسوڵمانی مەدەنی بە ئافرەت و منداڵ و پیرو پەککەوتە و ... تد، بریتی بوو لەلەناوبردنی باخ و دانەوێڵە و دەغڵ ودان و شوێنە پیرۆز و مێژوییەکان و کوێرکردنەوەی کانیاو و روخاندنی خانە ولانەی مسوڵمان و هاوڵاتیانی کوردستان، روخاندن و سوتاندنی شوێنە ئاینییەکان و مزگەوت و قورئان و قوتابخانەکان و .... سەرەڕای گرتن و لەناوبردن و زیندەبەچاڵکردنی ئەو کەسە بێ تاوانانە، کە بە هەموو ئاین و یاسایەکی ئاسمانی و زەمینی دەبوو منداڵ و ئافرەت و کەسی مەدەنی وبگرە دیلی شەڕکەریش کە خۆی داوە بەدەستەوە پارێزگارییان لێ بکرایە ، نەك بەو سەرەنجام وچارەنوسە ببرانایە.

هەر بۆیە هەڵەبوو، ئێستاش هەر هەڵەیە شەڕی ئایدۆلۆژی بـەم کارتـە بکـەین و لەجیاتی ناساندنی وەکو خـۆی کـە جینۆسـایدە بچـین ناسـنامەیەکی تـری پـێ بدەین، لێرەدا نامەوێ هۆکاری ناونانی ئەم پرۆسەیە بە ئەنفال روون بکەمەوە، بـەڵام بـەکورتی دەڵـێم –وەکـو زۆر کەسـی تـریش وتویانـە– لەوانـە مامۆسـتا عەبـدوڕەحمان سـدیق کـە بـەعس بەمەبەسـتەوەو بـۆ شـێواندن ئـەم نـاوەی هەڵبژاردووە، ئەو ناوی شوێنە خزمەتگوزارییەکانی بە نـاوی بـەعس و حیـزب و سەرۆکەوە ناودەنـا و نـاوی شـەڕ و رۆکێتـەکانی بـەناوی هـاوەڵانی پێغەمبـەری خواوە ناودەنا نەك تەنها بەرامبەر ئێمە بگرە لەجەنگی ئێران عێراقیش و دژ بـە ئێرانیش، هەمومان ساروخی حوسێن و عەباسمان لەبیرە...

باشـترین کـارێ دەبـو بمانکردایــە و بیکــەین ناســاندنی ئەنفالــە لەڕوانگــەی پەیماننامە و بەڵگە نامە نێودەوڵەتییەکانەوە، چونکە ئەم شاڵاوانە بە تەواوەتی پێچەوانەی سەرجەم ئەو بەڵگە نامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتیانە بوون لەوانە:

1– تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی1945(الجرائم المرتکبه چد الانسانیه)

2– پەیماننامـەی ڕێگـری کـردن لـە پاکتـاوی جەستەیی(جینۆسـاید) نەتەوە یـەکگرتووەکان 9ی کـانونی یەکـەمی 1948. مـادە 2، کە لە 26 تشرینی دووەمی 1968 ئیمزا و ئیقرار کرا لە نەتـەوە یەکگرتووەکان.

3– جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان1948

4– ڕێککەوتننامەی جنێڤ سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ دیـل لـە 12ی ئاب1949_مادەی 13و14و15).

5– بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان(3318(د–29) ی 14ی کانونی یەکەمی 1974، سەبارەت بە پاراستنی منـاڵان

وئافرەتان لە بارودۆخـە کتـوپڕ و ناکۆکییـە چـەکدارییەکاندا، کـە هــەموو دەوڵــەتانی پابەنـد کـردووە بـە پاراسـتنی مـافی منـاڵ و ئافرەت لەو بارودۆخانەدا.

ئـەم شـالاوانە دەبێـت لەڕێگـەی دژایـەتیان بـۆ ئـەو پەیماننامـە و بەڵگەنامانـە بیانخەینە روو، لە ژێرناوی جینۆسایددا جێی بکەینـەوە نـەك شـتێکی دی، بـەو پێیەی جینۆساید بریتیـە لـە پرۆسـەیەکی مەنهـەجی و ڕێکخـراو و نەخشـە بـۆ داڕێژراو بەمەبەسـتی کـاولکردن و پاکتـاوکردنی کۆمەڵەیـەکی مرۆیـی ئـەتنی یـا سیاسی و رۆشنبیری.

ئـەم پرۆسـەیە هەرسـێ قۆناغەکـەی جینۆسـایدی تێـدا بـەدی کـرا کـە بـریتین لە(دەستنیشــانکردنی ئــەو کۆمەڵــەی دەکرێنــە ئامــانج، کۆکردنــەوەیان لــە سەربازگە و شوێنە دیاریکراوەکاندا، لەناوبردن و ونکردنی شوێنەواریان).

ئەگەر لەم دەروازەیە بۆی بچـین و شـیتەڵی کـەین و لێـی تێبگـەین و کـاری بـۆ بکەین ئـەوا هــەنگاوی دروسـت دەنـێین و سـود بـە کـورد و دۆزەکـەی و دۆزی ئەنفال و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دەگەیەنین.

پ3: بەچی پێوەرێك قسە لەسـەر ترسـی دووبـارە بوونـەوەی ئـەنفال بکـەین؟ بەچی لۆژیك و باکگراوندێك ئەو ترسە رەوایە؟ ئایا تائێستا لەگوتاری تاکو کۆی کوردیدا خوێندنەوەیەك هەیە بۆ ئەم لایەنە, ئەگەر نییە بۆ؟

وادەزانم ترسی دوبارەبونەوەی ئەنفال لە زۆر رووەوە ترسـێکی رەوایـە ، لـەو توێژینەوەیـەی سـاڵی2007-2008ئەنجامـدا لەگـەڵ لاوانـی کـەس و کـار ئەنفالـدا و لــە پرسـیارێکدا کــە ئایا:"ترســی دووبارەبونــەوەی هــەمان ئــەو رووداوانــەت هەیــە کــە لــە پرۆســەکانی ئەنفالــدا روویانــدا". وەلامــی لــە

77,14٪بەچەند ئاست و پلەی جیاواز بە: بەڵێ بوو، ئاماژەیان بەوەدابوو ئەو ترسە لەناخیاندایە، لە کاتێکدا توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ لاواندا بووە، نەك گەورە و بەتەمەنەکان، توێژینەوەکەش لە دۆخێکدا بووە ئەو مەترسییانەی ئێستە لە ئارادان ئەو کات بۆ کورد کەمتر بەم شێوەیەی ئێستا بەدەر دەکەوتن... خۆ ئەگەر ئێستە هەمان پرسیاری پێشوو لە راپرسیەکدا نوێدا دوبارە بکەینەوە ئەگەری زۆر هەیە رێژەکە بەرزتر بوبێتەوە...

کاتێ ئەو نیگەرانیانە دەڕەوێنەوە حکومەتی عێراقی بگاتە ئەو ئاستەی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات وەك جێگرەوەی حکومەتی پێشوو، ئامادەیی قەرەبوو دەربڕێ و هاوکار بێت بۆ ناساندنی وەك جینۆساید، تێ بگات لەوەی حکومەتی پێشوش ئامادەبوو ئەم سێ پارێزگایەی ئێستای هەرێم وەك کوردستان بناسێنێ، ئەم حکومەتە ئامادەیی دەربڕێ زیاتر ببەخشێ یان تەواتر بڵێن مافەکانی سروشتیەکانمان بەڕەوا ببینن و ئامادەییان هەبێ ئەو هەموو قوربانییانەی گەلی کورد بەهەند وەرگرن!!!

خوێندنەوەی عەقڵی عەرەبی لە عێراقدا بە شیعە و سوننەوە و بە نەتەوەیی و ئیسلامییەوە، ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئێمە هێشتا لە هزری ئەواندا هاوڵاتیی پلە یەك نین یان لانی کەم هەموو مافێك بۆ ئێمە بەڕەوا نابینن بۆ نمونە مافی سەربەخۆیی، ئەگەر ئەوان رازی نەبن یان قەناعەتیان بەوە نەبێت ئێمەش ئەو مافەمان هەیە، ئەوا هەر رۆژێك داوای ئەو مافە بکەین یاخود بڕیاری لەو شێوەیە بدەین ئەوا مەترسی جینۆساید یەکێکە لە ئەگەرەکان ئەگەر لە سنورێکی بەرتەسك تریشدا بێت...

ئێمە وەك کورد کات و کارتی زۆرمان لەدەست داوە، زۆر شتمان کردوەتە قوربانی بەرژەوەندی شەخسی و حیزبی، دۆخەکە گەیشتوەتە ئەوەی ترسی

ئەوە لە ئارادایە لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا مەترسی لەسەر ئایندەی ئێمە زیاتر بێت، چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانمان ئاڵۆزتر بێت، هەموو ئەمانەش مەترسی دوبارەبونەوەی روداوەکانی رابردوو لە فۆرمی تردا یان لە هەمان فۆرم بەڵام لەسنورێکی بەرتەسکتردا بێتە ئاراوە، ئەمە ئەگەر نەکەوینە بەر غەزەبی فەتوای ئەم موجتەهید و ئەو ئایەتولاّ کە هیچ دوور نییە لەعێراقدا سەر هەڵ بدا و جیهادی موقەدەسمان لە دژ راگەیەنن، چونکە زۆرێك لە فەرمان ڕەوا و مەزهەبییەکانی ئێستای عێراق لە ژێر سایە و سێبەری مێژوودا فەرمان ڕەوایەتی دەکەن و لە هزریی خۆیاندا درێژە بە جەنگ و ناکۆکییە مێژوییەکانی سەرەتاکان دەدەن و ئێستا دەبەنەوە بۆ نێو مێژوو، لە جیاتی ئەوەی سود لە تەساموحی ئیسلام و بزاوت و مافخوازیی و ئازادیخوازییەکانی سەردەم بەهەند وەرگرن.

خەمخۆرانی ئەم گەلە دەبیّ زۆر ستراتیژییانە بیر لە داهاتوی ئەم نەتەوەیە بکەنەوە، دەبێت خواستی سەربەخۆیی و خەون و خولیای گەورەیان هەبیّ، بتوانن بەسەرکەوتوانە لەم عێراقە جەنجاڵەدا درێژە بەململانێکان بدەن. خواست و حەزە حیزبییەکان تێپەڕێنن و وەکو سەرۆك و خەمخۆری ڕاستەقینەی گەلێکی چەوساوە و ستەم دیدە ڕەفتار بکەن کە هەردەم چاوی لە داهاتووە، چاوی لە بون و کیانێکی سەربەخۆیە ، بونێکی پڕ ڕێزو شەرەف مەندی ، پڕ ماف و ئازادی ، پڕداد و نان و خۆشگوزەرانی... ئاخر چ ئومێدێك بەئەم سەرکردانە هەیە کەچاوی خۆی کوێر دەکا بەوەی رەخنەگر و رۆژنامەنوسەکانی دەکوژیّ!!! ئەو ئاوێنانە دەشکێنیّ کە نەنگی و ناشیرینێکانی خۆیی نیشان دەدات!!! خێر و بێری ئەم ولاّتە و دەبەخشێتە کەمینە و دەستەیەك و زۆرینەیەکیش وەکو بیانی و بیّ بەش وغەوارە

مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ ... بگرە دەرفەت بۆ بیانییەکان و بەتاڵانکردنی زەوی و زاری ئەم خاکە لەژێر زۆر ناوی جیاوازدا بووەتە نەریتێکی بەردەوام و بەپاساوی بێ جێ رەوایەتی پێ دەدرێ... ئەگەر خۆدانەچینەوە و ستراتیژیەکانمان نەگۆڕین کارکردنی جیدی بۆ داهاتوی نەتەوەکەمان دەبێتە خەونێکی بەدی نەهاتوو! دەبینە ژمارەیەکی ئەژمارنەکراو لەعێراقدا کە هەمیشە هەست و خولیای جینۆساید و چەوساندنەوە ئامادەگیی هەیە تیایدا.

پ4: جیاوازی لەنێوان روناکبیرو سیاسیەتمەدارانی کورد لەخوێندنەوەدا بۆ ئەنفال لەچی دایە؟ ئایا کورد بەدەر لەهەموو جیاوازییەکان پێویستی بەکۆ دەنگی نییە بۆ ئەنفالو کەشفکردنی رەهەندو دەرئەنجامەکانی؟

بێگومان پێویستیمان بە کۆدەنگی هەیە، بەلاَم ئەو کۆدەنگیە ئالیەت و کاری فرە ڕەهەندی دەوێت، کارەساتی ئەنفال رووداوێکی ئەوەندە سوك و سانا نییە تەنها لە ڕوویەکەوە بخوێنرێتەوە یا لە چەند رەهەندێکی دیارییکراوەوە بخرێتە روو، یاخود کارکردن تیایدا سنوردار بێت... کارەساتی ئەنفال پێویستە لە چەندین رەهەندی جیاواز و جۆراوجۆرەوە بخوێنرێتەوە و لە چەندین کەناڵی فرەوەکاری بۆ بکرێت.

دەکرێ هەندێ (بەتایبەت کەسایەتیە یاسایی و سیاسی و رۆشنبیر) ەکانمان سەرقاڵیی خستنەڕووی ئەو دۆزە بن لە بوارە سیاسیەکەیدا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بیناسێنن، تا دەگاتە ئەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەکو جینۆساید بناسێنرێت... ئەمەش بە گرتنەبەری چەندین هەنگاو و هەوڵی جۆربەجۆری فرە رەهەندی بەرنامە بۆ رێژراو و پرۆژەی پشتگیری کراو کە دەخوازرێت بەڵکو پێویستە هاریکارییەکی گەورەی حکومەتی هەرێمی لەپشتەوە بێت، بەو پێیەی دۆزی نەتەوەیەکە و دەرەنجامەکانیشی گرێدراوی

ئاینـدە و داهـاتووی ئـەو گەلەیـە. لێـرەدا هـەوڵی رونـاکبیر و سیاسـییەکانمان ئەگەرچی جیاوازی تێدا بێت بەلاّم تەواوکار دەبێت.
سیاسـەتەداران بەتایبـەت ئەوانـەی جڵـەوی دەسـەلاّتیان لەدەسـتدایە دەتـوانن زۆرشت بکەن بۆ ئەم دۆزە و کەسوکار و قوربانییەکان ، بەلاّم دەبێت ئـەوانیش ئەوە لەبیری خۆیان دەرکەن خێـر بەبەشـێکی لێقـەوماوی ئـەم گەلـە دەکـەن و سواڵ و سەدەقەیان پێ دەدەن!!! بەڵکو دەبێت خۆیان بـە بـەرپرس بـزانن و خۆیـان لــە ئاسـت و ئـەرکێکی نەتـەوەیی و دادخـوازیی و سیاسـی گـەورەدا ببیننەوە و کاری جیدی بۆ بکەن. کاری رونـاکبیر و توێژەرەکانیشـمان شـتێکی لەوان کەمتر نییە ئەگەر گـەورەتر نـەبێت، کـوان ئـەو کەڵـە نوسـەر و توێـژەر و روناکبیرانــە توانیویانــە زۆر بەبەشــی ئــەم جینۆســایدە بگەیەننــە ئاســتێکی فراوانتری جیهـانی؟! بەزمانـەکانی تـر!! بـە چـیرۆك و رۆمـان و توێژینـەوە؟! نـاڵێم نـین بــەلاّم دەگمــەن و لاوازە و دەنگـۆی گـەورەی ئـەو کارانـەمان زۆر نەبیستووە؟! کوا ئەو فیلمە سینەماییە گەورانەی مرۆڤایـەتی بهـەژێنێ؟! .... دیارە هەمومان بەرپرسیارین بەلاّم هەرکەسەی بەپێی بەرسـیارێتی و تواناکـانی خۆی ...
پ5: ئـەنفال جیـا لـەبێ سـەرو شـوێن کردنـی 182 هـەزار مـرۆڤ و سـوتاندنو خــاپوورکردنی 4500 هــەزار گونــدو ســوتاندنی رەزو بــاخو بــەتالانبردنی سەرەوەتو سـامانی دانشـتوانی شـوێنە ئـەنفال کراوەکـان, کۆمـەڵێ نەخۆشـی جۆراو جۆری بەدوای خۆیداهێناو بەردەوامیش درێژەیان هەیە, ئایا ئەم حاڵەتـە کـە لایـەنی ئـابووریو کۆمەڵایـەتیو دەروونـی بەخەسـتی دەگرێتـەوە, لـەکوێی گوتاری ئەنفالکردنی کورد لەلایەن بەعسەوە خۆی دەبینێتەوە؟

ئەوانە دەرەنجامی پرۆسەکەن، جۆرەکانی جینۆسایدن، پرۆسەیەکی بەعسی بون بۆ سڕینەوەی ناسنامەی گەلێك، دەبێت بەردەوام خوێندنەوەیان بۆ بکرێت بگرە دەبێت وەك خۆی بخرێتە روو، چونکە ئێمە نەمان توانیوە تەنانەت وەك ئەوەی هەبووە بیناسێنین، کوا ئەرشیفی ناوازە و پێشکەتوی وێنەیی هەر گوندێك لەگەڵ کورتەیەك لە ژیاننامەی قوربانییەکان، لەشێوەی سەدان کتێبدا، کوا تۆمارکردنی زۆرینەی ئەو بەسەرهاتانە لە دوو تویی دەیان کتێبدا ، کوا دەیان فیلمی سینەمایی و دیکۆمێنتاری لە ئاستی جیهانیدا ... ئەو هەموو قوربانیانە، ئەو هەموو زیانانە ئێمە دوای نزیکەی بیست ساڵ توانیمان ئامارێکی بۆ بکەین، بەشی زۆری ئەوەیتر هەوڵی تاکەکەسی بوو، یان کاری رێکخراوی بیانیی بون نەك هەوڵی جیدی خۆمان ، ئێستەش کارە زۆر جیدییەکان کەمتر بەرهەمی ناوەوەی هەرێمی کوردستانن ...

پ6: چی بکەین بۆ ئەوەی ئەنفال بکەینە مەسەلەیەکی میللی؟

زۆرکار هەیە دەکرێ بکرێن، لەپێش هەمویەوە هەستکردن بەگەورەیی کارەسات و مەرگەساتە مرۆییەکە وەکو ئەوەی هەیە، وەکو جینۆسایدێك، وەکو هەوڵ و پرۆسەی سڕینەوە و قڕکردنی گەلێك ، هێشتنەوەی بەزیندویی لە یادەوەریی تاکەکانی گەلی کورددا، گرنگی پێدانی لە بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندندا، لە لایەکی ترەوە و بۆ هەمان مەبەست دەکرێ لە سەر ئاستی ناوخۆ کاریتری زۆر بکەین هاوشێوەی تۆمارکردنی روداوەکان و بە زیندویی هێشتنەوەیان، ئەمەش بەچەندین شێوە و شێواز دەکرێت وەك:

1- تۆمارکردنی وێنە و دیمەنەکانی ئەو کارەساتە بە ورد و درشتییەوە لە زمانی خۆیانەوە، لە رێی چاوپێکەوتنی دەنگی و ڤیدیۆیی و نوسینەوە. کە دەکرێ هەندێ لاوی

خەمخۆری رۆژنامەنوس و رۆشنبیر بەم کارە هەستن و دام و دەزگا و کەسایەتی تر پشتیوانی و رێنماییان کات.

2- لەئاستی کاریگەرییە دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکەشدا دەکرێ دەیان توێژینەوەی زۆرگرنگ و مەیدانی ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی زیاتر لە قەبارەی کارەساتە بگەین و بە کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی ئاشنابین، بۆ ئەمەش دەکرێ سوود ببینرێ لە هەموو ئەو توێژینەوانەی ئەنجام دەدرێ هەر لە نامەی دکتۆراوە تا توێژینەوەی دەرچوانی زانکۆ و هەر هەوڵێکی تری هاوشێوە...سەبارەت بەم دوو خاڵە هەندێ شتی کەم کراون بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە ئاستی خواستراوو پێویستدا نین.

3- هەنگاوی جیدیتر بنرێ بۆ بەدیکۆمێنت کردنی ئەو کارەساتە بەشێوازێکی زۆر بەرفراوان و زانستی...

4- برەودان بە بنیاتنانی مۆنۆمێنت و گرنگی دان بەو مۆنومێنتەی کە دەستی پێ کراوە لە چەمچەماڵ و شوێنانی ترو دەوڵەمەندکردنی بەو کەرەستە و بابەت و بەرهەمە جۆراوجۆرانەی خزمەت بە ناساندنی ئەنفال دەکەن لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

5- ئەنجام دان و دەرکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری و بەرهەمی جۆراوجۆری هونەریی تر بۆ ناساندنی دۆزەکە بە جیهان و ناوەندە جۆراوجۆرەکان و وەرگێڕانیان بۆ زمانە

زینـــدووەکانی جیهـــان... لەگـــەڵ چـــەندین کـــاری جۆراوجۆری تر .

لەسەر ئاستی کەس و کاری ئەنفال کراوەکانیش دەکرێ زۆرشـت بکرێـت ، کـە ئەمـەش دەچـێتە چوارچـێوەی خزمـەتی ئـەو دۆزە و بـەمیللی و نەتـەوەیی کردنیەوە:

1- توێژینەوەی دەرونی و کۆمەلایـەتی جۆراوجـۆر و بـونی نەخۆشـخانەی دەرونی و گرنگی پێدانی ئەم بوارانە.

2- زیادکردنی موچەی کەس و کاریان و حساب کردنی تایبەت و زیاتر بـۆ ئەوانەی زیاد لەکەسێکیان قوربانییـە، گرنگـی دانـی تایبـەت بـەلاوانی کەسوکار ئەنفال.

3- رەخساندنی بارێکی گونجاوو خۆشگوزەران لە و دەڤەر و ناوچانەدا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر.

4- ئاوەدانکردنەوەی گوندو لادێیەکان و یارمەتی دانی بـێ بەرامبـەر بـۆ کردنی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالأت... ئەمە پێداویستییەکە بۆ هەموو لادێیەکانی کوردستان رەوا و مافە و جۆرێکـە لـە ئەمەکداری و نیشتمان پـەروەری. پـێم باشـە پـێش ئـاوەدان کردنـەوە هـەموو ئـەو گوندانەی تاوەکو ئێستە ئاوەدان نەکراوەتەوە وێنەی تـەواوی کـەلاوە روخاوەکانی گوندەکە بەڤیدیۆ و لێدوانی خەڵکی گوند تۆمـاربکرێ بـۆ ئەوەی لەداهاتودا سودی لێ ببینرێت,

5- هاریکاری کردنی زیاتری گەنج و لاوەکانی کەس و کار ئەنفال و پێدانی دەرفەتی باشتر تاوەکو جۆرێك بـێ لـە قـەرەبوو بـۆ رابـردووی پـڕ لـە زەحمەت و چەرمەسەریی و چەندین شتی تر لەم بارەیەوە.

دیارە بەشێك لەوانە كاری بۆ كراوە و هەنگاوی بۆ نراوە، بەلاَم كەم و كورتن و لە ئاستی چاوەڕوانی و تواناكانماندا نین... لە ڕابردوودا كەمتەرخەمی زۆر و ستەمی گەورە بەرامبەر ئەم دۆزە و كەس وكاری ئەنفالكراوەكان كراوە... هیوادارم بە پرۆژەی باش و خزمەتی زۆر ئەو تاوان و ستەمكاریی و كەمتەرخەمیانەمان بشۆینەوە.

پ7: هەڵوێستی ڕێكخراوە ئیسلامی و حكومەتە عەرەبییەكان چۆن لێكدەدەیتەوە تایبەت بەئەنفال؟

ڕاستییەك هەیە پێویستە لەیادماندا بێت، ئەویش بریتیە لەوەی ئەم پرۆسەیە و چۆنێتی ئەنجام دانی بۆ جیهانی دەرەوە پەنهان و نادیاربوو، چاوی ڕاگەیاندنی لەسەر نەبوو، لە نزیكی كۆتایی هاتنی جەنگی ئێران عێراقدابوو، ئەو جینۆسایدەش لەوانەیە بۆ ئەوانەی شارەزای دۆخەكە نەبون وەك درێژكراوەی ئەو جەنگە هاتبێتە پێش چاو ، تەنانەت لەشارێك بۆ شارێكی دی هەموو زانیارییەك زۆر ڕون و ئاشكرا نەبون و هەست پێكردنی جەماوەرییانەی خەڵكی ناوخۆش لە ئاستی پێویستدا نەبوو، ئیتر بەهۆی ترسەوە بوبێت یاخود نەبونی هۆكارەكانی ڕاگەیاندن، چ جای دەرەوە...

ئەوەی زیاتر لەناو ڕووداوەكاندا بوو، قوربانییەكان و كەس وكارەكانیان بوو، بەلاَم بەپێی هەندێ زانیاری كە نوسەرە بیانییەكان ئاماژەیان پێی داوە دەزگای هەواڵگریی ولاَتێكی زلهێزی وەكو ئەمریكا ئاگاداری جوڵە و هێرشەكانی ڕژێم بووە و بێ دەنگی هەڵبژاردووە.

بێگومان حكومەت و ڕژێمە عەرەبییەكانیش هاوكار و پشتیوانی ڕژێمی بەعس بون، بەلاَم ئایا ئەوان بەتەواوی لە نیازی بەعس و جینۆسایدەكە گەیشتبون ،

ئەوا من زانیارییەکی لەو شێوەیەم لانیە، بەلاَم بێگومان لە پشتیوانی کردنیان لەبەعس و سەرکوت کردن و لەناوبردنی گەلی کورد، ئەگەر بشیانزانیایە جینۆسایدیشە دلنیام زۆربەیان پشتگیرییان دەکرد، چونکە ئەو سیستەمە تۆتالیتار و ستەمکار و دیکتاتۆرانە هەر ئەوەیان لێ چاوەڕێ دەکرێ... ئەوان بەزەییان بەگەلی خۆیاندا هاتوەتەوە تا لەبیری گەلانیتر و مافەکانیاندا بن! !

وابزانم رووی راستەقینەی ئەوان دیار و ئاشکرایە و پێویست ناکات قسەی لەسەر کەین و چاوەڕێی پشتگیری و داکۆکی ئەوان بین ... تەنانەت ولاَتە بەناو دیموکراسی خوازەکانیش لەروانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە مامەڵە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دۆزی کورددا کردووە چ جای ولاَتگەلێکی سەربازی و ستەمکاری هاوشێوەی ولاَتە عەرەبییەکان.

سەبارەت بەکەسایەتی و رێکخراوە ئیسلامییەکانیش ئەوا پێویستە بڵێم ئەوان وەکو ئۆپۆزسیۆن و نەیاری دەوڵەتەکانیان بونیان هەبوە و فەرمانڕەوا و خاوەن دەسەلاَت نەبوون تاوەکو ئەو چاوەڕوانیەیان لێ بکەین.

بەپێی زانیاری من ئەوان لەو چەند ساڵەدا زیاتر زانیارییان سەبارەت بە هەڵەبجە و ستەمکارییەکانی تری بەعس هەبوە بەرامبەر بەکورد بەدەر لە جینۆسایدی ئەنفال، من وا دەزانم ئێستەشی پێوە بێت پێویستە زیاتر جینۆسایدی ئەنفالیان پێ بناسێنین، چونکە وادەبینم هێشتا بەپێی پێویست ئاشنای نین، هۆکارەکەی هەرچی بێت بەشێکی زۆری کەمتەرخەمی خۆمانە...

من لەکۆنگرەی یەکەمی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورددا بەشداریم کرد، جگە لەچەند عەرەبێکی عێراقی ناسراو یەك زانای ئیسلامی یا توێژەر و بیریارێکی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیم تێدا نەبینی... زیاتر هەر ئەوروپییەکان بون ... لەکۆنگرەکانی تریشدا هەر وابوە ... ئەمەش پێمان دەڵێ ئێمە خۆمان

ویستمان نییە جینۆساید و مەرگەساتەکانی خۆمان بەرێکخراو و کەسایەتییە ئیسلامییەکان بناسێنین یان کەمتەرخەمین و هەست بەگرنگیەکەی ناکەین ...
ئەم وتانەم بۆ داکۆکی نییە لەئیسلامیەکان ، ئەزانم هەڵوێستەکانی ئەوان دەبوو رون و ئاشکراتر و بەهێز تربێت... ئەوان سەبارەت بەهەڵەبجە و ستەمکارییەکانی بەعس سەبارەت بەکورد، هەڵوێست و هاوسۆزییان بوە و من وتەی چەندین کەسایەتی و بیرمەندی وەکو یوسف قەرزاوی و فەهمی شناوی و کەمال هەلباوی وعبدالله بن باز و محمد مەجزوب و فەهمی هوەیدی و نەجمەدین ئەربەکان و قازی حوسێنی پاکستانی و بورهانەدین رەبانی ئەفغانی و عیسام عەتاری سوری و راشیدغەنوشی و زەینەب غەزالی و موتەوەلی موسا و جگە لەوانیشم لایە کەبەناوی خۆیان یان رێکخراوەکەیانەوە هاوسۆزی بۆ گەلی کورد دەردەبڕن(دەکرێ بۆ تەواوی قسەکانیان سەیری کتێبی: هەڵوێستی ئیسلامیەکانی جیهان لەمەڕ کورد و مەرگەساتەکانی بکرێت)، کە هەریەکەیان بەشێوازی خۆی هەڵوێست و هاوسۆزی دەردەبڕێ.
بەڵام ئەوەی وتراوە بەسە و لە ئاستی پێویستدایە؟ لەوەڵامدا ئێژم نەخێر... دەڵێم پێویستە بۆ لەمەولا کاری باشتر بکەین و کۆنگرەی تایبەت لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا بۆ ئەو مەبەستە گرێ دەین، بەتایبەت هەنوکە کێرڤی جەماوەریی ئیسلامییەکان لەهەڵکشاندایە و هەندێکیشیان گەیشتونەتە دەسەڵات.

## ئەنفال دوای چارەکە سەدەیەک[136]

1– دوای تێپەڕبوونی یەك چارەکە سەدە ، بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، ئایا هێشتا هەست بە بوونی ئاسەواری ئەو تاوانە دەکەیت؟

هەموو شتێکی رابردووی ژیانی تاك و کۆ بەباش و خراپییەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەریی و شوێنەوار بەجێ دەهێڵێ , رۆڵی دەبێ لە هەڵس و کەوت و هەندێ جار دونیابینی مرۆڤەکانیشدا, لە هەست و نەستیشیدا رەنگ دەداتەوە, بەتایبەت ئەو روداوانەی ئاستی ئاسایی بون تێ دەپەڕێنن.

کاریگەری کارەساتێکی گەورەی وەکو جینۆسایدی بەناو ئەنفال شتێك نییە وەها بە سانایی و سوك و ئاسانی لەنێو بچێ و شوێنەوار بەجێ نەهێڵێ, بەتایبەت زۆرینەی هەرە زۆری هەموو ئەوانەی راستەوخۆ لە نێو کارەساتەکادا بوون یان کارتێکراوی راستەخۆبوون, هەنوکە لە ژیاندان و یادگارییە تاڵەکانیشی بیر و زەینیانی داگیرکردوە و تا ماوەیەکی دور و درێژیش هەر دەمێنێ...

شوێنەوار و کاریگەییەکانی ئەم جۆرە کارەساتانە لە روی دەرونی و کۆمەلآیەتیەوە بۆ چەند نەوەیەك دەمێنێ و لە هەست و ناهەستی ئەوانداا رەنگڕێژی دەبێ و رۆڵی دەبێ لە هەڵسوکەوتی بەرکەوتەکان و نەوەکانیان و بگرە ئەو ژینگەیەشی تێیدا دەژین ... ئەمە جگە لە چەندین شوێنەواری تری کەلەپوری و کەلتوری و ژینگەیی و ئابوری و سیاسی و ... هتك...

2– پێتان وایە ئەنفال لە زاکیرەی تاکی کوردیدا بە زیندوی ماوەتەوە؟.

بێگومان زیندوە بەلآم ئێمە ناتوانین بەئەندازەی قەبارەی کارەساتە مامەڵەی شایەنی لەگەڵدا بکەین , چ وەك جڤاتی کوردی و چ وەك سیاسی و

---

[136] وەلامی پرسیارەکانی کاك ئیسماعیل هەنارەی2-2-2014

کاربەدەستانی کورد, وەکو تاکیشی زیندویەتی ئەو کارەساتە لە زاکیرەی هەموو تاکەکاندا وەك یەك نیە و بەپێی تەماس لەگەڵ روداوەکە و نزیکی و دوری لە خودی قوربانییەکان و زەمینەی روداوەکان و لایەنی ویژدانی و سۆزداری کەسەکان, ئاستی ئەو زیندویەتیە دیاری دەکرێ و دەتوانرێ بزانرێ لە چ ئاستێکدایە ...

بەگشتی وا هەست دەکەم ئێمەی کورد لە ئاستێکی پێویستی هۆشیاریدا نیین لە بارەی زاکیرەی مێژوییمان و ئەو بەسەرهاتانەی بەسەرماندا هاتوە و دێ , ئەمە گلەییەکە زۆرجار و لە زۆر بۆنەدا لە خۆمانی دەکەین و وەها وێنای خۆمان دەکەین زوو یادەوەرییە تاڵەکانی خۆمان لە بیرەچێ و دەربەستی نیین و ناتوانیین وەك پێویست وەگەڕی خەین بۆ پرسە نەتەوەییەکانمان, بۆ داکۆکی لەماف و خواستە رەواکانمان.... ئەم لاوازییەی زاکیرەی کورد پێویستی بەوەیە بەردەوام و بەچەندین شێوە کاری لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی ئەرزێنی بێت لە ئاست خواست و داخوازییەکانی و ماف و ویستەکانی .ئەم نەتەوەیەدا... هتك.

بۆ ئەوەی بایەخ بەم کارەساتە بدەین و لە زەکیرەی خۆمان و ئەوانی تریشدا بە زیندویی رایگرین ئەوا هەموان و هەریەکەی بەپێی توانا و لێهاتنی خۆی دەبێ بایەخ بەم دۆزە بدات, لە شوێنی تریشدا باسی هەندێ لەو خاڵانەم کردوە کە دەکرێ لێرەدا ئاماژە بەهەندێکی بدەم لەوانە: دەکرێ کەسایەتیە یاسایی و سیاسی و رۆشنبیرەکانمان سەرقاڵیی خستنەڕووی ئەو دۆزە بن لە روی سیاسی و هزریی و رۆشنبیرییەوە و کاربکەن بۆ رۆشنبیری زیاتر لەو بارەیەوە لەئاستی ناوخۆ تا دەگاتە ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر ناساندنی، تا کاربگاتە ئەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەکو جینۆساید بناسێنرێت... ئەمەش بە

گرتنەبەری چەندین هەنگاو و هەوڵی جۆربەجۆری فرە رەهەندی بەرنامە بۆ رێژراوو و پرۆژەی پشتگیری کراو دەبێت کە دەخوازرێت بەڵکو پێویستە هاریکارییەکی گەورەی حکومەتی هەرێمی لەپشتەوە بێت، بەو پێیەی دۆزی نەتەوەیەکە و دەرەنجامەکانیشی گرێدراوی ئایندە و داهاتووی ئەو گەلەیە.

لە لایەکی ترەوە و لە سەر ئاستی ناوخۆ دەبێت ئەو رووداوە تۆمار بکەین و وێنەکانی بە زیندووی بهێڵینەوە، ئەمەش بەچەندین شێوە و شێواز دەکرێت وەك:

– تۆمارکردنی وێنە و دیمەنەکانی ئەو کارەساتە بە ورد و درشتییەوە لە زمانی خۆیانەوە، لە رێی چاوپێکەوتنی دەنگی و ڤیدیۆیی و نوسینەوە. کە دەکرێ هەندێ لاوی خەمخۆری رۆژنامەنوس و رۆشنبیر بەم کارە هەستن و دام و دەزگا و کەسایەتی تر پشتیوانی و رێنماییان کات.

– لەئاستی کاریگەرییە دەرونی و کۆمەلآیەتی و ئابوریەکەشدا دەکرێ دەیان توێژینەوەی زۆرگرنگ و مەیدانی ... ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی زیاتر لە قەبارەی کارەساتە بگەین وبە کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی ئاشنابین، بۆ ئەمەش دەکرێ سوود ببینرێ لە هەموو ئەو توێژینەوانەی ئەنجام دەدرێ هەر لە نامەی دکتۆراوە تا توێژینەوەی دەرچوانی زانکۆ و هەر هەوڵێکی تری هاوشێوە...سەبارەت بەم دوو خاڵە هەندێ شتی کەم کراون بەلآم بە هیچ شێوەیەك لە ئاستدا نین.

– هەنگاوی جیدیتر بنرێ بۆ بەدکیۆمێنت کردنی ئەو کارەساتە و بەشێوازێکی زۆر بەرفراوان و زانستی...

– بـرەودان بــە بنیاتنــانی مۆنۆمێنــت و گرنگــی دانــی زیــاتر بــە مۆنــومێنتی چەمچەماڵ و دەوڵەمەندکردنی بەو کەرەستە و بابەت و بەرهەمە جۆراوجۆرانەی خزمەت بە ناساندنی ئەنفال دەکەن لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

– ئــەنجام دان و دەرکردنــی فیلمــی دیکۆمێنتــاری و بەرهــەمی جۆراوجــۆریی هونەریی تر بۆ ناساندنی دۆزە بە جیهان و ناوەندە جۆراوجۆرە و وەرگێڕانیان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان... لەگەڵ چەندین کاری جۆراوجۆری تر .

لەسەر ئاستی کەس و کاری ئەنفال کراوەکانیش دەکرێ زۆرشت بکرێت:

1–توێژینــــەوەی دەرونــــی و کۆمەلایــــەتی جۆراوجــــۆر و بــــونی نەخۆشخانەی دەرونی.

2–زیادکردنی موچەی کەس و کاریان و حساب کردنی تایبەت و زیاتر بۆ ئەوانەی زیاد لەکەسێکیان قوربانییە.

3–رەخســـاندنی بـــارێکی گونجـــاوو خۆشـــگوزەران لـــە و دەڤـــەر و ناوچانەدا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر.

4–ئاوەدانکردنەوەی گوندو لادێیەکان و یارمەتی دانـی بـێ بەرامبـەر بـۆ کردنـی کشـتوکاڵ و بـەخێوکردنی مـەڕومالآت... ئەمـە پێداویسـتییەکە بـۆ هەموو لادێیەکانی کوردستان ڕەوا و مافە و جۆرێکە لە ئەمەکداری و نیشـتمان پەروەری.

5–هاریکاری کردنی زیاتری گـەنج و لاوەکـانی کـەس و کـار ئـەنفال و پێدانی دەرفەتی باشـتر تـاوەکو جۆرێـك بـێ لـە قـەرەبوو بـۆ رابـردووی پـڕ لـە زەحمەت و چەرمەن سەریی.. وە چەندین شتی تر لەم بارەیەوە.

دیارە بەشێك لەوانە کاری بۆ کراوە و هەنگاوی بۆ نراوە و بەلأم کەم و کورتن و لە ئاسـتی چـاوەڕوانی و تواناکانمانـدا نـین... لـە ڕابـردوودا کەتـەرخـەمی زۆر و

ستەمی گەورە بەرامبەر ئەم دۆزە و کەس وکاری ئەنفالکراوەکان کراوە... هیوادارم بە پرۆژەی باش و خزمەتی زۆر ئەو تاوانان و ستەمکارییانەمان بشۆینەوە.

3- تا چەند لە پرۆگرامەکانی خوێندندا گرنگی بە تاوانی ئەنفال دراوە، بۆ ئەوەی ئەنفال لەبیری نەوەکانی داهاتوودا بمێنێتەوە؟

ئەوەی هەیە شتێکی کەمە و پێویستە گرنگی زیاتری پێ بدرێ و بەبایەخەوە بۆی بڕوانرێ, چونکە پرۆگرامەکانی خوێندن رۆڵیان هەیە لە جیهان بینی و داهاتوو خوازی نەوەکانی گەلی کوردمان , ناکرێ ئەو بوارە پشتگوێ خرێ , هەر بۆیە پێشنیاری زیادکردن و دەوڵەمەندکردنی زیاتری ئەو بابەتانە دەکەین.

4- بۆچی تاوەکو ئێستا حکومەتی عێرق، قەرەبووی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ناکاتەوە، ئایا هێشتا حکومەتی عێراق بڕوای بەو کەیسە نیە، یا خۆمان کەمتەرخەمین؟

هۆکار زۆرن لەوانە: حکومەتی عێراقی بە تەواوی واتا ئەو حکومەتە نیە پێی بوترێ حکومەتی نیشتمانی , حکومەتی هاوڵاتی, بەڵکو حکومەتێکی تایفیە و دەوڵەتداری هەنوکە بە دەرفەت دەبینن بۆ قۆرخ کردنی دەسەڵات و تۆڵەکردنەوە لە نەیارە مێژوییەکانی و فراوانخوازی زیاتر تەنانەت لەسەر حسابی گەلێکی ستەمدیدەی وەك ئێمەش, لەلایەکی ترەوە وەها دەبینم ئەوان ئەو هەستەیان بۆ دروست بوە قەرەبوکردنەوە بە تۆمەتبارکردنی خۆیان ئەژمار دەکەن , لە کاتێکدا ئەوە داخوازییەکی رەوا و یاساییە , لە هەمان کاتدا

کوردیش وەك پێویست تاوەکو ئێستە کاری لەسەر ئەو مەلەفە نەکردوە و بەغدای نەهێناوەتە گیر و گاز, کاری پێویستمان بۆ نەکردوە, لێرەوە کەمتەرخەمی خۆمان بەدەر دەکەوێ, ئەم کەمتەرخەمییە لە زۆر روەوە بەدەردەکەوێ و زۆر دۆسییەی تری هاوشێوەش هەروا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە ...

پێش ئەوەی باس لە قەرەبوی ئەوانی تر بکەینەوە دەبێ باس لەوە بکەین کە ئێمە چەندە کەمتەرخەمی لە ئاست ئەو دۆسیەیەدا, ئەگەر لێرەدا نمونەی ئەو چەند کچە کوردە بهێنمەوە(لە شوێنێکی تریشدا باسم لێی کردوە) کە لە بەڵگە نامەیەکدا ئاماژە دراوە کە رەوانەی یانەکانی میسر کراون و ناوە ناوە لە راگەیاندنەوە دەوروژێنرێت و باس لەوە دەکرێت کە هەندێکیان تاوەکو ئێستەش زیندون... ئایا ئێمە چۆن هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بابەتێکی وەها هەستیاردا کردوە؟! ئایا دەبێ خەڵکی تر دۆسێکانمان بۆ بجوڵێنن تاوەکو ئێمەش قسەی لەسەر کەین؟!

وایێ دەچێ کورد و دەسەڵاتی کوردی کاتێك گرنگی بەبەشێك لە دۆزو کێشەو مەرگەساتەکانی خۆیان دەدەن کە ئەوانیتر باسی دەکەن و دەی وروژێنن، کاتێ باس و خواسی 18کچی ئەنفالکراوی گەرمیان لە بەرەنجامی پەخش کردنی درامایەکی عەرەبی میسریدا(ئێن بی سی دراما–نیران صدیقە) دەبێتە مایەی سەرنجی بەشێکی دیار لە کەناڵ و راگەیاندنە کوردییەکان و دەسەڵاتی کوردیش یاداشتێکی پێشکەش بە کۆنسولگەریی میسر لە هەولێر دەکا، ئەم بابەتە بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا کرا وەکو ئەوەی شتێکی نوێ بێ و راگەیاندنی کوردی باس و بابەتێکی زۆر نهێنی ئامێزی وروژاندبێ و دەسەڵاتی کوردیش زۆر پەرۆشی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و ئەو قوربانیانە بن ... بێ

ئاگا لەوەی یا خۆ بێ ئاگا کردن لەوەی ئەم بەڵگە نامەیە لەساڵی 1991ەوە لە بەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی کەرکوك دەستی بەسەردا گیراوە و لەچەندین کتێب و رۆژنامە و گۆڤاری کوردیدا بلأوکراوەتەوە و قسەی لەسەر کراوە، بەلأم ئەوەی پشتگوێی خستوە دەسەلأتی کەمتەرخەمی کوردە و گوێ پێ نەدانی جیدیانەی راگەیاندنی کوردی بوە ...

راستە قسە و باس کراوە لە راست و دروستی ئەو بەڵگە نامەیە و هەندێ بەساختە ناویان بردوە, هەر لە دادگای تاوانەکانی بەغداوە تا دەگاتە سەرۆك تاڵەبانی و چەندانی تر، بەلأم خۆ دەبوو دەسەلأتی کوردی خەمێکی جیدی راست و دروستی ئەو بابەتەی بخواردایە و نوێنەرەکانی لە قاهیرە لە بریتی خوێندن و خەمی خۆیان کەمێ بەدواداچونی ئەو دۆزەیان بکردایە یا ئەگەر کردویانە شتێکیان بۆ خەڵکی باس بکردایە لەرێی راگەیاندنەوە، یان راگەیاندنی کوردی ئەوەندە چالاك و بوێربوایە دەسەلأت دارانی کوردی ناچار بەو بەدواداچونە بکردایە نەك پاش نزیکەی چارەکە سەدەیەك وەك بابەتێك گەرم و گوڕ و نوێ بەخەڵکی جەرگ بڕاوو کارەساتباری کوردستانی بفرۆشێ و هەندێ گەمەی خۆیشی پێوە بکات ... یا ئەوەتانێ ئێمە گەلێکین و خۆمان ناتوانین لە مەرگەساتی خۆمان بگەین و پێویستیمان بەوەیە ئەوانی تر کارەساتەکانمان نمایش کەن بۆ ئەوەی تێ بگەین ئێمە بە چ بارودۆخێکی ناهەمواردا تێ پەڕیوین و چ چەرمەسەرییەکمان چەشتوە، یاخود ئێمە گوێ لە خۆمان ناگرین و باس و خواسی خۆمان بەلاوە سوکە ونوسینی رۆشنبیر و نوسەر و رۆژنامەکانی خۆمان لای خۆمان هیچ بەهایەکی نییە و بەردەوام چاومان لەوانیترە باسمان بکەن بۆ ئەوەی دەسەلأتی کەمتەرخەمی کوردی لەو پشتگوێ خستنەی وەخەبەر بێ و راگەیاندنی کوردیش بابەتێکی بۆ وروژاندن

دەست بکەوێ ... لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستە بەدواداچونی جدی و خەمخۆرانە بەردەوام بێ لە ڕێی نوێنەرانی کورد لە قاهیرە و سەفارەتی عێراقیەوە و ئەوە جگە لەوەی زۆرێك لەو قوتابیانی کورد لەوێ ئامادەی هاوکاریین و تیایاندایە خۆی کەس و کاری ئەنفالکراوەکانەوە و ئامادەیی بۆ کارێکی لەو جۆرە دەربڕیوە و چوارساڵ پێش ئێستە بابەتێکی گرنگی سەبارەت بەو 18 کچە نوسی بەڵام کەس ئامادە نەبوو بۆی بڵاو بکاتەوە ! ! !

دوای ماوەیەك بەدواداچون و بێ هیچ دەرەنجامێك ئەو بابەتە و ئەو کارانەشی بۆی کرا بێ سەرەنجام نقوم بونە , ئیتر نازانم دۆسییەکە داخرا و بێ ئەنجام بوو یان چی تر....؟!.

5- دۆسییەی بە جینۆسایدناساندنی کەیسی ئەنفال بەکۆێ گەیشتوە، لە ناوەندەجیهانیەکانادا؟

دەبێ دان سەرەتا دان بەوەدا بنێین لەسەرەتاوە زۆر کەمتەرخەم بوین لە ئاست ئەم کارەساتەدا، لە ئاست کەس و کار و بەجێ ماوەکانیاندا، لە ئاست ناسین و قسەکردن و توێژینەوە لەسەرکردن و ناساندنیدا، نەك هەر ئەوەندە بگرە زۆر بەخراپی کاری لەسەر دەکرا و شەڕی ئایدیۆلۆژی و ململانێی هێزە ناوخۆییەکانی پێ دەکرا ، بگرە هەندێ جار شەڕی ئیسلامیشی وەك ئایین پێ دەکرا و ناونانە مەبەست دارەکەی بەعس (کە بەئەنفال ناساندی) ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو، لە کاتێکدا دەبوو ئێمە وەکو خۆی بە جینۆساید بیناسین ، کە دواجار هەر ئەوەش لە خزمەتی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و دۆزەکەدا بوو ، کەچی هەندێ ئێمە سالآنێك سەرقاڵی ئەوە بوو ئیسلام ئەنفالی کردوین و ئەم لایەنەمان تۆخ دەکردەوە، بێ ئاگا لەوەی بەعس بە مەبەستەوە

ناوە ئیسلامییەکانی بۆ جەنگ و پەلامار و هێرشەکانی بەکار دەهێنا و کارە خزمەتگوزارییەکانیشی دەکردە ناوی خۆی و حیزب و رژێمەکەیەوە...

هەوڵی باش هەیە بەڵام لە ئاستی خواستی ئێمەدا نیە, هەر لە کۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد تا ئەو هەولانەی لە پەرلەمانەکانی ئەوروپادا دەدرێن تا هەوڵی دادگایی کردنی هەندێ لەو کەسایەتی و کۆمپانیایانەی عێراقیان پڕچەك کردبوو لەکاتی خۆیدا, ئەوەی من تێگەیشتووم ئەوەی پەرلەمانی سویدی (2012/12/5) ئەنجام درا، ناتوانرێت پێی بوترێت بە جینۆساید ناساندن و لەم بارەیەوە گوێبیستی چەند لێ دوانێکی دژ بەیەك و جۆراوجۆر بوین، بەڵام ئەوەی پەرلەمانی بەریتانیا لە دانیشتنی رۆژی 28-2-2013 دا تاوانەکانی کۆمەڵکوژی دژی گەلی کوردستان بە تاوانی جینۆساید ناساند، ئەوە بوو سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش سوپاسی پەرلەمانی بەریتانیان کرد و بەرەسمیش داوا لە حکومەتی بەریتانیا کرا کە تاوانەکانی دژ بەگەلی کوردستان بە تاوانی جینۆساید بناسێنێ، ئەمەش دوای بەجینۆساید ناساندنی لەلایەن پەرلەمانەوە، دیارە ئەم هەنگاوە و هەنگاوە هاوشێوەکانی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە پشتیوانی لێ بکەین و زیاتر کاریان لەسەر بکەین و زۆری ترمان ماوە و پێویستە بەردەوام بین .

6-چی بکرێت بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال بە جینۆساید بناسرێت لە جیهانداو لە نەتەوەیەکگرتوەکان دانی پێدا بنرێت؟

من چەندین جاری تر نوسیومە و وتومە ئەوە پێویستی بە کاری جۆراوجۆر و فرە رەهەند و هەمەلایەنە هەیە, هەر لە بە دیکۆمێنت کردنەوە بیگرە تا گرنگی دان بە کۆنگرە و کۆنفرانسی تایبەتی نێودەوڵەتی, لە هەوڵی تاکەکەسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان و دام و دەزگاکانی

لێکۆڵینەوە بیگرە تا حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق, هەر یەکەی دەتـوانن پشکداری خۆیان هەبێت لەم رووەوە, دیارە بەرپرسیارێتی حکومەت لەسـەرووی هەموپانەوە و پێویستە نەخشەی هەبێ بۆ ئەم کارە گـەورە و گرنگـە و لـە روی مادیشەوە پشتیوانی پێویست پێشکەش بکات.

زۆر شـت هەیـە دەبـێ بکـرێ بـەڵام نـەکراوە, بـۆ تـاوەکو ئێسـتا شـاکارێکی گەورەمان ئەنجام نەداوە تاوەکو لەرێگەیەوە کورد و مەرگەساتەکانی بەجیهانی دەرەوە بناسـێنین, نـەدەکرا کاربکرایـە بـۆ دەرهێنـانی فیلمێکـی جیهـانی شایسـتەی هۆلیـۆد و دۆبـلاژی زمانـە زینـدووەکانی جیهـان بکرایـە و لـەوێوە هەست و سۆزی زیاترمـان بەدەست بهێنایـە؟! دیـارە زۆر شـتی تـریش هەیـە دەکـرێ بکـرێن و سـودێکی زۆری بـبێ بـۆ ناسـاندنی زیـاتری ئـەم دۆسـێیە و پەرەپێدانی ئەو کارانە بۆ ئـەوەی دواتـر بیگەیەنینـە ئاسـتی دان پێـدانانی نێـو دەوڵەتی...

6- تا چەند لەگەڵ ئەو یادکردنەوەیەی ئێستای ئەنفالدایت، کـە تـەنها لـە 4/14 دا کەس و کارەکانیان بخەینە شیوەن و گریانەوە؟

ئێمە دەبێت وەك ستراتیژ کار لەسەر ئەم دۆسیە گەورەیە بکەین نـەك تاکتیك و دڵرازی کردنی کاتی و گریاندن و شیوەن کردن, ئەنفال بـایی ئـەوە زیـاترە ئێمـە دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی لەسـەر دابمـەزرێنین, هـەر گەلێك رووبەڕویی جینۆسایدبوەوە ئەم مافـەی پـێ رەوا دەبینـرێ ... بۆیـە ئەگەرچـی ئـەم جـۆرە یادکردنەوانـە بـێ سـود نییـە بـەڵام زۆر تەقلیدییە و پێویستە بەشێکی بچوك بێت ... لە لایەکی ترەوە دەبێت کارکردن بۆ دۆسیەی ئەنفال پلانێکی دیاری کـراوی هـەبێ و وەرزێکـی تایبەتی نەبێ و تەنها لەو یاکردنانـەدا بیرمـان نەکەوێتـەوە ... بـەڵکو

بەردەوام خاوەنی پرۆژە بین بۆ بردنە پێشی و کار لەسـەر کردنـی ...
بـا لـەیادی ئەنفالـدا ( سـەرەڕای خـەمی قـەرەبوی مـادی و مەعنـەوی کەسوکاری ئەنفالکراوان) ململانێـی ناتەندروسـتی حیزبـی وەلا نـێین و لەخـەمی ئـەوەدابین ئەمـە پرسـی نەتـەوە یـەك و بـرین و زامـی یـەك جەسـتەیە, بـا خزمـەتی ئـاوەدان کردنـەوەی لادێیـەکان و بەرهـەمی خۆمـاڵی بخـۆین, بـاخۆخۆیی و گەنـدەڵی لـەگۆڕنێین, بـا بـیر لـە نیشتمانێکی پڕ لەماف و ئازادی بکەینەوە و تاك و کۆمەڵگەیەکی نویَ و هاوچـەرخ و تەندروسـت بنیـات نـێین. ئەمانـە و چـەندینی تـر یادکردنـەوەی راسـتەقینەیە و چـەپکە گـوڵی رێـز و وەفایـە بـۆ قوربانییان...